# ئاراس

## پەڕینەوەیە بەرەو سەرفرازی



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

# ئاراس

## پەڕینەوەیە بەرەو سەرفرازی

ڕۆشنبیران کارەکانی دەزگای ئاراس هەڵدەسەنگێنن



ناوی کتێب: **ئاراس پەڕینەوەیە بەرەو سەرفرازی**
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ١٣٩
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
بەرگ: شکار عەفان نەقشبەندی
خۆشنووسیی بەرگ: محەمەد زادە
پیت لێدان: ئەمیر داود + ڕەهێل ڕەشید + نادیە عەزیز
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاوڕەحمان مەحمود
چاپی یەکەم – چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر– ٢٠٠٢
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (١٣٩)ی ساڵی ٢٠٠٢ی دراوەتێ

بەناوی خوای مەزن و دڵۆڤان

بۆ: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس–ی تێکۆشەر

سڵاو و ڕێز

بەسوپاسەوە هەر (٩) کتێبەکەی دەزگاکەتانم پێ گەیشت کە بەدیاری ناردبووتان. بەڕاستی لە ڕووی ناوەڕۆک و شێوەوە کتێبی زۆر بەنرخن، بۆیە پڕ بەدڵ دەستخۆشیتان لێ دەکەم و ئومێدەوارم هەر وەک بەڵێنتان داوە لە ماوەی ساڵی ٢٠٠١دا هەولێر لە بواری بڵاوکردنەوەی کتێب و پشتیوانی لە کولتووری ڕەسەنی کوردیدا پلەی یەکەم وەدەست بێنێ. هەر شاد و سەرفرازبن.

براتان

مسعود بارزانی

٢٠٠١/١/١٧

***

بۆ: بەڕێز دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

سڵاو و ڕێز

بەخۆشحاڵییەوە هەر (٦) کتێبە چاپکراوەکانی ئەم دواییەتانم پێ گەیشت.

زۆریش خۆشحاڵ بووم بەچاپکردنی هەردوو بەرگی دیوانی (حەسیب قەرەداغی) و لەم بارەیەوە، دەستخۆشیتان لێ دەکەم و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم لە پێناو زیاتر خزمەتکردنی کەلەپووری کوردیان. لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیم بۆ هەموو لایەکتان.

براتان


مسعود بارزانی

٢٠٠٢/٣/٥

***







پارتی دیموکراتی کوردستان
سەرۆک

الحزب الديمقراطي الكردستاني
الرئيس

بەڕێز کاک بەدران

سڵاوێکی گەرم.

دیوانی پیرەمێرد کە تازە لە دەزگای ئاراس چاپ کراوە و بەدیاری بۆمتان ناردبوو بەدەستم گەیشت، زۆر سوپاستان دەکەم بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە چاک و پیرۆزە دەستتان خۆش و هەر بژین.

مسعود بارزانی

٢٠٠١/٩/١٠

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

بۆ: برای بەڕێز کاکە بەدران ئەحمەد حەبیب لە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

سڵاوێکی گەرم

سوپاستان دەکەین بۆ ئەم دیارییە بەنرخانەی کە بۆتان ناردووین، هیواداریـن ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو پێشەوە بچن، بەتایبەتی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس بەلێپرسراویەتی و چاودێری کاک بەدران ئەحمەد حەبیب، دووبارە سوپاس و سەرکەوتووبن. هەر بژین...

براتان: عەلی عەبدوڵڵا

٢٠٠١/٦/١٨

***

بۆ: هەڤاڵانی بەڕێز و خۆشەویستم لە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

پاش سڵاوی گەرمی برایانە

بەڕێز و سوپاسەوە دیارییە بەنرخەکانتان بەدەستمان گەیشت. دەستخۆشیتان لێ دەکەین و ئومێد دەکەین دیراسەتێکی مەوزوعی مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بکرێت بەزوویی بۆ ئەوەی پەندیان لێ وەربگرین و ئەزموونە هەڵکەوتووەکەمان بەرەو پێشتر بەرین. هەربژین.


براتان: عەلی عەبدوڵڵا

٢٠٠٢/٤/١٥

***






دەزگای ئاراسی بەڕێز

سڵاوتان لێ بێت

کاکە بەدران داوای کرد شتێک بنووسم لەسەر ئاراس و هەرچی ئەوە بوو کە دەبێ بە دەستخەتی خۆم بنووسم.
هەرچەند هەوڵم دا پێ بڵێم کە دەستخەتم ناخۆشە فایدەی نەبوو ناچار نووسیم.
میللەتی ئێمە لە مێژووی خۆیدا دووچاری چەندان شێوەی سەرکوت و سڕینەوەی کولتور بۆتەوە هەروەها ڕووبەرووی هەوڵی ڕوخاندنی ناسنامەی نەتەوەیی بۆتەوە
ناسنامەی سەرەتایی بۆ هەر نەتەوەیێک زمان و کولتورە. بیر و هەستی نەتەوایەتی هەر لەمانەوە دەست پێ دەکات.
دەزگای ئاراس لەم تەمەنە کورتەی خۆیدا توانیویەتی خزمەتێکی باش بکات و بە هاوکاری نووسەران و ڕووناکبیرانی کورددا فەرمانێکی گەورە لە بەرهەمی کوردی هەڵبژاردووە. ئەم کارە جێی دەستخۆشییە.
لە پێناو پەروەردەکردنەوەی ئەم مێژووە ڕووناکە بەهەشتی و تارێکی. هیوادارم هەردەم سەرفەراز و سەرکەوتوو بن

نێچیرڤان ئیدریس بارزانی

٢٠٠٢/٥/١٩

بۆ: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

سڵاوێکی گەرم

جێگەی خۆیەتی سوپاس و پشتگیری خۆمانتان پێ ڕاگەیەنین لە خزمەتکردنتان لە کاروانی چاپ و بڵاوکراوەکانتان، کە بەشێکی گەورەی لە کتێبخانەی کوردی گرتووە، ئومێدەوارین ئەم کاروانە ڕۆشنبیرییەتان زیاتر پێشکەوتوو و فراوانتر بێت لە پێناو خزمەتکردن بەبزاڤی کوردی، کە لە ماوەیەکی کورتدا خزمەتێکی پیرۆز و بەرچاوتان کردووە. جارێکی تریش سوپاستان دەکەین و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین.

جەوهەر نامق سالم

سکرتێری مەکتەبی سیاسی

٢٠٠١/٢/٦

***

برایانی بەڕێز لە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

سڵاو و ڕێز

پڕ بەدڵ سوپاس و دەستخۆشیتان لێ دەکەم بۆ ئەو کۆمەڵە کتێبە بەنرخانەی کە لەم دواییەدا بەچاپتان گەیاندبوو و بەدیاری ناردبووتان، بەتایبەتی دیوانە بەنرخەکەی مام هەژار کە بەڕاستی لە بەرگێکی قەشەنگ و جوان و ڕێکوپێک دەرچووە. دووبارە دەستخۆشیتان لێ دەکەم و هەر سەرفراز و سەرکەوتوو بن.

براتان: سیداد بارزانی

٢٠٠١/١/٢٨

***

بۆ/ هەڤاڵانی بەڕێز و خۆشەویستم لە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

سڵاو و ڕێز

بەسوپاسێکی زۆرەوە ئەو چوار بەرهەمە تازەیەی دەزگا بەڕێز و خزمەتگوزارەکەتانم بەدەست گەیشت کە بۆتان ناردبووم. جارێکی تر وێڕای سوپاس و پێزانین ئومێدی بەردەوامی و سەرکەوتنتان بۆ دەکەم، ئەمڕۆ لەسەردەم و هەلومەرجی دیموکراتییەت و ئازادی کوردستانی فیدرالدا (ئاراس) سەرچاوەیێکی گرنگی بڵاوکردنەوە و دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی و مێژووی گەلەکەمانە و بەرهەمی سیاسی و





ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییە کە بەجوانترین لاپەڕە و بەرگ و دەرهێنانی هونەری پێشکەش بە خوێندەواری و ڕۆشنبیری و نیشتمانپەروەر و دڵسۆزانی کورد و کوردستان دەکرێت... خەرمانی چاپ و بڵاوکردنەوەتان هەر زۆر و بەردەوام و پڕ بەرەکەت. لەگەڵ ڕێزم...

براتان: مسعود سالەیی

٢٠٠٢/٤/٨

**پەیڤەک بۆ ئاراس:** لە دوای سەرهەڵدانە مەزن و مێژووییەکەی کوردستانی خۆشەویستمان باری ڕۆشنبیری بەشێوەیەکی گشتی و بەرچاو گەشەی کرد. ڕۆشنبیرانی کوردستانی لەهەر پلەیەکدا بن دەستیان کرد بەبڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی خۆیان، لە وتار و نامیلکە و کتێب، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا پێداویستییەکی لە مێژینەی گەل و وڵاتەکەمان بوو، بەڵام یان ڕێگای لێ گیرابوو یاخود دەویسترا بەپێچەوانە بەڵکو دژی ئارمانجەکانی ئەو پێداویستییە ئاڕاستە بکرێ و، بەدیدی من ڕێگە لێ گرتن باشتر بووە.

دامەزراندنی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس خۆی لە خۆیدا وەرچەرخانێکی پۆزەتیڤانەبوو لە بواری بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردستاندا کە بەدەیان بەرهەمی نووسەرانی تازە و کۆنی بەچاپ گەیاند و بەدەیان نامیلکە و کتێبی تر کە هەندێکیان یان نەمابوون یانیش بەدەگمەن بەدەست دەکەوتن دووبارە چاپی کردنەوە و، بەفراوانی کەوتنە کتێبخانەکان و بەردەستی خەڵکی. ناکرێ مرۆڤ سوپاسگوزارتان نەبێ بۆ ئەم کارە پیرۆز و گرنگەی کە دەزگای ئاراس بەئەنجامی گەیاند نەخاسمە کتێبەکان پێوەندییان نە بەکەسانی دیاریکراو، نە بەزمانێکی دیاریکراو و، نە لەسەر بابەتی دیاریکراون، ئەمە مۆرکی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەری بەدەزگاوە دەچەسپێنی.

ڕێزێکی تایبەتیم بۆ سەرۆکی حکوومەتی هەرێم جەنابی کاک نێچیرڤان بارزانی، بۆ بەواقیعی کردنی ئەو خەونەی دەیان نووسەر و هەزاران خوێندەوار و ڕۆشنبیر.

سوپاسی خاوەنی ئیمتیاز کاک شەوکەت شێخ یەزدین کە خۆی لەم بوارەدا هەم خاوەن بەرهەم و هەم پشتیوان بووە و، دەوری کاک بەدران ئەحمەد لە ڕووی نەک تەنفیزی بەڵکو بەستنی پێوەندییەکی بەرچاو لە نێوان نووسەران و خوێنەران لە لایەک و، لە لایەکی ترەوە نێوان دەزگای ئاراس و نووسەران و ڕۆشنبیران، کە ئەمە مایەی سەرکەوتنی ئەم دەزگایە بووە لەم ٤٢ مانگەی ڕابردووی تەمەنی.

پەیڤەکەم ئەوەیە: **گەلێک وڵاتێک خاوەن ئەم سەروەتە ڕۆشنبیرییە و، ئەم سەروەتە ڕۆشنبیرەی خاوەنی ئەم خەڵکەی بەم شێوەیە مشووری بخوات، نابێ ڕەسەن نەبێ و، پیرۆزی و سەرکەوتنی دەبێ بەخەباتی ڕۆڵە دڵسۆزەکانیەوە مسۆگەر بێ.** بەردەوام و گەشەتر و سەرکەوتووتر بێ ئاراس.

فاضل میرانی

***





وەرگرتنی هەڵسەنگاندن و ڕاوبۆچوونی خوێنەران لەسەر دەزگاکەتان کارێکی زۆر باشە و دەستخۆشیتان لێ دەکەم. بەو هیوایەی خۆشتان لە ژێر ڕۆشنایی پێشنیار و تێبینییەکانی خوێنەران و شارەزایانی بواری چاپی کتێب، بتوانن لە قاوغێکی زانستیدا هەڵسەنگاندنی کارەکانی ڕابردووتان بکەن، تاکو تەیار و ئامادەتر بتوانن بەرەو داهاتوو هەنگاوبنێن و بەرهەمی پوخت و بەهێزتر پێشکەش بەکتێبخانەی کوردی بکەن. وێڕای دەستخۆشی و ئومێدی سەرکەوتنم بۆتان وا چەند پێشنیارێک بۆ زیاتر پێشخستنی بواری چاپ لە کوردستان دەخەمەڕوو بەو هیوایەی سوودبەخش بێت.

١- کتێبە چاپکراوەکان تەنیا کوردی و عەرەبی بووە، پێشنیار دەکەم دەزگاکەتان سروشتێکی کوردستانی وەرگرێت و با چەتری خۆی فراوانتر بکات و هەوڵ بدرێت کتێب بواری مێژوو و کەلتووری ئەدەبی کوردی بەزمانەکانی تریش بڵاو بکاتەوە. تا هەم ئەو کوردانەی لە شارەزاییان لە زمانی کوردی نییە و هەم نەتەوە دراوسێیەکانیش بەئەدەب و کەلتوور و مێژووی کورد ئاشنا ببن.

٢- هەوڵ بدرێت بەپلەی یەکەم گرینگی بەچاپکردن و ساغکردنەوەی دەستنووسە کۆنەکان بدرێت بۆ ئەوەی هەرچی زووترە لە فەوتان و لەناوچوون ڕزگاریان ببێت.

٣- کتێبەکانی لە نۆبەتی چاپدا، لای ئێوە بەچەشنێک پۆلێن بکرێن کە بەپێی پێویستی ئێستای کوردستان بێت. بۆ نموونە لە زۆر کات و سات دەرفەتی لە چاپدانی کتێبی ئەدەبی هەبووە، بەڵام بوار بەکتێبی مێژووی و سیاسی و هزریی کورد نەدراوە، بۆیە پێویستە گرینگی بەو بابەتانە بدرێت کە کتێبخانەی کوردی تیایدا هەژارە.

٤- پێویستە پەرە بە بواری وەرگێڕان بدرێت و کاری وەرگێڕان بەو کەسانە بسپێردرێت کە شارەزاییەکی باشیان لەو زمانە هەبێت کە کتێبە مەبەستەکانی پێ نووسراوە. چونکە لە بواری وەرگێڕاندا، شارەزایی وەرگێڕ لە زمانی کتێبەکە یەکەم فاکتەری سەرکەوتنی کارەکە و گەیاندنی مەبەستەکەیە.

٥- لە ڕووی دەرهێنانی هونەرییەوە چ لە بەرگ و چ لە ناوەرۆک، گرینگی زیاتری پێ بدرێت و بەرگەکان تەنیا تێکەڵاوکردنی ڕەنگەکان نەبێت بەڵکو بەشێوەیەکی سادە دەربڕی بابەتی کتێبەکە بێت. بۆ ئەم مەبەستە دەکرێ سوود لە ئەزموونی دەزگا ناودارەکانی بواری چاپ و بڵاوکردنەوە وەربگیرێت، چونکە جوانیی ڕوخساری کتێب خۆی هۆکارێکی گرینگە بۆ ڕاکێشانی خوێنەر بۆ لای خۆی.

٦- هەوڵ بدەن بەبەستنی کۆڕ و سمینار و تەنانەت کۆنفراسی زانستی پلانی وا

دابنێین کە دەزگاکەتان ڕۆڵی هەبێت لە پەرەسەندن و بڵاوکردنەوەی (فەرهەنگی خوێندنەوە) لەناو جەماوەر. چونکە بێگومان گەر فەرهەنگی کتێب خوێندنەوە لەناو جەماوەر پەرەی سەند، ئاستی وشیاری کۆمەڵایەتی و سیاسی و نەتەوەیی لەناو گەلەکەماندا بەرز دەبێتەوە. لەگەڵ ڕێزماندا...

براتان: مسرور بارزانی

***





پرۆگرامی کارکردنی دەزگای ئاراس:

## ئاراس

## هەڵگری پەیامی پیرۆزی ڕۆشنبیریی نەتەوایەتی و ڕەسەنی کوردییە

شەوکەت شێخ یەزدین
وەزیری کاروباری ئەنجوومەنی وەزیران

یەکێک لە ئەرکە بەرچاو و ڕەچاوکراوەکانی کابینەی چوارەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بریتی بووە لە بایەخ پێدانی بزووتنەوەی ڕۆشنبیری و هونەری کوردی. یەکێک لە سیما دیارەکانی ماوەی دوو ساڵی ڕابردووش ئەو جموجۆڵە فرەوانەی ڕۆشنبیری و هونەری و، لێشاوی چاپەمەنییە بووە کە هەرێمی کوردستانی گرتووەتەوە. بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان چ لە ڕاپۆرتەکانی حکوومەت و چ لە بۆنە جۆراوجۆرەکاندا هەمیشە دووپاتی سووربوونی خۆی لە پشتیوانیی بزووتنەوەی ڕۆشنبیریی کوردی کردووەتەوە. بەڕێزیان لە پاڵپشتی کردنی ئەم بزووتنەوەیەدا جێ پەنجەیەکی گەورەیان هەبووە و یەکێک بوونە لە خەمخۆر و دڵسۆزەکانی زمان و ڕۆشنبیریی کوردی.

دەزگای ئاراسیش یەکێک بووە لە بایەخەکانی بەڕێزیان بەرۆشنبیریی کوردی، ئەم دەزگایە، سەرەڕای تەمەنی کورتی، لەم ماوەیەدا یەکێک بووە لە کۆڵەگە گرینگەکانی ئەو بزووتنەوە ڕۆشنبیرییە و توانیویەتی پێناسەیەکی تایبەت بۆ خۆی دروست بکات و، شوێنێکی شیاو لە دڵی جەماوەری ئەدەب و ڕۆشنبیری دۆستی کوردستان بگرێت. هیواداریشین زیاتر بەردەوام بێ لە هەڵگرتنی ئەو ئەرکە پیرۆزە و، بتوانێ پەیامی خزمەت بەکولتووری ڕەسەنی کوردی بەشێوەیەکی فرەوانتر بگەیێنێ.

یەکێک لە ڕووەکانی چەوسانەوە و بندەستیی میللەتی کورد لە سەدەی ڕابردوودا، چەوساندنەوەی ڕۆشنبیریی و زمان و کەلەپووری نەتەوایەتی بووە. لەبەرئەوەی کولتوور و زمان پێناسەی یەکەمی بوونی هەر نەتەوەیەکە، دەیانویست ئەم پێناسەیە لە کورد بستێننەوە یان لێی بشێوێنن. ئەمڕۆ کە دەبینن دەزگای ئاراس شان بەشانی چەندان دەزگا و دامەزراوەی تر لە کوردستانی سەرفرازدا ڕێگەی ئەم خزمەتەی گرتووەتە پێش و، هەموو مانگ و هەموو هەفتەیەک تۆزی لەبیرچوونەوە لە کۆمەڵێک دەستنووسی ناوازە و بەنرخی نووسەران و ئەدیبان و وەرگێڕانی کورد دەتەکێنێ و لە چاپێکی نایاب

و ڕازاوەدا دەیانخاتە بەردەستی خوێنەری تینووی کورد، ئۆخەی دەکەوێتە دڵ و دەروونمان و هەست بە شانازی و سەرکەوتنێکی تازە دەکەین.

پەیامی یەکەمی ئەم دەزگایە، وەک لە سەرەتاوە ڕامان گەیاندووە، زیندووکردنەوە و بووژاندنەوەی ڕۆشنبیریی نەتەوایەتی و کەلەپووری ڕەسەنی کوردەوارییە. ئەرکی ئاراس بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی هاوسەردەم و خزمەتکردنی زمان و هونەر و ئەدەبیاتی کوردییە. ئەو بەرهەمانەش کە هەتا ئەمڕۆ ئەم دەزگایە پێشکێشی کردوون، ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ کەمیی ماوەکە و گیروگرفتی چاپ و کەمیی کەرەستە، هەست دەکەین هەنگاوێکی گەورە و کەڵەمبازێکە لە چاپەمەنیی کوردیدا.

لێرەدا، زۆر بەپێویستی نازانم پەسنی ئەو کارانە بدەم کە تا ئەمڕۆ بەئەنجام گەیەنراون. خوێنەران و ڕۆشنبیرانی کورد زیاتر سەرپشکن لەم جۆرە هەڵسەنگاندنانە. بەڵام دەمەوێ بەکورتی ئاماژە بەپەیامی داهاتووی ئەم دەزگایە بکەم:

(١) زمانی کوردی، وەک لەپێشەوە ئاماژەم بۆ کرد پێناسەی یەکەمی بوونی نەتەوایەتیی کوردە. دەبێ دەزگای ئاراس لە چاپەمەنییەکانی خۆیدا سووربێ لەسەر بەرەوپێش بردن و پەرەپێدانی زمانی کوردی و، پاراستنی لە شێوان. دەبێ ئەم دەزگایە هەنگاوی باش بنێ لەپێناو یەکخستنی ڕێنووس و پاراویی زمان لە بەرهەمەکانیدا.

(٢) زیندووکردنەوە و بووژاندنەوەی سەرچاوە کۆن و ڕەسەنەکانی ئەدەبیاتی کوردی و بەچاپ گەیاندنیان لە بەرگێکی نایاب و سەرنج ڕاکێشدا. دەبێ ئاراس کەناڵی زیندووی پێوەندی بێ لە نێوان وەچەی کۆنی ئەدیبان و نەوەی نوێی ئەم سەردەمە. ئەرکێکی پیرۆزی سەرشانی بزووتنەوەی ڕۆشنبیریی ئێستای کوردستان ئەوەیە کە بناخەی خۆی لەسەر زەمینەی پتەوی ئەدەبیات و کولتووری ڕەسەنی باب و باپیران دابڕێژێ. ئەدەبیاتی کۆنی ئێمە (وەک بەرهەمەکانی: خانی و نالی و حاجی و جزیری و وەفایی و مەحوی و گۆران و قوبادی و پیرەمێرد و چەندانی تر) ئەدەبیاتێکی نەمرە و تا کورد مابێ ئەویش دەژی.

(٣) بایەخدان بەچاپکردن و بڵاوکردنەوەی مێژووی کۆن و نوێی گەل و وڵاتەکەمان. ناحەزان بەردەوام ویستوویانە لاوی کورد ئاگای لە مێژووی وڵات و نەتەوەی خۆی نەبێ. ئەمڕۆ دەرفەتێکی زێڕینە کە نووسەران و مێژوونووسان، ئەم مێژووە لە شێوازێکی هاوسەردەم و زمانێکی هاوسەردەمدا بنووسنەوە و بەچاپی بگەیەنن. مێژووی ئێمە پڕە لە بەرخودان و شانازی و خەبات، ئێمە دەتوانین لە نێوان





گەلاندا شانازییەکی گەورە بەڕابردووی خۆمانەوە بکەین ئەگەر بێو ئەم مێژوو و ڕابردووەمان نووسرابێتەوە و بەچاپ گەیەنرابێ و لەبەر دەستدابێ.

(٤) بایەخدان بەچاپکردنی فەرهەنگ (قاموس)ی زمانی کوردی. جا چ کوردی بە کوردی بێ یان زمانی کوردی لەگەڵ زمانانی تردا. هەرچەندە ئاراس هەتا ئەمڕۆ چەند ئەرکێکی گرینگ و پیرۆزی لەم بوارەدا بەجێ گەیاندووە وەک فەرهەنگی کوردستان و فەرهەنگی شارەزوور بەڵام ئەم ئەرکە زۆری بەبەرەوە هەیە و دەبێ لەم بوارەدا ئاراس پێشڕەو و سەرگەلەبێ.

(٥) بایەخدان بەنووسینەوە و چاپکردنی مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان. ئەوەی ئەمڕۆ لە سایەیدا دەژین برێتییە لە بەرهەمی بزووتنەوەی کورد بەڕێبەرایەتیی باوکی مەزنی نەتەوەی کورد (بارزانی نەمر). هیچ لایەنێک لە مێژوو و کولتووری کوردی هێندەی ئەم لایەنە دووچاری هەڵمەتی شێواندن و ناوزڕاندن نەبووە. نەیاران و ناحەزان زۆر بێ ویژدانانە قەڵەمیان لەم بوارەدا بەکار هێناوە. ئەمڕۆ کاتی ئەوەیە ئەم مێژووە بەڕاستیی خۆی و هەموو شانازییەکانییەوە بکەوێتە بەردەستی نەوەی نوێی کوردستان.

(٦) بایەخدان بە ئەدەبیات و ڕۆشنبیری منداڵان کە دەتوانم بڵێم کتێبخانەی منداڵانی کورد زۆر هەژار و دەستکورتە. ئاراس چەند هەنگاوێکی لەم بوارەدا هەڵێناوە و هیوادارین هەنگاوە داهاتووەکان فرەوانتر و زۆرتر بن.

(٧) بایەخدان بەڕۆشنبیریی هاوسەردەم و هونەر و ئەدەب و مێژووی گەلان. ئەمەش لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی بەرهەمی وەرگێڕدراو و نووسراو. ڕۆشنبیری هیچ گەلێک ناتوانێ بەتەنیا و دوورە پەرێز لە ڕۆشنبیری و کولتوور و ئەزموونی گەلانی تر پێش بکەوێ. بەتایبەتی کە ئەمڕۆ مرۆڤایەتی لە سەردەمی شۆڕشێکی زانیاری و ڕۆشنبیریدا دەژی. دەبێ ڕۆشنبیری کوردیش بەشێکی زیندوو بێ لە ڕۆشنبیریی مرۆڤایەتی و، لەم کاروانە بەرەو پێش چووە دانەبڕێ.

(٨) دەزگای ئاراس، هەتا ئێستاکە دەرگەی واڵا بووە بۆ وەرگرتنی دەستنووسی جۆراوجۆری نووسەران و، چاپکردنی بەرهەمی ڕەسەن و بەپێز کە خزمەتی زمان و ڕۆشنبیریی کوردی و بزاڤی کوردایەتی بکات، داوای لێ دەکرێ هێشتا زیاتر بەتەنگ بەرهەمی نووسەرانەوە بێ و، ئەم بەرهەمانە لە تاریکی دەربهێنێ و بە فرەوانی بڵاویان بکاتەوە. داواش لە نووسەرانی بەڕێزی کوردستان دەکەین لە هەر کوێیەک بن، چ لە ناوەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق چ لە دەرەوەدا، درێغی

نەکەن لە نزیکبوونەوە لەم دەزگایە. دەزگای ئاراس لە پێناوی بەچاپ گەیاندن و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی ئەوان دامەزراوە و، هیچ کۆسپ و تەگەرەیەک نییە لەپێش پێوەندییەکانی دەزگای ئاراس بەنووسەرانەوە. ئەوەی کە ئامانج و مەبەستی هەموو لایەکمانە خزمەتکردنە. لەم دەرفەتەدا سوپاسی هەموو ئەو ڕۆشنبیر و نووسەرە بەڕێزانە دەکەین کە هاوکارییان کردووین و دەزگای ئاراسیان بەماڵی خۆیان زانیوە.

(٩) دەزگای ئاراس وێڕای ئەوەی کە بەرهەمەکانی بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و بەدانەی زۆر و لە بەرگێکی شیاودا بڵاو دەکاتەوە، هەروەها چاپکراوەکانیشی دەخاتە سەر تۆڕی ئینتەرنێت بۆ ئەوەی ئەم بەرهەمانە بگەن بە هەموو شوێنێک. ئەمەش پێشکەوتنێکی تازەیە لە بواری چاپەمەنیی کوردیدا و مایەی شانازییە کە کولتووری کوردی سوود لە پێشکەوتنی تەکنیکی و شۆڕشی گەیاندن وەردەگرێ. هیوادارین لە داهاتوویێکی نزیکدا (کتێبخانە)یەکی سەربەخۆ و دەوڵەمەندی زمان و ئەدەبیات و ڕۆشنبیری و هونەری کوردی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت دروست بکەین کە هەموو کوردێک و ماڵە کوردێک لەهەر شوێنێکی دنیا بتوانن سوودی لێ وەربگرن.

ئەمانە ئاماژەکردنێکی کورت بوون بە ئەرکە دیار و بەرچاوەکانی دەزگای ئاراس. ئەم ئەرکەش بەشێکە لە پەیامی پیرۆزی کوردایەتی و ڕێبازی بارزانیی نەمر و پارتی لە بواری ڕۆشنبیریی کوردی و بیری کوردایەتیدا. ئەمڕۆ لە سایەی حکوومەت و پەرلەمانی کوردستان و لە سایەی ڕێبەرایەتی و ڕاسپاردە و ڕێنوێنییە وردەکانی سەرۆکی هێژا مسعود بارزانی، کوردستان لە سەردەمی سەرهەڵدانێکی بزووتنەوەی ڕۆشنبیریدا دەژی.

ئەم بزاڤە ڕۆشنبیرییە دەستکەوتێکە شایەنی هەموو شانازی و دەستخۆشییەکە و، بەشێکە لە بەرهەمی نیو سەدەی خەباتی بارزانی نەمر و شۆڕشی ئەیلوول و قوربانیدانی گەلەکەمان. مایەی خۆشحاڵییە بۆمان کە بەشێک لە خەونەکانی بارزانیی نەمر و کاک ئیدریسی هەمیشە زیندوو و شەهیدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیمان دێنە دی و، ڕۆشنبیری و زمان و ئەدەبیاتمان ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو بووژانەوە دەچن.

لێرەدا نابێ هاوکاریی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بەتایبەتیش وەزیری پەروەردە برای بەڕێز کاک عەبدولعەزیز تەیب لەبیر بکەین کە بەڕاستی سەرەڕای هەموو سەرقاڵییەکی چاپخانەکەیان بەچاپکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن، دەرگای





چاپخانەکەیان بۆ چاپکردنی بەرهەمەکانی ئاراس واڵاکردووە. ئەم هاوکارییە شایەنی ڕێز و ستایشە. هەروەها سوپاسی بەڕێوەبەر و کارمەند و کرێکارە بەڕێزەکانی چاپخانەی پەروەردە دەکەین.

لە کۆتاییدا، ئەوپەڕی دەستخۆشی لە یەکەیەکەی کارمەندانی دەزگای ئاراس دەکەم کە بەشەونخوونی و هەوڵی دڵسۆزانەیان توانیویانە خەرمانێکی گەورە لە کتێب و چاپکراوی ڕەسەنی کوردی هەڵبدەنەوە. بەتایبەتیش دەستخۆشی لە بەڕێوەبەری دەزگا برای خۆشەویست کاک بەدران ئەحمەد دەکەم کە شەو و ڕۆژ بێ وچان لە خەمی سەرکەوتنی ئەم ئەرکە پیرۆزەدایە و هیوادارم هەموویان سەرکەوتوو و سەرفراز بن لە پێناوی کورد و کوردستاندا.

٢٠٠١/١٢/٢٢

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس لەو ماوە کورتەی تەمەنی پڕ لە سەروەری خۆیدا لەتەک دەزگاکانی تر و هەوڵە دڵسۆزەکانی تری هاوچەشن تەکانی گەورەبوو بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییییەی لە بواری فەرهەنگ و کولتووری ڕەسەنی کوردەواری بینی، کە ئەمەش پێنگاڤێگی پیرۆز و پڕ بەخشش بوو ئومێدی گەورەتریشی لێ دەکرێ، چونکە پاراستنی کولتوور و زمان و ئەدەبیاتی کوردی ئەرکێکی نیشتیمانیی و نەتەوەیی پیرۆزە و لە ئەستۆی هەمووماندایە و بەتەنیا دەزگایەک یان چەند دەزگایەک بەبێ هاوکاری و بەدەستە جەمعی دڵسۆزان ناتوانن بگەنە ئەو مەرامە پیرۆزە، چونکە پێویستی بەتوانا و کۆششی خورت و چەلەنگ هەیە، لە پێناو پاراستنی ناسنامەی نەتەوایەتی کورد لە ڕێگەی پاراستنی زمان و کولتوور و فەرهەنگ و تۆرەی کوردەواری ڕەسەن، بۆیە وێڕای دەستخۆشی و دەستگوشینی دەزگای ئاراس بەپسپۆر و شارەزا و کارمەندانەوە کە خۆی لەو بزاڤە پیرۆزەدا بووتە پێشەنگ لەو بوارە، ئەویش لەسەر ڕێنوێنی و لەژێر چاودێریی بەڕێز سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هاتووتەدی کە جێگای سەرفرازی و خۆشحاڵییە و ئەم بزاڤەش وەرچەرخانێکی گەورەیە لە بواری بەرەوپێش بردن و دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی کە تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێناوە و خەرمان بەرەکەت، لەو هەموو ژمارە زۆرەی کتێب و نووسینی دانسقە و پڕ بەها کە بەهەقیقەت ناو و ناوەڕۆکی زیندوو و سەرنج ڕاکێش و پڕ بەپێستی خۆیان لە خۆیان گرتووە و هەریەکەیان تام و چێژی ئەدەبی خۆی هەیە و گەواهی ئەو ڕاستییە حاشا هەڵنەگرەن بەهاداری و سەروەری بیرۆکی کورد و کوردستان دەهۆننەوە و، پارسەنگی ڕاهێنان و ئەفراندنیان و عەودالی خوێندەوارانی کورد و پێویستی هەڵدانەوەی ئەو لایەنە جۆر بەجۆرانەی لە کتێب و بڵاوکراوەکانتاندا خستووتانە بەرچاو، قورسترە لە پارسەنگی تایی ترازووەکە ئەویش ئەو تەمەنە کەمەی دەزگاکەتانە، کە لە سەردەمی ئەمڕۆماندا وەکو زەرووەرەتێک لەو مەیدانە سوارچاکانە ئەسپی خۆی تاوداوە چ بەکردنەوە و بەشداریکردن لە سازکردنی پێشەنگای جۆراوجۆری کتێب و چ بەهەوڵدان بۆ هوشیاری ڕۆشنبیری و کلتووری و بیرۆکی نەتەوایەتی بەهەموو کون و کەلەبەرێکی دنیادا جگە لە کۆڕ و سیمینار و ڤیستیڤاڵ و چالاکییە ڕۆشنبیرییە جۆراوجۆرەکان.

ئەم پێڕەوەی دەزگای ئاراس زۆر گەورەترن لەو تەمەنە کەمەی، کە ئومێدی ئەفراندنی زۆر گەورەتری لێ دەکرێ، دەخوازین ببێتە پێشەنگ و خاڵی وەرچەرخانی ڕۆشنبیری و فەرهەنگ و تورەی کوردی و مایەی ڕێز و پێزانینی خوێنەر و بیرمەند و خودان قەڵەمە





بەهەڵوێستەکان بێت. وێڕای پیرۆزبایی گەرمم و دەستخۆشانە بۆ ئاراس هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

ئەکرەم مەنتک – پارێزگاری هەولێر

***

**خەرمان بەرەکەت**: یەکێک لە دیاردە و سیماکانی شارستانیەت لەهەر وڵاتێکدا بوونی دەزگای تایبەتە چ بەوەرگێڕان و چ بەچاپ و چ بەپەخش و بڵاوکردنەوە، یاخود بەواتایەکی دیکە مامەڵەکردن لەگەڵ وشە و هزردا لەلایەک و لەلایەکی دیکەوە لە ئامێزگرتنی ڕۆشنبیر و ڕووناکبیر و نووسەران کە هەر هەموویان بەتێکڕا خۆیان لەو دەزگایە دەبنەوە، دەزگای ئاراسیش یەکێکە لەو دەزگایانە، کە تاکو ئێستاکە (١٣١) بەرهەمی جیاوازی بیر و ڕەنجی نووسەرانی بەچاپ گەیاندووە چ وەکو هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژووی نەتەوەکەمان کە خۆی لە شۆڕش و ڕاپەڕین و ڕۆڵی سەرکردەکانی دەبینێتەوە، تاوەکو یادگاری و بیرەوەرییەکان و بەرهەمی شاعیرانمان و ڕۆمان و بابەتی فیکری کە بەتێکڕای بەشداریکردنە لە دانانی چەند بەردێکی بناغەی ئەو پڕۆژە گەورەیەی کە ڕۆڵەکانی کوردستان خەونی پێوە دەبینن، کە ئەمەشیان بەماندووبوونی ئەو ڕۆشنبیرانە هاتۆتە بەرهەم هەر لە خاوەنی ئیمتیاز و سەرنوسەری ئەم دەزگایە تاکو دەگاتە یەکە یەکە لە کارمەندانی بەڕێزی کە هەر هەموویان جێگای ڕێز و ستایشن بەو ئومێدەی خەرمانی گەنمی ئەم دەزگایە (کە هەموو نانێکی لێ دێت) هەر لە زیادبوون و پێشکەوتندا بێت.

فەرهاد عەونی – نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

***

برای بەڕێزم کاک بەدران: سڵاو و ڕێزم بۆ بەڕێزتان و هەموو ئازیزانمان لە کارمەندانی دەزگای ئاراس. بێگومان زانایان و ڕۆشنبیران و داهێنەرانی کوردستان ئەمڕۆ لەم بەشە ئازادەی کوردستاندا پتر ئارەزوومەندن لە ڕێی بەرهەمی هزر و فکرییەوە خزمەتی میللەتەکەیان بکەن بەهۆی گەیاندنی زانیاری هاوچەرخ و پێشکەوتوو لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بەڕۆڵەکانی میللەت، تا ئەو ڕۆڵانە بتوانن بەئەرکی پیرۆزی خۆیان هەڵسن لە گەیشتن بە ڕەوڕەوەی پێشکەوتنی شارستانی و زانستی و تەکنەلۆجی. کۆسپی گەورە لەپێش ئەو هزرمەندانە، بەپلەی یەکەم، نەبوونی دەرفەت و ئەرکی دارایی بەچاپ گەیاندنی بەرهەمەکانیانە.

دەزگای ئاراس هیوای لە دایکبوونی بیرۆکەکانیانی گەشاندەوە. ئەوە سێ ساڵ پترە

بەوپەڕی کارامەیییەوە بەو ئەرکە پیرۆزە هەڵساوە و بەرهەمی هزر و قەڵەمی چەندین هزرمەندی خستۆتە بەرچاوی خوێنەرانی کوردستان. بۆیە بەئەرکی سەر شانمی دەزانم کە دەست خۆشیتان لێ بکەم وە ئارەزوومەند و ئاواتەخوازم دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی «ئاراس» بەردەوام لە گەشەکردندا بێت و دارەکەی هەر بە بەروبووم بێت.

براتان: د. سعدی بەرزنجی– سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین

***

پێش ئەوەی باس لە هەر شتێک بکەین دەبێ باس لەو ئازادی و ئارامییە بکەین کە لە کوردستاندا هەیە بەتایبەتیش لەژێر سایەی کابینەی چوارەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، کە دەورێکی بەرچاوی دیوە لە هێنانەدی ئەم ئازادییەدا، دیارە دەزگای ئاراسیش کە هاتۆتە مەیدانی چاپ و خزمەت بەکەلەپوور و بڵاوکراوەیی کوردی و دەوڵەمەندکردنی ڕۆشنبیریی سەردەمانە، بەرهەمی ئەو ئازادیانەن، دمەوێت ئەوە بڵێم من تەنیا چەند کتێبێکی ئەو دەزگایەم دیوە وا بزانم لە ئێوارە کۆڕێکیشدا بەشداریم کردووە لەو روانگەیەوە دەبینین گرنگیدان بەلایەنی نەتەوەییی ئەم دەزگایە وەک بەرنامەیەکی خۆی داڕشتووە ئەو کارە پیرۆزە دەنرخێنم بەڵام تێبینیم هەیە کە زۆربەی هەرە زۆری ڕابەران و پێشەوایانی ئەم نەتەوەی کوردە دەرچووی مزگەوت و حوجرەکانن، بۆیە پێم وایە دەزگا لایەنی مێژوویی خەباتیانی فەرامۆش کردووە. ئەگەر و گریمان وتمان ئەم دەزگایە کارەکەی تەنیا خزمەتکردنی بەلایەنی نەتەوەی ئەم گەلە ئەو کاتەش دوو خاڵ خۆی قیت دەکاتەوە.

١– ئەم پێشەوایانە خەباتیان خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانی بووە ڕزگاری میللەت لە چنگ داگیرکاران ئامانجیان بووە.

٢– ئەگەر نا دەبێ لە هەموو بوارێکدا پارێزگاری لە مقدەسات و پیرۆزی ئەم میللەتە بکەین. چونکە دەبینم کە لە وڵاتێک باس لە پرنسیپەکانی ئازادی دەکرێت باس لە مقدەساتی میللەتیش دەکرێت، لێرەش زۆرینەی گەل هەڵگری ئایینی ئیسلامن و خۆیان بەموسڵمان دەزانن کەواتە مقدەسات و پیرۆزی ئیسلام دەبێ پارێزگاری لێ بکەین.

عبدالغني البزاز– ئەندامی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان

***

سەقامگیری و بەردەوامبوونی دەزگایەکی ڕۆشنبیری نەخاسمە کەرتی تایبەتی، یا کەرتی تێکەڵاوی تایبەتی – حکوومی، بەخۆی ڕووداوێکی ڕۆشنبیرییە لە کۆمەڵگای





کوردەواریدا، کە تا ئێستا هیچ دەزگایەک، بێ پسانەوە، بۆ چارەکە سەدەیەکیش بێ، بەردەوام نەبووە. میللەتانی پێشکەوتوو دەزگای وەهایان هەیە سەد، یا دووسەد ساڵ، یەک نەفەس بەردەوام بووە. دوور نەڕۆین «دار الهلال»ی مصر کە نزیکەی سەدەیەکە، خاوەن گۆڤارێکە و چەندین زنجیرە کتێبی دەرهێناوە و بارودۆخی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و، تەپەسەریی نەتەوەیی، نەیانهێشتووە گەلی کوردستان ئازاد بێ لە دانان و بەڕێوەبردنی دەزگاگەلی بەردەوام.

هەلومەرجی پاش ڕاپەڕین و، سیاسەتی ڕۆناکبیریی هەرێم و پارتی، دۆخێکی لەباری خوڵقاندووە تا لە دامەزراندنی دەزگای چەسپاوی، بەبەرنامەی درێژخایەن، بیر بکرێتەوە... نەخاسمە لە دەورانێک دەژێین، ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و زانیاری تێیدا ڕۆڵی ئێجگار گرنگتر دەلێزن. دەزگای ئاراس کە هێشتا ساوایە، لەم تەمەنە کورتەیدا، نەویدی ئایندەیەکی گەش دەدات و، نموونەی چالاکییەتی کەرتی تایبەتی، یا نیوە تایبەتییە.

پشتگیریی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێم و، بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین و ڕووناکبیران لەم دەزگایە و، هاوکارییان لە بواری چاپ و بڵاوکردنەوە و، شێوەکاری و، چالاکیی دیکە، دەربڕی بەرنامەی پێشکەوتووی کەلتووری حکوومەت و پارتی و، بڕوا و متمانە بە وزە و بەهرە و داهێنانی نووسەر و هونەرمەندانی کوردستانە.

بەلای منەوە چەند بکرێت ڕێگە خۆش بکرێت بۆ بەشداربوونی کەرتی تایبەتی لە کاروباری ڕۆشنبیریدا (چاپ و بڵاوکردنەوە، سینەما، شانۆ، گۆرانی و مۆسیقا... تاد!) هیوادارم دەزگای ئاراس سوور بێ لەسەر بەردەوامبوون و پێشکەوتن و، تەمەنی سەد ساڵەی بۆ دەخوازم.

فەلەکەدین کاکەیی

***

ئەم پێشانگەی کە دەزگای ئاراس بۆ خەت و تابلۆی شێوەکاری و کتێب کردوویەتییەوە بەبۆنەی سێیەمین ساڵی دامەزراندنی و دووەمین ساڵی دەستبەکاربوونی کابینەی چوارەمی حکوومەتی هەرێم کارێکی جوان و پڕ بایەخە من پتر لە بواری کتێبەکانەوە دەدوێم چونکە زۆر جاری تر لە بواری شێوەکاری و خۆشنووسییەوە دواوم یا نووسیومە.

کتێب وەک هۆکارێکی گرینگ بۆ ڕۆشنبیرکردنی کۆمەڵگە لە بوارە جیاجیاکان زۆر

پێویستە، ڕاستە ئێستا زۆر هۆکاری تر لەبەردەستن بۆ ڕۆشنبیرکردنی کۆمەڵگە بەڵام کتێب گرینگی و بایەخی تایبەتی هەیە. جگە لە هاندانی نووسەر و ئەدیبانی گەلەکەمان شارەزاکردن و بەرچاوخستنی بەرهەمەکانە بەخوێنەر و خەڵکی بایەخدەر بەم بوارە.

زۆر پیرۆز بێت و دەستخۆشی لە دەزگای ئاراس دەکەم و هیوادارم بەردەوام بن.

مەحمود محەمەد مەحمود – وەزیری ڕۆشنبیری

***

زۆر بەخۆشییەوە ڕۆژی ٢٠٠١/١٢/٢٦ سەردانی پێشانگەی کتێب و بڵاوکراوەکانی کوردستان بەتایبەتی ئەوانەی کە لەلایەن دەزگای ئاراس بەچاپ گەیشتوون بەڕاستی زۆر هەقی ئەوەیە دەستخۆشییەکی گەرمیان لێ بکرێ بەم کارە پیرۆزە کە خزمەتێکە ئەم دەزگایە دەیکات بەگەلی کوردی خۆشەویستمان. جارێکی تر دەستخۆشیان لێ دەکەم و ئومێدی سەرکەوتنی هەمیشەیان بۆ دەکەم بۆ خزمەتی کورد و کوردستان.

عارف تەیفور

***

من دواعي فخرنا واعتزازنا عندما نلاحظ بأن الحركة الثقافية في كوردستان تتطور بشكل سريع وناجح وكثير من هذه النشاطات والفعاليات الثقافية تحدث في ظل اقبال جماهيري كبير وهذا إن دل على شيء إنما يدل على تلهف المجتمع الكوردي وخصوصاً المثقف الكوردي وتذوقه الثقافة وحب الاطلاع.

وفي هذا نجد مؤسسة آراس للطباعة والنشر تعرض نتاجها الثمين من خلال عدد كبير من المطبوعات الثقافية والتأريخية والترجمات التي جميعها تصب في خانة خدمة القضية العادلة لشعبنا الكردي. وما تقوم به مؤسسة آراس من جهود مشكورة سوف تسجل للقائمين عليه والمشرفين وكل من له دور لانجاح الحركة الثقافية الكوردستانية.

اتمنى من كل قلبي كل الموفقية والنجاح للأخ الاستاذ بدران رئيس مؤسسة آراس مع تمنياتي لجميع الاخوة العاملين في هذه المؤسسة.

عمر بوتاني

***

دیارە کولتوور و ڕووناکبیری و هزر موڵکی کەس نییە، جگە لە مرۆڤ بەبێ





جیاوازی ڕەگەز و ئایین و پێست و جوگرافیا، کوردیش کەم یا زۆر بەشداری کردووە لە کۆڕی مرۆڤایەتیدا و لە پەرەسەندنی ئەم کولتوور و ڕووناکبیری و هزرە. بەڵام زۆرداری و حوکمڕانی کەسانی ڕەگەزپەرست و پان نەتەوەییەکان کە حوکمڕانی کوردییان کردووە جا چ بەناوی ئایین یاخود نەتەوەی باڵادەست نەیانهێشتووە ئەم بەرهەمە مرۆڤانەیەی کورد بەناوی کوردەوە بچێتە نێو کولتوور و فەرهەنگی جیهانییەوە، بەڵکو بەبێ شەرمانە لێمانیان دزیوە و بەناوی خۆیانەوە بڵاویان کردوونەتەوە.

دەزگای ئاراس، کە بەرهەمێکە لە بەرهەمەکانی ڕاپەڕین و پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە هەوڵێکی بچکۆڵەی متەوازعی خۆیدا ئەو تەم و مژ و لێڵییانە بڕێک کەم دەکاتەوە، بۆیە جێگەی خۆیەتی دەستخۆشییان لێ بکەین و سوپاس و ستایشیان بکەین. هەر بژین بۆ کورد و کوردستان

بروسکە نوری شاوەیس

***

یەکەم ڕۆژی کردنەوەی ئەم پێشانگەیە نا... ڕۆژی دواتر، بەهێوی و هۆش و بیرێکی لەسەرخۆ و بەشێنەیی دید و نیگا و تێفکرینم ئاراستەی تابلۆ ڕەنگاڵەییەکان و وێنە و هێڵە جۆر بەجۆرەکانی هونەرمەندانی بەشداربووی ئەم پێشانگە ئاسایی و ساکار و دڵپاکە کرد.. بەڕاستی لە زۆر شوێندا بێ ئاگا هەڵوێستەیەکی خۆش و بەچێژم بۆ کرد... لە وەستایی و وردەکاری هونەرمەندان ڕامام و دەڵێی هەستێکی ناسک کاری لە پەڕەی دڵ و لۆچی مێشکم کرد و وەک ئەم یادگارە سروشتی هونەرمەندانم لا تۆمار بوو.

دکتۆر عەبدوڵڵا ئاگرین

***

زەمینەی کە سەردەمی تازە، قۆناغی دوای ڕاپەڕین بۆ کوردی بەدی هێنا داوای جۆرەها شێوازی تێکۆشانی لە کورد کرد، کە دەبوایە کاریان بۆ بکات. دروستبوونی دەزگای «ئاراس» دەکرێت لە پاشەڕۆژدا ئەو نەوانەی لە داهاتوودا دەهێن، لە ئێمە زیاتر قسەی لەسەر بکەن، بۆیە دروستبوونی ئەم دەزگایە تەنها هەر ژیاندنەوەی ناوبانگی بلیمەتانی کورد هەروەها لە چاپدانی سەدان شاکاری گەورە و وەرگێڕانی بەسوود نییە، ئەوەندەی کە قوتابخانەیەکی بەهێزی ئامادەکردنی شەقامی ڕۆشنبیری کوردییە تاکو لە سبەینێکی گەشدا سەرکەوتووانە لەگەڵ مێژوودا بڕ بکات. لەگەڵ ئەوەشدا کە دەزگای «ئاراس» قوتابخانەی چالاکی و دەسکەوتی بەردەوام بووە تا ڕادەیەکی بەرز شانبەشانی دەسکەوتە سیاسی و دیموکراسی و گەشەکردنەکان دەزگای «ئاراس» حزوورێکی بەردەوامی هەبووە.

ناوی «ئاراس» بۆ دەزگاکە شوێنی هەڵوەستەیە، دوێنێ کاروانی مێژوومان لە ئاراس پەڕییەوە تاکو لە غوربەتا خۆی ڕێک بخات و لە فرسەتی سیاسی گونجاودا بهێتەوە. بەرهەمی پەڕینەوەی بارزانی باوک شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و گولان و ڕاپەڕین بوو.

ئەمڕۆش لە دەزگای «ئاراس»ەوە خوێنی تازەی ڕۆشنبیری بەجەستەی فەرهەنگی وشە و زمان و کەلتوورماندا دەگەڕێت، لێوەی دەپەڕێتەوە بەڵام نەک بۆ غوربەت بەڵکو لە غوربەت بۆ زێدی بارزانی باوک.

پشتیوانی بەڕێز جەنابی کاک نێچیرڤان بارزانی لەم دەزگایە هەر لە سەرەتای بناغەدانانی تاکو ئەمڕۆ کارێکە کە لەگەڵ بەهێزبوونی دەزگاکە تاکو مێژوو هەیە بەشکۆداری دەمێنێتەوە، ئەمەش پەرۆشی سەرکردایەتی کورد و پارتیمان بۆ کاروانی ڕۆشنبیری ڕەسەنی کوردایەتی دەردەخات.

دەزگای «ئاراس» دەسکەوتێکە کە بوونی لە عەقڵدا هەیە، لە سەردەمی دوای ڕاپەڕین هەیە، لە سەردەمێکە کە کورد پێویستی پێیەتی: چونکە لە کوردستاندا شوێنی ئەم دەزگایە هەر بەتاڵ بوو تاکو هات و شوێنی شایستەی خۆی گرت. هیچ گەلێک نەیتوانیوە ئامانجەکانی خۆی بەدەستبێنێ ئەگەر دامودەزگا ڕۆشنبیرییەکانی خۆی دروست نەکردبێ ئەگەر لە عەقڵی خۆی کەڵکی وەرنەگرتبێ، ئەگەر خۆی لە سەرابی وەهم جودا نەکردبێتەوە. بۆیە دەزگای «ئاراس» لێی چاوەڕوان دەکرێ شۆڕشێکی ڕۆشنگەرانە بەرپا بکات.

ئەمڕۆ دەزگای «ئاراس» بێ وەبەرچاوگرتنی ئینتمای حزبی و جیاوازی نەتەوەیی و زمان و ڕەگەز کاری کردووە و دەیکات بەڵکو دەزگایەکی ڕۆشنبیری و هەروەها فکری و سیاسی گەورە بوو.

ئەرکی ڕۆشنبیرانی ئێمەیە پشتیوانی لەم دەزگایە بکەن و پشتیوانی دەزگاکەش بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن واتا بەڵێنی کار و ڕاوێژ و پەیڤ و خۆشەویستی لەگەڵ بکەن.

لە کۆتاییدا لەگەڵ ئومێدی سەرکەوتن بۆ ئەم ڕێڕەوە ڕۆشنبیرییە بۆ خاوەن ئیمتیاز و بەرپرس و سەرجەم کارمەندانی پێم وایە دەزگای «ئاراس» شەرەفی پێ دەدرێت بۆ مێژوو بلێ بەڵێ دەزگای «ئاراس» بوو کە کاروانی بزاڤی ئەدەبی و ڕۆشنبیری کوردی لە ناوخۆدا یەکێتی هزری ڕۆشنبیری کوردی لە ناوخۆدا شان بەشانی سەرجەم بزاڤە سیاسی و دیبلۆماسی و ئاوەدانی و دەیان بزاڤی تر.

سەرباز هەورامی

***

پێم سەیر نییە کە دەزگای (ئاراس) لە بۆنەیەکی وادا پێشانگەیەکی چەند لایەنەی ڕۆشنبیری وا دەکاتەوە، لەوەش گرینگتر لە داشکانی نرخی چاپەمەنییەکان یارمەتیی





چاکی ڕۆشنبیرانی دا... پێشم سەیر نییە کە زۆربەی ئەو ڕۆشنبیرانەی سەردانی ئەم پێشانگەیەیان کردووە بەشۆڕشێکی تازەی ڕۆشنبیری ناو بنێن چونکە:

لە وەتەی (پارتی) لە دایک بووە و خۆی ناسیوە و لەژێر چەترە مەزنەکەی بارزانی نەمردا گەشەی کردووە بەردەوام لە شۆڕشێکی نەپساوەی هەمەلایەنەی نیشتمانی، ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتیدا بووە و هەرگیز مانای نووچدانی نەزانیوە. ئەوەتا لە ڕۆژانی پڕ لە شکۆی شۆڕشی ئەیلوولدا چەک و قەڵەمی بەیەکەوە گرێ دا و لەژێر بارانی گوللە و سێبەری فڕۆکە مەرگ هێنەکانی دوژمنانەوە قوتابخانە و خەستەخانەی لە گوندەکان دەکردەوە و جەماوەرە کارەساتدیدەکەی باوەشی شۆڕشی فێرە ئەلف و بێی کوردایەتی و خۆپاراستن لە نەخۆشی و خۆ ڕۆشنبیرکردن دەکرد و منداڵە چاوگەشەکانی کوردیش لە شەوەزەنگی نەزانین بەرەو ڕووناکی زانست و زانیاری دەبرد... دڵنیام هەر ئەو منداڵە جوانانە بوون درێژەیان بەپەیامە پیرۆزەکەی بارزانی نەمر دا و لە کاتی شکستی حەفتا و پێنجدا نەیانهێشت ئاڵا شەکاوەکەی ئەو شۆڕشە مەزنە بکەوێ و بەرز ڕایان گرت و درێژەیان پێ دا و ئامانج و ئاواتەکانی شەهیدانیان لە شۆڕشی گوڵانی نیشتمانی پێشکەوتنخوازدا بەرجەستەکرد... لە دوای ڕاپەڕینیشدا... لە دوای دامەزراندنی پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستانیشدا پارتی درێژەی بەشۆڕش دا، بەڵام ئەمجارە بەشێوەیەکی نوێ کە لەگەڵ ڕەوتی باهۆزی ئەمڕۆی دونیا بگونجێ و لاوەکان بەکچ و کوڕیانەوە بەرەو درێژەپێدانی شۆڕشی ڕۆشنبیری، شۆڕشی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان، شۆڕشی کۆمەڵایەتی، شۆڕشی خۆسازدان بەرەو کۆمەڵگەی مەدەنی، شۆڕشی ڕاهێنانی گەل بۆ هەڵبژاردن و قەبوولکردنی یەکتر، شۆڕشی یارمەتیدانی ڕۆشنبیران، شۆڕشی بنیاتنانی سینەمای کوردی و گەشەپێدانی شانۆ، شۆڕشی زیندووکردنەوەی کلتووری میللی و پاراستنی کەلەپووری نەتەوەیی... ئەمانە هەر هەمووی قەترە بەدەریای ئەو شۆڕشە هەمەلایەنانەی پارتین کە ئەمڕۆکە بەسەرۆکایەتی سەرۆکی خۆشەویست مسعود بارزانی درێژەیان هەیە... دیارە ڕۆڵی دیار و بەرچاوی سەرۆکی خۆشەویستی حکوومەتی هەرێم کاک نێچیرڤان بارزانیش دەبێ بەزێڕ لەسەر لاپەڕەکانی مێژووی کورد و کوردستانا بنەخشێنرێ... ئەو لاوە ماندی نەناسەی کوڕی ئەو سەرکردە خێرلەخۆ نەدیوەیە کە هەمووماني فێرە خۆڕاگرتن و دوژمن بەزاندن کرد... هەر بەکۆششی ئەوە وا دەزگای ئاراس ئەسپی خۆی لە مەیدانی ڕۆشنبیری و چاپکردنی کتێب و دەستگرتنی نووسەران و سازکردنی سیمینار و تەرجەمە تاو داوە.

خۆشی بەحاڵتان ئەی کادیرە دڵسۆزەکانی ئاراس... خۆشی بەحاڵتان ئەی

هونەرمەندان، خۆشنووسان، ئەی ئەوانەی ئەمڕۆ هۆڵەکانی گەلەری «میدیا»تان بەخامە و پەنجە ناسکەکانتان ڕازاندۆتەوە و هەولێرتان سەرفراز و بارانی ئەم ئاسمانە پیرۆزەتان هێناوەتە سەما و دار و بارتان لە تۆز و گەردی پایز پاک کردۆتەوە.

پیرۆزە ئەم هەنگاوەش... با بەردەوام و شکۆدار بێ شۆڕشە هەمەلایەنەکانی پارتی... ئەو پارتییەی شایەدی بینینی مەرگی داگیرکەران و ستەمکاران و بنیاتنەرەوەی کوردستانی ئەمڕۆیە بەئاوەدانکردنەوە و زیندووکردنەوەی هەموو بوارەکانی ژیانی کوردەواری هەر بژین.

بارزانی مەلا خالید

***

دەمەوێ لە سایەی ئەم پێشانگە فراوانەی دەزگای ئاراس سازی داوە، هەندێ قسان بکەم، ڕەنگە لەمێژ بێ ویستبێتم و حەزم کردبێ قسەی لەسەر بکەم. پێشەکی ڕاستییەک هەیە کە دەبێ بگوترێ، هەر لەدایکبوونی دەزگایەکی تایبەت بەچاپ و بڵاوکردنەوەی وەکو ئاراس، لە پایتەختی هەرێمی کوردستان، هەڵوەستە و ڕاوەستانی دەوێ، با ئەنجامێکی سروشت و حەتمیش بێ بۆ دەسەڵات و فیکر و بڕیاری (پارتی) بەو حوکم و مانایەی پارتی ئەوە میراتگری کوردایەتی و نوێنەر و خاوەنی کوردایەتی بووە و بەردەوامیش ئەو ئەرک و پیرۆزییەی لە ئەستۆدایە و لێوەشاوانەش بەجێی گەیاندووە و بەپێی پێداویستییەکانی سەردەم و گۆڕانکارییەکان خۆی لەگەڵدا دەگونجێنێ و زۆر جارانیش خۆی واقیعە وەستاو و باوە کە دەگۆڕێ و خولقێنەری گۆڕانکارییە نوێ و سەردەمییەکانە، ئەگەر بوارەکانیش چڕتر کەینەوە (پارتی) ئەوە پتر لە نیو سەدە بەڕابەرایەتی بارزانی نەمر و بە بەردەوامی ڕێبازە نەمرەکەشی خەمخۆر و خاوەنی ڕەسەنی (کوردایەتی)یە و کە لێرەشدا قسەمان لەسەر بواری کتێب و ڕۆشنبیرییە، بۆیە ڕۆشنبیری کوردی و ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری کوردیشمان هەر بەهەمان شێوە لە خەمە گەورە و ئاواتە سەرەکی و پیرۆزەکانیەتی ئەگەر لە ڕۆژانی تۆپباران وماڵوێرانییەکانی شەڕی دوژمنان لە تەمەنی شۆڕشی مەزنی ئەیلولدا، (نان و گولله) زۆر زەحمەت دەست کەوتبن، ئەوە لە پاڵ دەنگی گولله و تۆپ، نرکە و شڵپ و گرمەی چاپخانەی خەبات و چاپکردنی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامانیش هەر بەردەوام بووە، ئەگەر ئێزگەی دەنگی کوردستان و کاریگەری و ڕۆڵی شۆڕشگێڕی بژمێرین ئەو ئەرکە پیرۆزەی شۆڕش و پارتی دەردەکەوێ. ئەوە وێڕای ئەوەی هەر لەدایکبوونی ڕۆژنامەی خەبات و التآخی و برایەتی ڕۆژانە ڕێزگرتنە لە نووسەر و ڕۆشنبیران و لە



ئاراس پەڕینەوەیە بەرەو سەرفرازی

دروستکردنی یەکیەتی نووسەرانی کورد و بگرە تا دەگاتە ڕۆژانی ڕاپەڕین و تا ئەمڕۆ دەکات ڕۆڵی پارتی لە هەموو بوارەکان دیارە، کە یەکێک لە دەزگا چالاک و گرینگە ڕۆشنبیرییەکانی (ئاراس)ە. ئاراس لە چاپکردنی ئەو دەیان کتێبە مێژوویی و ئەدەبی و زمانەوانییەدا، پێشەنگ و نموونەیەکی (مۆدێرن) و پڕ بەخۆزگەی نووسەران و وەدیهێنەری بەشێکی گرینگی خەونە جوانەکانیانە ئەوەی مایەی سەرنجە لە چالاکی و هزری (ئاراس) وەکو لە کتێبەکانەوە وەدەردەکەوێ مەسەلەی ململانێی حزبایەتی و ئایدیۆلۆژیاش هەرگیز نابنە ڕێگر لەبەردەم خزمەتە زۆر و جوانەکانیان کە بۆ ئەمڕۆ و ئەم سەردەمە ڕەنگە ئاسانیش نەبووبێ. ئینجا لە ڕووی هونەری و جۆری چاپ و دەرهێنانی کتێبەکان و کەمی هەڵەی چاپ و هەڵبژاردنی جۆری کتێبەکان (ئاراس) هەر سەرکەوتنی گەورەی بۆ خۆی مسۆگەر کردووە.

(ئاراس) لە سەردەمی (خوێنەری کەم) و (نرخی گرانی چاپ و کتێب) و (لە پەیدانەبوونی کتێبی باش و جۆری نایاب) توانی ئەم زاراوە و ناونیشانانە تێک بشکێنێ و ئاسۆیەکی گەشتر بێنێتەوە بەردەمی خوێنەر و ڕۆشنبیری کورد و دانەر و خاوەن دەیان دەستنووسی تۆز لەسەر نیشتووی کورد و (غەیرە کوردیش). ئەم هەنگاوە تازەیەی (ئاراس) بەکردنەوەی پێشانگەی کتێب، بەڵگەیەکی دیکەی شارستانی و ڕۆشنبیریی و بەتایبەت لە (هەولێر)ی پایتەخت و قسەکانمانە، چونکە مەسەلەی پێشانگەی کتێب لە کوردستان کارێکی تازەیە و (بەتایبەت بۆ کتێبی کوردی و دەزگای بڵاوکردنەوەی چاپی کوردی). خۆزیا (ئاراس) دەسەڵاتی باڵاتر دەبێ و چاپخانەی تایبەت بەخۆی و شوێن و هۆڵی پێشاندانی کتێب و چالاکی تایبەت بەخۆی دەبێت و (ئاراس) دەبێتە نموونەیەکی دیکەی هەمیشە خزمەتگوزار و بێ دەنگ لە نێوەندە ڕۆشنبیرییەکەمان و بێ سینگ دەرپەڕاندن و خۆهەڵکێشان.

دەستتان خۆش کاکە شەوکەت شێخ یەزدین و کاکە بەدران ئەحمەد هەروەها دەستخۆشی لە خۆشنووس کاکە زادە و هونەرمەندی ڕۆح شیرین و دەستڕەنگین ئاریان خان. بژین بۆ کورد و کوردستان.

مەهدی خۆشناو

سەرۆکی لقی نووسەرانی- هەولێر

***

ڕێز و تەقدیرم بۆ ماندووبوون و زەحمەتی یەکەیەکەی کارمەندانی دەزگای ئاراسی ڕۆشنبیری و بۆ ڕێزداران کاک نێچیرڤان بارزانی و کاک شەوکەت شێخ یەزدین.

ئاراس دەزگایەکی کەم تەمەنی پڕ لە بەخشش و بەرهەمە. ئاراس ناوێکی پیرۆزە لە مێژووی هاوچەرخی کورد. بۆیە پێکهێنان و دامەزراندنی دەزگایەکی ڕۆشنبیری بەو ناوە بێ گومان درێژەپێدەری بیرێکی وا پیرۆزیش دەبێت. داوای بەردەوامی ئەو جۆرە پێشانگەیانە دەکەم کە خزمەتێکی مەزنە بۆ نەوەی ڕۆشنبیر و خوێندەوار و کەم دەرامەت بەتایبەتی توێژی لاوان. دەستخۆشانە لە هونەرمەندان برایان محەمەد زادە و یوسف عەبدولقادر و خوشکە ئاریان دەکەم بەرهەمەکانیان پێشانگەیەکەی هێندەی تر دەوڵەمەند و ڕازاوەتر کرد. بژین بۆ کورد و کوردستان.

ئیبراهیم ئیسماعیل

***

Ez bi dîtna vê pîfihangehê  gelek fia bûm. Hunermend kareki ciwan û hêja pêk anîn, cîhagî fianazî û pîfitîvanî ye. Avakirina Kurdistaneki ciwan ewê bi arîkaria hunermend î rewfienbîran bibe. Spas hibi hunermendan û amadekarên vê pîfiangehê.

Ez dengê wan, hest û rengê wan jibîr nekim û bigihînim kurdên Ewropa. Bi hîviya ku  rojekê vê pîfiangehê li Dyarbekirê û li bajarên din ên Kurdistanê jî nîfian bidin.

Kendal Nezan

Serokê Enistîtuya Kurdî

***

بەبینینی ئەم پێشانگەیە زۆر خۆشحاڵ بووم، هونەرمەندان کارێکی جوان و هێژایان ئەنجام داوە، جێگەی شانازی و پشتگیرییە. ئاواکردنی کوردستانێکی جوان بەهاوکاریی هونەرمەندان و ڕۆشنبیران دەبێت.

سوپاس بۆ هونەرمەندان و ئامادەکارانی ئەم پێشانگەیە، دەنگیان، هەست و ڕەنگیانم لەبیر ناچێتەوە و بە کوردەکانی ئەوروپای دەگەیەنم. بەو هیوایەی کە ڕۆژێک ئەم پێشانگەیە لە دیاربەکر و شارەکانی دیکەی کوردستانیش بکەنەوە.

کەندال نەزان

سەرۆکی ئەنستیتۆی کوردی لە پاریس

***

هاتینە پێشانگەی وێنە کە دەزگا دڵسۆزەکەی ئاراس هەڵساوە بەرێکخستنی و سەرپەرشتی کردنی وێنەکانی خوشکە ئاریان سەرسام بەڕاستی جێگای ڕێزلێنانە ئومێدەوارم زیاتر باشتر سەرکەوتوبیت لە خزمەتی کوردستاندا.

نووسینەکانی برای خۆشەویست کاک زادە کە دەستە ڕەنگینەکەی خستووەتە کار بۆ



ئاراس پەڕینەوەیە بەرەو سەرفرازی

خزمەتی کورد و کوردستان ئومێدەوارم نموونەیان زۆر بێت خۆ پێشانگەی کتێبەکان خەزینەیەکی زۆر بەبایەخی کوردستانە. داوای سەرکەوتنتان بۆ ئەکەم لە پەروەردگار.

عەفان نەقشبەندی– ئەندامی پەرلەمان– سەرۆکی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان

***

هەزار جار پیرۆز و دەستان خۆش، بەڕاستی سەلماندتان گەلەکەمان ژیار پەروەرە و بۆ ژیانی جوان کۆشش ئەکات و باشترین چێژ بۆ ڕازاندنەوەی ژیان.

ئەم پێشانگەیەی دەزگای ئاراس سازی کردووە ناسنامەیەکی بەبایەخی سەردەمێکی گرینگە، دیارە کارێ لە ئاراس بوەشێتەوە شایستەی شانازییە و جێگای دیارە.

ئەحمەد سالار

***

جێگای خۆشحاڵییە کە ئیمڕۆ هونەرمەندان و ئەدیبانی گەلەکەمان بەئازادی و سەربەستانە بەرهەمەکانی خۆیان پێشکەشی جەماوەرەکەی خۆیان دەکەن.

ئیمڕۆش خۆشحاڵ بووین کە ئەم هونەرمەند و بەڕێزانە بەرهەمەکانی خۆیان خستۆتە بەردەممان بۆیە ئێمەش بەخۆشی و شانازییەوە زۆر زۆر سوپاس و دەستخۆشییان لێ دەکەین هیوا ئەخوازین هەر سەرکەوتووبن و نموونەیان زیاد بێت و ببنە هاندەرێ بۆ لاوەکانی ترمان کە دەستەوەستان نەوەستن بۆ پێشخستنی فەن و ئەدەب و عیلم.

فازل ڕەئووف

ئەندامی پەرلەمانی کوردستان

***

ئەمڕۆ سەردانی پێشانگەی کتێبی دەزگای ئاراس و پێشانگەی تابلۆکانی دەزگای ئاراسمان کرد. جێگای دڵخۆشییە کە بینیمان خەڵکێکی زۆر بە حەماسەوە بەسەر کتابەکاندا دەسووڕێتەوە و دەیانکڕێت و جێگای دڵخۆشییە کە هەموو «لەوحە»کان فرۆشراون. هیوادارین پێشانگەی ئەوها هەردەم بەردەوام بێت و دەزگاکانی تریش چاو لەم جۆرە پێشانگەیە سەرکەوتووانە بکەن هیوای سەرکەوتن و بەرەو پێشەوەچوون دەخوازین بۆ دەزگای ئاراس و هەموو کارمەند و بەرپرسانی ئەم دەزگایە.

خەسرۆ گۆران

***

پێشانگەی خەت و وێنەی منداڵانم ئەمڕۆ دیت، بەڕاستی نووسینەکانی کاک محەمەد زادە ڕەنگدانەوەی توانا و بەهرەیەکە کە هەمیشە پێی سەرسام بووم،

هەڵبژاردنی وتەکانی بارزانی و شیعرەکانی مام هەژار و عەبدوڵڵا پەشێو بەراستی لە جێی خۆیدا بوون و نیشانەی سەلیقە و توانای کاک محەمەد دەردەخا بۆ هەڵبژاردنی تێکستەکانی جوانی خەت و پڕ مانای تابلۆکان بۆ خۆیان شاکارن. دەستخۆشی لە کاک محەمەد دەکەم و هەر سەرکەوتوو بێت.

تابلۆ شیرینەکانی خوشکە ئاریان سەرسامیش نموونەی توانایی خوشکی سەرسام دەنوێنێت و توانیویەتی بە قەڵەم و فڵچەی ڕەنگینی جیهانی پاک و بێ گەردی منداڵان نیشان بدات. وێنەی ئەو منداڵە جوانانە کە سەرسام دەیاننەخشێنێ هەمیشە مایەی سەرنجم بووە و زۆر حەزیان پێ دەکەم و چەند وێنەیەکی ئەو منداڵە جوانانەشم بەدیاری بردوومە بۆ دەرەوەی وڵات بۆ منداڵەکان. زۆر دەستان خۆش خوشکە ئاریان و داوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەم.

سەلام عەبدوڵڵا

***

لەگەڵ جوانترین پیرۆزبایی بەبۆنەی سێیەمین ساڵوەگەڕی دامەزراندنی دەزگای ئاراس و هیوادارم هەر بەردەوام لە خزمەتکردن بەکتێبخانەی کوردی و هیوامە دەزگاکانی تریش وەک دەزگای ئاراس بکەونە ئیش و لە خزمەتکردن دوا نەکەون. هەر پیرۆز و سەرکەوتووبن. بەتایبەتی برای خۆشەویستم کاک بەدران هەرسەرکەوتوو بیت..

عتۆ فەتاح

***

زۆر خۆشحاڵم بەبینینی پێشانگەی کتێب و خۆشنووسی دەزگای خۆشەویستی ئاراس. جێگای خۆشحاڵییە کە ئەم دەزگایە بەهەوڵ و کۆشش و هیممەتی کاک بەدران بەرپرسی دەزگا و سەرجەم کارمەندانی توانیویەتی لە ماوەیەکی تا ڕادەیەکی کورتدا لە ڕێگای بەرهەمە بەپێز و جۆراوجۆرەکانی خزمەتێکی زۆری کتێبخانە و ڕۆشنبیری کوردی بکات و شوێنی شایستەی خۆی لەناو دڵی ڕووناکبیراندا بکاتەوە. هیوای بەردەوامی و سەرکەوتنی بەردەوام بۆ دەزگای ئاراس دەخوازم.

هەڵمەت حەمید ئیبراهیم

***

منداڵ گەورەترین سەرمایەی دوارۆژە، ئەو گەلەی لە خەمی سبەینێ و دوارۆژدا بێت منداڵ و پەروەردەی منداڵ و پێکهێنانی ناسنامەیەکی تەواوی منداڵی لەبیر ناچێ.

بۆیە چی بکرێ لەپێناوی هێنانەدی ئەم ئامانجە هێشتا کەمە، دەستخۆش.





دەزگای ئاراس کلیلی گەنجینەی خۆ دۆزینەوە و خۆ ناسینەوەی کورد، بە چی دەچی گەنجینەکەمان پڕ بێ لە شتی بەنرخ بەڵام تۆزی ڕۆژگار و تاریکی مێژوو مەودای کەلک وەرگرتن و بینینی نەهێشتبێ، زمان، مێژوو، بەشێکن لە کەلوپەلی ئەو گەنجینەیە. دەزگای ئاراس ڕۆشنایی دەخاتە سەر ئەو گەنجینەیە بەڵام تکایە شتە چاکەکان دەربهێنن، باخی ئێمە گوڵ و دڕکی تێدایە، بژاری کەن.

دەستخۆش هەر سەرکەوتووبن. پێشانگەکە ڕێکوپێکە و کتێب و تابلۆکان هەر زۆر نایابن.

هوشیار عەبدوڕەحمان سیوەیلی

***

لە ڕۆژی ٢٧/١٢/٢٠٠١ سەردانی پێشانگەی ئاراسمان کرد کە پێکهاتبوو لە پێشانگەی کتێب، خۆشنووسی، وێنەی منداڵان لە هۆڵی میدیای پایتەختی هەرێمی کوردستان. ئەوەی زیاتر سەرنجی ڕاکێشاین ئەو ژمارە زۆرە کتێب و نامیلکانە بوون کە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک چاپ کراون و بڵاوکراونەتەوە لە هەموو بوارەکاندا، ئەمەش خزمەتێکی زۆری ڕۆشنبیری و زمان و کەلتوور و کتێبخانەی کوردی کردووە و جێگای شانازییە کە دەزگایەکی وەکو ئاراس لە ماوەیەکی کورتدا توانیویەتی ئەم ژمارەیە زۆرە بەچاپ بگەیەنێت. هەروەها وەکو تێبینیمان کرد سەبارەت بەخۆشنووس و بەخەتی کوردی کە بۆ یەکەمین جارە بیری نەتەوایەتی لە خەتی کوردیدا ڕەنگ دەداتەوە، ئەمەش هەنگاوێکی پیرۆزە بۆ خزمەتی گەلی کورد.

کتێبخانەی کوردی پێویستییەکی زۆری بەچیرۆک و وێنە و پەروەردەی منداڵان هەبووە، لە بەشێکی ئەم پێشانگەیەدا ئەوەش بەدی کراوە و بایەخی پێ دراوە، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا خزمەتکردنە بەمنداڵانی کوردستان و دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی لەم ڕوویەوە. لە ماوەی ئەم دوو ڕۆژەدا کە سەردانمان کردووە تێبینی ئەوەمان کرد کە خەڵکێکی زۆری ڕۆشنبیر و هونەرمەند و قوتابی سەردانی ئەم پێشانگەیەیان کردووە کە ئەمەش مایەی خۆشحاڵیمان بوو.

بۆیەش بەپێویستمان زانی کە پڕبەدڵ سوپاس و پیرۆزبایی لە بەڕێز جەنابی سەرۆک بارزانی و سەرکردایەتی پارتی و کابینەی چوارەم کە لەژێر ڕابەرایەتی و چاودێری ئەواندا ئەم بزاڤە ڕۆشنبیرییە لە کوردستاندا بەرەو پێش دەچێت، هەروەها سڵاو و پیرۆزبایی لە بەڕێز کاک نێچیرڤان بارزانی دەکەین کە گەورەترین پشتیوانی لە بزاڤی هونەر و ڕۆشنبیری کوردی دەکات هەروەها دەستخۆشانە لە بەشداربووانی ئەم

پێشانگەیە و بەتایبەتی دەزگای ئاراس دەکەین کە پێشڕەوە لەم بوارەدا هیوادارین هەمیشە بەرەو پێش بچن بۆ خزمەتی رۆشنبیری و گەلی کوردستان و نموونەشیان زۆر بێت.

ئیجرا سەعید — بەڕێوەبەری مەکتەبی وەزیری کاروباری ئەنجوومەنی وەزیران

مەحمود هالۆ — بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری

***

ئەمڕۆ ڕێکەوتی ١٢/٢٧ هاورێ لەگەڵ برای بەڕێزم نەژدەت سالح پێشانگەیەکەتانمان بەسەرکردەوە ئەوەی مایەی خۆشحاڵیم بوو هەردوو لایەنی کتێب و لایەنی پێشانگەی شێوەکاری منداڵان بوو هەروەها (خۆشنووسییەکەش). کە دەبینین گەلەکەمان رۆژ بەرۆژ قۆناغی باشتر دەبڕی. لەهەموو ڕوویەکەوە.

دەستخۆشی لە ڕێکخەرانی پێشانگەیەکە دەکەم بەگشتی بەشی منداڵان بەتایبەتی کە هەوڵیان داوە وێڕای ئەوەی کە چیرۆکەکان بیانی بوون بەڵام بۆ منداڵانی کوردی بخەنە چوارچێوەیەکی کوردییەوە.

موسا ئەحمەد – سکرتێری ی.ق.ک

***

الأخوة الأحبة في دار آراس

أهنئكم على معرضكم الفني الجميل... وعرضكم الثقافي الفني والهام... وأسهامكم في دعم الثقافة في كوردستان تستحق التقدير والتثمين... أضافة الى كونها أسهامة وطنية لدعم الحركة الثقافية وتطويرها في كوردستان المحررة... وأمنياتي لكم بدوام النجاح والموفقية... لخدمة قضايا الشعب... وتدعيم الحركة الثقافية النامية... لبناء كوردستان حرة مزدهرة سعيدة..

مع تحية وتقدير خاص للعزيز بدران على جهوده في أنجاح عمل الدار وتطوير الكتابة والابداع الثقافي...

سعدون – عن م. س.حشع

***

أحيي هذه المبادرة لاقامة معرض للابداع الكردي واتمنى المزيد من اجل اشاعة ثقافة الابداع والفن الراقي الذي يبنى من خلال تطلعات الناس وهمومهم ومشروعهم الانساني نحو الافضل.





لاحظت لوحات جميلة تعكس التطور المبدع.

اتمنى النجاح لكل المساهمين، والى المزيد من معارض الفن والثقافة.

الدكتور سامي خالد – باحث وكاتب عراقي

***

معرض جميل ومعبر حقاً عن الجهد الطيب للمبدعين الذين ينتجون كل هذه المطبوعات بخطوطهم ورسومهم وتصاميمهم، وعن جهد دار ئاراس التي تقف وراءهم جميعاً، وجعلت من نفسها منبراً لهم ولابداعهم وللمعرفة والثقافة عموماً، وللثقافة الكوردية خصوصاً.

كل التهنئة للقائمين على المعرض، ولدار ئاراس بالذات، والى مزيد من العطاء الطيب والمخصب.

مفيد الجزائري

***

زرت المعرض وكنت معجباً جداً بها ويلاحظ المرء ان هناك بوادر تقدم وازدهار في كوردستان. واتمنى المزيد والف توفيق لهم في عملهم.

رشيد طاهر حسن – مدير عام المالية

***

ئەمڕۆ سەردانی ئەم پێشانگە فراوانەمان کرد بۆ کتێبە بەنرخەکانی دەزگای ئاراس کە بڵاوی کردوونەتەوە... لەبەرئەوەی لە نزیکەوە زیاتر ئاگادارم بەچالاکییەکانی دەزگای ئاراس بۆ بڵاوکردنەوە و گەلێ بەرهەمی بەپێز و بەنرخم بەرچاو کەوتووە و خوێندوومەتەوە.

بۆیە بەدڵنیاییەوە هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم وە ئومێد دەکەم جگە لەلایەنی مێژوویی و ئەدەبی کە زیاتر بایەخیان پێداوە لایەنی خزمەتی گەلی کورد بۆ ئیسلام و رۆڵی بەرچاوی زانایانی کورد لە کوردستان بۆ بەرگری لە دۆزی ڕەوای گەلەکەیان زیاتر بەبایەخەوە بنرخێنرێت و بخرێتە بەرچاوی هۆشیار و رۆشنبیرانی گەلەکەمان کە مزگەوت و میحراب و دەنگی زوڵاڵی زانایان هەمیشە لە ئاستی پێویستی خزمەتگوزاری گەلەکەیاندا بوون. وە دەربارەی لایەنەکانی تری پێشەنگاکە بەتایبەتی خۆشنووسی و وێنە و پۆستەرەکان جێگای دڵخۆشییە و ئەوەی زیاتر سەرنجمی ڕاکێشا گرینگی دانە بە دوو لایەنی تایبەتی، یەکەمیان بە کوردی هەستی دینداری و وڵاتپەروەری کورد ڕاگەیێنراوە، دووهەمیان بەخەتی خۆش سەرنجی جەماوەر ڕاکێشراوە

بۆیە هیوای زیاتر خزمەت و ماندوونەبوون و خۆڕاگری لەبەردەم ئاستەنگەکاندا بۆ دەزگای ئاراس دەخوازم. پشت بەخودا هەمیشە بەرهەمەکانیان لە خزمەتی ئایین و گەل و نەتەوەکەماندا دەبێت.

شێخ موحسین موفتی

سەرۆکی لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی لە پەرلەمان و

جێگری سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

***

بۆ بەڕێزان بەشدارانی پێشانگە...

سلاو... ڕێز... پیرۆزبایی...

دەستتان خۆش هەر یەکەتان لە بواری کارەکەتاندا شتی باشتان پێشکێش کردووە. هیوای بەردەوامی و سەرکەوتنی زیاترتان بۆ دەخوازم هەر بژین و سەرکەوتووبن.

غەفوور مەخمووری

***

ئاراس زۆر لەمێژە بۆتە هێمایێکی بەرجەستە لە مێژووی بزاڤی ئازادیخوازی گەلەکەمان. هەر بۆیەش هەر کاتێ ناوی ئاراس بێت جەماوەری کوردستان بەڕێز و نەوازش گوێی بۆ ڕادەگرن. چونکە بەڕاستی ئاراس هەنگاوێکی پیرۆز بوو لەو کاتەی باوکە بارزانی و هەڤاڵەکانی بەباوەڕێکی پۆلایین بۆ گەیاندنی پەیامێکی پیرۆزی گەلەکەمان هەنگاویان نا واتە قۆناغێکی ڕۆشنبیری بوو.

لەم ماوەی دوای ڕاپەڕین لە هەرێمی کوردستان زۆر هەنگاوی پیرۆز لە بواری ڕۆشنبیری هاتوونەتە هاویشتن و جێگای ڕێزن. بەڵام دەزگای ئاراسیش پرشنگدارترین هەنگاوە لەم بوارەدا کە کەلێنێکی زۆری لەم بارەیەوە پڕ کردۆتەوە. جێگای دەستخۆشییە لە هەموو ئەوانەی کە لەم بوارەدا زەحمەتیان کێشاوە.

لەم پێشانگە پڕ نرخەدا ئاواتی دەزگایەکە زیاتر دێتە پێش چاو چونکە بایەخێکی تایبەتی داوە بە بواری منداڵە چاوگەشەکان کە ئاواتی دواڕۆژی گەلەکەمانن.

جارێکی تر هیوای سەرکەوتنی زیاتر بۆ دەزگای ئاراسی خۆشەویست...

عەباس غەزالی

***

لەو دوو سێ ساڵەی دواییەدا دەسگای ئاراس کەلێنێکی یەکجار گەورەی لە زانیاری و زانستی و ئەدەب و هونەری کوردەواری و هەموو گێتی پڕ کردۆتەوە.





من ناڵێم هەموو کارەکانی ئەم دەسگایە یەکەمن، بەڵام چاکی زۆریان تێدایە، بەتایبەتی ئەگەر بەرهەمەکانی بکەین بە سێ بەش، بەشێکیان تازەن، بەشێکیان دووبارە چاپ کراونەتەوە، ڕەنگە ئەمە لە تازەکەش گرینگتر بێ، چونکە ئەو چاپەمەنییانە دەگمەنن، بەشی سێیەم لەوانەیە بۆ من دەست نەدەن بەڵام بۆ تۆ شتێکی زۆر باشن.

ئاراس تەنیا مەعریفەتی بڵاونەکردۆتەوە، بایەخی زۆری بەهونەری شێوەکاری و دەرهێنانی کتێب داوە، کتێبەکانی نموونەی تابلۆی ڕەنگینی مۆزەی شێوەکارین، جگە لەوە بەرگی کتێبەکانی مەیدانی مەشقی هونەری خۆشنووسی خەتی زمانی کوردی بووە.

بێ گومان ئاراس کارێکی پەسەندی کردووە بەوەی نەک تەنیا ڕێگەی خۆش کردووە بۆ ئەوەی کتێب بگاتە دەستی خوێنەری کورد بەکردنەوەی پێشانگەی کتێب فرۆشتن بەڵکو پێشانگەی شێوەکاری ئەم میهرەجانە ڕۆشنبیرییە بووە بەسەرچاوەییێک بۆ ناسین و زانینی پلەی خوێندەواری لە کۆمەڵی ئێمەدا. سەرکەوتن بۆ کارگەرانی ئاراس دەخوازم.

مارف خەزنەدار

***

انا سعيد للغاية، حينما أرى (وأتلمس) هذه الجموع الخيرة، وقد توجهت افراداً وزرافات، لمشاهدة أعمال وانجازات أبناء وبنات مدينتنا المجيدة أربيل -هەولێر- وأسعدت فعلاً بمشاهدة رؤى وتطلعات وتفنن الفنانة الرائعة ئاريان سەرسام، بابداعاتها ولمساتها الحانية، فاليها تحاياي. وكذا ما شاهدت مما خطته أنامل وعقل الخطاط الفنان الملهم محمد زاده. وكان سروري أعظم حينما وجدت كردستاننا وعاصمتها العظيمة تزهو بمطبوعات دار ئاراس وبرايەتي بهذا الكم الهائل وهذا التنوع البديع من كتب في مختلف صنوف المعرفة. فارجو ان يكتب الدوام والتوفيق لمثل هذه الانجازات في «زهرة المدائن» هەولێر...

پ. د. محسن محمد حسين الأربيلي

جامعة صلاح الدين- هەولێر

***

سلاوی گەرم...

لە ڕاستیدا لە هەر چوارچێوەیەکدا مێشکێکی سارد لەسەر بۆتەی دڵێکی گەرم دەبینم، کە وەک مۆمدانێک ڕێگای تاریکی گەلێکی چەوساوە ڕۆشن دەکاتەوە.

یاخوا ئەو دەست و مەچەکانە هەر پایەدار و بەزر و پیرۆز بن و هەرگیز دانەمێنن.

لەگەڵ هیوای سەرکەوتن

د. عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول – کۆلیجی ئاداب

***

زۆر سوپاس بۆ ئەم کاتە خۆشە لەناو تابلۆ و کتێبیاندا!

من ئەم بیرەوەرییە، کە پیاسەیەکی ڕۆشنبیری بوو، هەرگیز لەیاد ناکەم.

د. ژێرار گۆتییێ

ب. ئەنستیتووی فەرەنسی لە کوردستان

***

سازدانی پێشانگەی کتێب، خۆشنووسی شێوەکاری ئەمڕۆ وێکڕا، بزووتنەوەی ڕۆشنبیری کوردی دەخەنە بەرچاو، لەو پێشانگەیەدا دەزگای ئاراس ڕۆڵێکی دیاریکراوی لە بەرهەمی بیردا گێڕاوە، لە ماوەی سێ ساڵدا پتر لە سەد کتێبی بەنرخی ناوەڕۆک دەوڵەمەندی پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی کردووە.

هیوادارم ساڵانە چەند پێشانگەیەکی ئاوا لە شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا ساز بکەن و پێوەندی نێوان خوێنەر و نووسەر پتەوتر بکەن.

کوردستان موکریانی

***

بەڕێز کاک بەدران و ئەندامانی دەزگای ئاراس

دەستتان خۆش بێت و ئیشەکەتان زۆر جوانە و زۆر دڵسۆزانەیە. خۆزگا چەندین دەزگای تر و چالاکی تر هەبایە. جوانترین شت لە ئەم پێشانگەیەدا کە خەڵک ئاپۆرەی بەستووە و خوێنەری دڵسۆز پەیدابووە.

ئاریان خان: ئیشەکانت جوانن، ڕوونن، کوردەواری نیشان دەدەن دەستخۆشیت لێ دەکەین بەهیواین ببیت بەئەستێرەیەک لە ئاسمانی هونەردا.

د. شێرکو بابان

***

دەستخۆشی دەکەم لە ڕێکخەرانی ئەم پێشانگەیەی کتێب و هەروەها هونەری شێوەکاری کە لە ڕاستیدا گوزارش لە ئاستێکی بەرزی هوشیاریی کۆمەڵایەتی و دەسترەنگینییان دەکات و مرۆڤ بۆ چەند ساتێک دەچێتە ناو دنیای مەعریفە و





هونەرەوە، ئەو دوو بوارەی وەکو نان و ئاو بۆ نەتەوەی ئێمە پێویستە... پیرۆزە ئەو بەرهەمانەتان، پیرۆز بێت لە کورد دەزگای چاپەمەنیی سەردەم (ئاراس) و بەرهەمەکانی و هەر زێدە بن دەسترەنگینانی کورد لە کوردستانی ئازیزدا.

د. ڕەشاد میران

***

بەناوی یەزدان و کورد و کوردستان

ڕێز و سەڵاو و دەسخۆشکەری بۆ هەموو برایان و خوشکان. ئینشاءالله لەم بەهارە مەزنترین و گەورەترین ئاهەنگ و خۆشی بێتە کایەوە دەسخۆشکەری و دڵخۆشکەری.

دڵسۆزتان: د. محەمەد هەمەوەندی

***

سوپاس بۆ کارمەندانی دەزگای ئاراس بۆ ئەو پێشانگە بەنرخەی چ لەسەر ئاستی کتێب یان ئەو تابلۆ ڕەنگینانەی پێشکەش کران.

لە وڵاتێکی شەکەتی چەند جار ئابڵوقەدراودا و کە بەزامی داگیرکردنێکی دێرینەوە ئێستاش ئازار و ماکەکانی سارێژ نەبووە. بێ گومان جموجۆڵێکی کولتووری و هونەری لەو جۆرە جێگەی ستایش و دەستخۆشکەری کردنە، ئەمە نیشانەیەکە بۆ زیندوویی ئەم گەل و وڵاتە.

تابلۆکان ئەگەرچی جۆرە لاساییکردنەوەیەکی تێدایە بەڵام هونەرمەندان توانیویانە لێوەشاوەیی و وەستایی خۆیان بنوێنن. هیوادارم بەردەوام بن لەو ڕۆڵە گرینگەدا بۆ پەروەردەکردنی نەوەیەکی نوێ کە کوردستانێکی ئازاد و ئارام و گەشەکردوو بەرەو پێشەوە بەرێت. جارێکی تر دەستخۆشیتان لێ دەکەم، ئومێدەوارم هەوڵ و تەقەلاکانی ئایندەتان زیاتر و گەورەتر بێت.

د. دلێر شاوەیس

***

دەتوانین بەوپەڕی دڵنیاییەوە بڵێین، کە هۆی هەرە سەرەکی پێشکەوتنی هەموو نەتەوەیەکی جیهان ڕۆشنبیرییە و، هەروەها پێوەرێکی بنچینەییشە بۆ پێوانی ڕادە و سنووری پێشکەوتن. بەهەموو لایەنەکانییەوە، لە هەموو گۆشە و کەناری جیهاندا، ڕۆشنبیری بڕبڕەی پشتی شارستانێتی ئادەمیزادە و، هەمیشە ڕووناک کەرەوەی ڕێگای کاروانی بۆ پێشەوە چوونی گەلان بووە و، لە سەرەتای مێژووەوە تا ئەمڕۆ و، لە ئەمڕۆیشەوە بەرەو ئایندەیەکی دوورودرێژ تا ئەوکاتەی کە ئادەمیزاد لەسەر ڕووی ئەم

جیهانەدا بژی، پێشبڕکێ بووە و پێشبڕکێیە لەنێوان هەموو گەلاندا، ئەو نەتەوەیەی کە ڕۆشنبیری لە هەموویان پتر بووبێ ئەوا پێشڕەوی ئەو کاروانی شارستانییەت و پێشکەوتنە بووە، هەموو سستی و تەگەرەیەکیش لەو ڕێگەیەدا بۆتە هۆی زیانبەخشین و دواکەوتن و کوێرەوەری. لەپێش ڕاپەرینە مەزنەکەی نەتەوەکەماندا، دوژمنانی کورد بەهەموو جۆرێ هەوڵیان داوە سامانی بیروهۆش و بەرهەمی ڕۆشنبیریمان کپ و بێدەنگ و بەرەو نەمان ببەن، بەڵام دوای ساڵەهای دوورودرێژی خەباتی نەتەوەکەمان کە ئەنجامەکەی ڕاپەرینە گەورەکە بوو، گەیشتینە ئەو قۆناغەی کە ئاواتێکی هەرەگەورەی نەتەوەی کوردمان بوو. یەکێ لەو ئارەزووە مەزنانە، دامەزراندنی دەزگا ڕۆشنبیرییەکانمانە کە پیرۆزترین کاریان گرتۆتە ئەستۆی خۆیان.

ئەوەی کە لێرەدا شایانی باسە دامەزراندنی (دەزگای ئاراس)ە، ئەو دەزگا ڕۆشنبیرییەی کە لە ماوەی کەمتر لە دوو ساڵ و نیودا توانی ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە بەرهەمی بیروهۆشی سامانی نەتەوایەتیمان بەشێوەیەکی جوان و ڕازاوە لە چاپ بدات و کتێبخانەکانی کوردستانی پێ بڕازێنێتەوە و بەئاسانی بیانگەیەنێتە دەستی ڕۆشنبیرانمان، هەروەها پشتیوان و هاندەرێکی گەورەیە بۆ چاپکردنی هەموو بەرهەمێکی بەکەڵک و سوودمەند بۆ نەتەوەکەمان

د. محەمەد نوری

***

ئیمڕۆکە بەڕاستی فیستیڤاڵی ڕۆناکبیری و هونەر و کتێبی کوردییە و لە خزمەتی کوردەواریدایە و ئامانجەکانی کوردایەتی دەهێنێتە دی.

دەزگای ئاراس کە ئەو دروشمەی بەرزی کردۆتەوە (ئاراس پەڕینەوەیە بەرەو سەرفرازی) بەڕاستی لەم ماوەیەی کە دامەزراوە و بەتایبەتی برای ڕووناکبیرمان کاک بەدران ئەحمەد توانیویەتی بەرەو ئەو ئامانجەی ببات کە بۆی دامەزراوە و، دەزگای ئاراس بەتایبەتی ئەمڕۆ ئیسپاتی کرد ناشنال ئینستویتی کوردە و سەرفرازییەکە بۆ هەرێمی کوردستان چونکە بایەخێکی زۆری داوە بەکێشە گرینگەکانی نەتەوەکەمان دەستخۆشیان لێ دەکەین.

لە هەمان کات بەڕاستی هونەرمەندان محەمەد زادە و ئاریان خان و کاک یوسف هەریەکە بەدەستە ڕەنگینەکانیان ڕەونەقێک بدەن بەهونەرەکان یاخوا دەستیان نەڕزێت هەر سەربەرز بن لە پێناو خزمەتی میللەتەکەمان.

عەلی مەحمود جوکل - مامۆستای زانکۆ

***

کردنەوەی پێشانگەی کتێبی کوردی، کارێکی شارستانییە هیوادارین دەزگای ئاراس





و هەموو دەزگاکانی کوردستان پتر گرینگی بەکتێبی پێویست بۆ پێشخستنی کۆمەڵگەی کوردەواری بەنرخ بێت. هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم، هیواداریشم لە داهاتوو پتریش کاربکەن بۆ ئەم مەبەستە.

د. جەمشید حەیدەری

***

مێژووی بڵاوکردنەوەی کتێب لە کوردستاندا، لەچاو ئەو مێژووە دوور و درێژەی لە چین و وڵاتە ئەوروپییەکاندا هەیەتی، مێژوویەکی یەکجار کورتە، بەڵام ستایشی مرۆڤی کورد بۆ کتێب و نووسراو هەمیشە لە پلەیەکی پیرۆزدا بووە.

کورد نەتەوەیەکە دوای ئەوەی بەردەوام خۆی لەبەردەم سڕینەوە و هەڕەشەکاندا بینیوەتەوە، پەنای بۆ تۆمارکردنەوەی خۆی بردووە.

سەرەتا لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان، پاشان لەسەر پێستە و دار و دواجاریش کاغەز... لێرەوە، نووسراو بۆ کورد شوێنێکە بۆ مانەوە لە بازنەی بوون و بەردەوامیدا، ئەمەش لە کاتێکدا کە لەسەر پانتایی واقیع هەڕەشە لە بوون و بەردەوامیی کراوە..

کەواتە هەرکەس ستایشی کتێب بکات، پانتاییەک بۆ مانەوەی ئەم نەتەوەیە بەدەست دەهێنێتەوە، کتێبەکان وەک ئەو پارچە زەوییانە وان کە دەبێت بەدەستیان بهێنینەوە و بیانکەینەوە بەشوێنێ بۆ ژیان..

کردنەوەی ئەم پێشانگەیە و پێشتریش کردنەوەی پێشانگەیەکی هاوبەش لە سلێمانی، گێڕانەوەی ئیعتیبارە بۆ کتێب لەم وڵاتەدا.. ئەمەش لە کاتێکدا ئێمە دەزانین مێژووی کتێب لە نیشتیمانی ئێمەدا پڕە لە یاساخکردن، سانسۆرکردن و کتێب داخستن..

چەندە ستایشی کتێب بکەین، هێندەش ڕێ دەگرین لەوەی عەقلیەتی سانسۆر و دژە کتێب لەم مەڵبەندەدا سنووردار بکرێت..

دەبێت لە کتێب کولتوورێک بۆ ئاشتی و بۆ مانەوە دروست بکەین تا لە ڕێگای کتێبەکانەوە بتوانین یەکتریمان خۆش بوێت و وەک چۆن یەزدان کتێبی بۆ مرۆڤ کردە دیاری، ئاواش مرۆڤ کتێبەکان بۆ یەکتری بکەنە دیاری.. جوانیی مرۆڤ لەوەدایە کردەی یەزدانی دووبارە بکاتەوە..

ڕێبوار سیوەیلی

***

کتێب و شارستانیەت جمکەن

کتێب ئاوەدانییە

لە قۆناغێکدا کتێبی کوردی بەپەڕی پەرپووت دروست دەکرا، جەستەی بەهەڵەی چاپ زامدار دەکرا، تێکڕا لە بیبلۆگرافیایەک کۆ دەکرایەوە.

ئەمڕۆش دەزگای ئاراس کوردستانی ئاوەدان کردۆتەوە

نووسەران و هونەرمەندان بانگ کەن...

خوێنەران خەنی کەن...

دەستخۆشی لە بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین دەکەم...

دەستخۆشی لە بەڕێز بەدران ئەحمەد حەبیب دەکەم بەردەوام بن...

ع.ع. یوسف

***

هەستم بەو منداڵییەی خۆم کرد کە لە ڕۆژی یەکەمی جەژن دەمدی. ئەو هەموو جوانییە چ بوو وەکو باران دەباری و منیش لەناودا شیعرم دەنووسی.. دەتگوت ئادەم بە ئاگا هاتۆتەوە و لەگەڵ حەوای ئەمڕۆ پێدەکەنێ... ئەو هەموو جوانییە مەگەر بەدرانی جوانناس پەی پێ ببا، بەدران ئەحمەدی ئەندازیاری جوانناسی.

ئەم هەموو جوانییە نیشانەی سەرکەوتنی سبەینێیە.

ئەنوەر مەسیفی

***

لە ڕاستیدا دەتواندرێت بوترێت لە ساڵانی دوای ڕاپەڕین یەکێ لەو دەستکەوتە مەزنانەی کە نەوەی دوارۆژمان شانازی پێوە دەکات لایەنی ڕۆشنبیرییە، کە لەم ماوە کورتەدا تواندرا ئەم هەموو بەرهەمانە تۆمار بکرێت لە مێژووی گەلی کوردی چەوساوە کە دەمێکە تێنووی تۆمارکردنیەتی... هەروەها دەربڕینی ڕا بۆ بەدیارخستنی ئەم ڕاستییەی کە تا چ ڕادەیەک نەوەکانمان چەوسێنرایتەوە.

یاخودا هەر شەکاوە بێت کوردستان و هەروەها نووکی خامەی ڕۆشنبیران بەتەوژم بێت بۆ بەدیارخستنی ڕاستییەکان.

د. ئیسماعیل شوکور ڕەسوول

***

لەم ساڵانەی دوایی بۆ من ئەمڕۆ ڕۆژێکی زیندووتر و جیاوازە. بەڕاستی کارە





شاکارەکانی کاکە زادە، لە جۆری خۆی دڵی هێندە خۆشکردم، کە نەبڕێتەوە، بەڕاستی گەیاندوویەتییە لووتکە، لەوەش زۆر جیاواز بەو دەستە ڕەنگینە وتەی بەنرخ و شیعری کوردی نووسیوە، کە هی ئەوەن بکرێن بەپۆستکارت و بەدنیا بڵاو بکرێنەوە، خۆزگە کاکە زادە لەم ڕووەوە وەختی زۆرتری بۆ تەرخان دەکرد.

وێنەکانی ئاریان خان و هونەرمەندەکانی تر دنیای پڕ پاکی منداڵ و هونەرمەندانی هێناوەتە نێو هۆڵ، کە تایبەتمەندییەکی جوان و هەڵبژاردنێکی شیاوە، چاوی هەموو لایەک ڕوون.

زۆری ناونیشانی کتێب و هەرزانی نرخەکانیان کارێکی لە جێ و لە وەخت بوو، کە دیسان ئاپوورەی خوێندەوارە هەژارەکانی هێنایەوە مەیدان، بەو هیوایەی کە ساڵانە وەرزانە ئەم جۆرە کارە جوان و بەسوودانە هەموو لایەکمان کۆبکەنەوە.

مەولود ئیبراهیم حەسەن

***

کردنەوەی پێشانگە و پێشچاوخستنی هەر بەرهەمێکی شارستانی دەمێکە بەشی میللەتانی چاوکراوە و پێشکەوتووی جیهانە، دیارە لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتەکانی دەسەڵاتدار بەشی کورد لەم چالاکییە شارستانییانە زۆر کەم بووە، لە ماوەیەکی ئەم دە ساڵەی دوایی کە کوردیش بووە خاوەنی حوکمی خۆی با بە هەنگڵەشەلێش بێت، نواندنی ئەم چالاکییانەی لێ ڕەچاو دەکرا، بەتایبەتی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس دەمێکە نواندنی ئەو چالاکییەی لێ ڕادەبینرا، وابزانم لە کات و ساتی خۆیدا بوو کە ئەو دەزگایە بەم کارە ڕۆشنبیرییە ڕابوو و بووە هۆی بارسووکی خوێنەر و ڕۆشنبیران.

عەبدوڵڵا زەنگەنە

***

پێشانگەی پەڕینەوە بەرەو سەرفرازی و وتەیەکی پێویست

جاری وا زمان لاڵ دەبێ و قەڵەم بێ دەسەڵات دەبێ لە ئاست شاکاری گەورەدا و مرۆڤ نازانێ چلۆن وەسفیان بکات...

لە ڕاستیدا، ئەم پێشانگەیە، هەر وەکو لە ناوەکەیدا و لە ناوەڕۆکەکەیدا دیارە، پەڕینەوەیە بەرەو سەرفرازی و زیندەبەچاڵ کردنی لاپەڕە ڕەشەکانی مێژووە... ئەوەتا ڕۆڵە بەوەفاکانی بارزانی نەمر قۆڵ و بازوویان لێی هەڵکردووە و بەکردەوە دەیسەلمێنن کە کورد نەمردووە و هەر زیندووە.

شـایەنی ئامـاژە بۆ کـردنە، بابەتەکـانی ئەم پێـشـانگەیە تێکرا دڵخـۆشکەر بوون بەتایبـەتی تابلۆکـانی مـامـۆسـتـا زادەی هونەرمـەند چونکە ئاوێتـەی قـسـە و وتە نەستەقەکانی بارزانی نەمر بوون و گوڕ و تینێکی نوێی خستەوە گیانمان و ئەمجارەیان جیـاواز لە سـاڵانی حەفـتـاکـان لە جیـاتی تەکنیـکی کـۆن بەتەکنیکێکی نوێ و کـاری کۆمپیوتەریی وتەکانی بارزانی نەمری ڕازاندبۆوە... دەک دەست و پەنجەکانی نەڕزێ بۆ کـۆکـردنەوەی ئەم کـەلەپووره مـەزنەی بارزانی نەمـر و قـوتابییـەکـانی بارزانی لەم پێـشـانگەیەدا... هەروەها تابلۆ قـەشـەنگەکـانی ئاریان سـەرسام... کـە جـوانی منداڵە چاوگـەشـەکـانی کـوردی لە ئامـێـز گـرتبـوو ئەو منداڵانەی کـە سـەرمـایـەی کـورد و کوردسـتـانن... ئەمە و لە کۆتاییشـدا، دەسـتـخۆشی لە دەزگـای ئاراس و بەرپرسـەکەی مـامۆستا بەدران ئەحمەد دەکەم کە بەهەقیـقەت دڵسۆزی و وەفاداری خۆی بۆ وشە و کەلتووری کوردی سەلماند و بەدەری خست کە ئەوەی بیەوێ کار بکات ئەوەتا مەیدانی کارکردن و ئەوەی بشیـەوێ تێکبدات با سەری خۆی لە بەردی ڕەق بدات چونکە لەژێر خێوەتە گەورەکەی بارزانی نەمر جێگای هیچ تێکدەرێک و گـێرەشێوێنێک نابێتەوە درەنگ و زوو ئەو کـەسە نەفس نزمـانە ریسـوا دەبن و سەرکـەوتنیش هەر بۆ ڕێبـوارانی ڕێگا و ڕێبازی پیرۆزی بارزانییە. بژی کورد... بژی کوردستان.

کەمال سەعدی مستەفا- مامۆستای کۆلیژی یاسا و ڕامیاری

***

ئەمڕۆ ڕۆژی هەینی سەردانی ئەو پێشانگەیەم کرد کە دەزگای ئاراس سازی دابوو، بەڕاستی زۆربەی تابلۆکـان جێگەی تێڕامـان و دەسـتخۆشین، بەتایبـەتی تابلۆکـانی قوتابی خۆم، ئاریان خان و نەخشەسازی و نووسینە جوانەکانی برای بەڕێزمان مامۆستا (محەمەد زادە) هیوادارم هەردەم سەرکەوتووبن و بەرهەمی پوختەتریان ببینین.

سوپاسی دەزگای ئاراسیش دەکەم کە ئەم پێشانگەیە و پێشانگەی کتێبی کردەوە کە هاندەرێکی باش بوو بۆ ئەوەی ژمارەیەکی باش لە خوێنەران و قوتابیان و مامۆستایان بتوانن ئەو کتێبانەی تامەزرۆی خوێندنەوەیانن بەنرخێکی هەرزان بیکڕن.

هیوادارم زیاتر لەم کارانە بەردەوام بێت دەزگای ئاراسیش سەرکەوتووتربێت.

کەریم شەریف قەرەچەتانی

***

لرۆژا ٣٠/١٢/٢٠٠١ێ من سەرەدانا پێشانگەها کـتێب و هونەری یا دەزگەهێ ئاراس داناى کر و براستی جهی سەربلندی و سەرفەرازیێ یە کو لدەمەکێ هو کورت





ئەڤ دەزگەهە بشـێت هندە بەرهەمێ ڤـەرێژیت و ئەڤـەژی نیـشـانێ هندێ یە کـو پارتی دیموکراتی کوردستان شیان و کارینێت مەزن تێدا هەنە ژ بو پێش ئێخستنا هەمی لایێت ژیانێ و جڤاکا کـوردی دا. هەتا نهـو من کـیـماسێ ل ئالێ ڕەوشەنبیـری و هونەری و چاپێ هەبوون، بەلێ مرۆڤ ئەڤرۆ بێ پشت ڕاستە کو دڤێ بیاڤی ژی دا کوردا شیانێت مەزن هەنە ئەگەر دەراڤ بو ڤەبیت لە دوایێ دەستخوشییێ ل پشکدارا دکەم و داخازییێن سەرکەتنێ و سەرفەرازیێ بو دەزگەهێ ئاراس دکەم.

عەبدولکەریم فندی

***

ئاراس و پەڕینەوە و نمایشی ئاواز و ڕەنگ

بەڕاستی هەنگاوەکانی دەزگای ئاراس هەمیشە جێگای شانازیمانە، ئاراس بەوەندە نەوەستا کـتێب بۆ مێژوو بۆکورد بۆ زمان بۆ فەلسـەفە بلاو بکاتەوە گەیشتە ڕادەی کـتـێب و نامـیلکە بۆ منداڵ و تا دەگـاتە پێـشـانگە کردنەوە، بەڕاسـتی هەنگاوەکـانی هەمـەڕەنگن، شـارسـتـانین، سـیـمـای پێشکەوتن و خزمـەتی پرۆسـەی کـورد و دۆزی نەتەوەیی پێوە دیارە پیرۆزبایی لێ دەکەم.

عەبدولخالیق سەرسام

***

پێـشـانگەی دەزگـەی ئاراس، پێـشـانگەی کـتـێب لە تەک پێـشـانگەی خـامـە جوانـنووسـەکـەی کـاک محـەمـەد زادە و فلچە جـوانەکـەی ئاریان سـەرسـام، گـەر بڵـێم سەرسامی کـردم، ئەوا نە زێدەڕۆیی و نە ماسـتـاوچییایەتیم کـردووە بۆ دەزگـای ئاراس (کـە ئەمـڕۆ بەداخـەوە دیاردەیەکی باوە). کـە دەڵـێم پێی سـەرسـام بووم، هۆیەکـەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کـە لەم وڵاتەی ئێـمەدا باس هەر باسی کـەسادی بازاڕی کـتێب و ڕۆژنامە و بازاڕی ڕۆشنبیـرییە بەگشـتی. لەبەرئەوە هەنگاوێکی زۆر پیرۆز بوو مرۆڤ ئەو گردبوونە جەماوەری و نوخبەوییە لە دەوری سەدان نێونیـشانی کـتێبی کوردی و کوردنووساندا ببینێ.

بۆیە حـەز دەکـەم لێـرەدا بە ئارخـاینیـەوە بێـژم، بەڕاسـتی هەنگاوێکی پیـرۆز بوو. هیـوادارم دەزگـای ئاراس وەک خـوڕەی ئاراسی ڕووبار هەمـیـشـە ژیان و نۆژەنی بداتە مەیدانی ڕۆشنبیری کوردی و خۆزیا ئاراس ساڵانە لەو جۆرە پێشانگەیانەی دەکردەوە و چەند نووسەرێکیشی خەڵات دەکرد و زیاتر لای لە بەرهەمی بیرمەندانی کورد دەکردەوە. واتە گرینگیدانێکی پتر بەبواری هزری کوردی و بیرمەندان و بیریارانی کوردی شتێکی ژیانییە بۆ ئێمەی کورد. دووبارە چەپکێک سلاو بۆ کارمەندانی ئاراس و کۆمەڵێک

هیواخوازیش بۆ بەڕێوەبەری دەزگای ئاراس.

ئاکۆ محەمەد- سەرنووسەری ڕۆژنامەی میدیا

***

پیرۆزبایی لە هونەرمەندان محەمەد زادە و ئاریان سەرسام دەکەم... دەستخۆشانە لە دەزگای هەمیشە لە مەیدانی ئاراس دەکەم... هیوای تەمەنی درێژ و بەردەوامی بۆ هەمووان دەخوازم. بەڕاستی بابەتەکان سەرسام و خۆشحاڵیان کردم... هیوای پاشەڕۆژی هونەرمەندان و هونەری کوردی لە دڵدا گەشاندمەوە.

منداڵەکانی ئاریان پاکی و بێگەردی منداڵانی هەمیشە زوڵم لێکراوی کوردیان نیشان دام، سەرە پان و گۆنا خڕ و چەنە چاڵەکانیان ڕەسەنایەتی منداڵە کوردیان بەرجەستە کردووە. ڕەنگ و هێڵ و فەزای کوردەواری تابلۆکانی ئاریان خان، مژدە و نوقڵانەی هونەرێکی بەرز و باڵا و ڕەسەنیان پێوەیە.

ڕێز و حورمەتی تایبەتیشم بۆ دەزگای ئاراس هەیە کە دەرفەت بۆ هونەر و بەهرەی ئاوا دەڕەخسێنێ و ئێمەیان بەدیدار شاد دەکا. هەر سەرکەوتوو و شاد بن.

زاهیر ڕۆژبەیانی – بەرپرسی دەزگای گوڵان

***

پیرۆزبایی و دەستخۆشی لە دەزگای ئاراس دەکەین، کە بەماوەیەکی کورت توانی ئەو چالاکییە ڕێکوپێکانە ئەنجام بدات...، بۆ خزمەتی ڕۆشنبیری میللەتی کورد... داوای بەردەوامی دەکەین. هەروەها ڕێزمان بۆ کاک بەدران ئەحمەد حەبیب هەیە کە ڕۆڵی زۆر دیارە لەم پڕۆژە گەورەیە... دووبارە ڕێز و خۆشەویستیمان...

سەردار میران

***

کاک بەدران ئەحمەد هەروەکو چۆن وای ڕاهێناوین، ئەمجارەش شتێکی جوانی بۆ کردووین. ئەمڕۆ ڕۆشنبیرانی کورد و هونەردۆستانی ئەم شارە بەشاکارێکی دیکەی دەزگای ئاراس شادبوونەوە. پیت و وشە جوانەکان، ڕەنگە سیحراوییەکان، کتێب و نووسینی سوودمەند جێگەی ڕێز و ستایشی ئەم دەزگایە و ئەوانەشە پشت و پەنای ئەم دەزگایەن. گەیشتنی ڕۆشنبیر و خوێنەری کورد بەکتێب و بەنرخی گونجاو بەڵگەی بەهەندهەڵگرتنی هەست و نەستی خوێندەواری کوردە، بەڵگەی خەمخۆری و بەمشوورییە بۆ کەلتووری کورد. پیرۆزە... بەردەوام بن.

نیازی حمە عزیز – سەرۆکی سەنتەری ڕۆشنبیری ئاسۆس

***





زۆر سەرسام بووم، نەمزانی بنووسم چی یەک دوو فرمێسکی دڵخۆشی ڕژایە دڵم...

سەباح ڕەنجدەر

***

مرۆڤ کە پێشانگەی لەم جۆرە دەبینێ، هەر بەڕاستی دڵی دەکرێتەوە و بڕوای پتەوتر و دڵنیاتر دەبێ لەوەی کە ئێمەی کوردیش وەکو نەتەوەیەک ئەگەر بۆمان بلوێ بەزووترین کات دەگەینە ئاستی میللەتە پێشکەوتووەکان... پڕ بەدڵ پیرۆزبایی لە دەزگای ئاراس دەکەم کە هەر بە هی خۆمی دەزانم، بۆ ئەو هەموو بەرهەمانە کە جگە لە خزمەتێکی زۆری ڕۆشنبیریی نووسراومان، خزمەتێکی گەورەی زەوق و هونەری چاپەمەنی بەکتێبەکانیدا دیارە...

هەروەها کە بەرهەمی خۆشنووسی بەتوانامان کاک زادە کە نزیکەی بیست و سێ ساڵە خزمەتی هونەرەکە و چاپەمەنی کوردیمان دەکات... ئاریان خانی سەرسامیش، بەو بەهرە گەورە و توانایە ئاواتی دوارۆژێکی گەورەی بۆ دەخوازین.

لە کۆتاییدا دەڵێم، ئەمە پێشانگەیەکی کوردی بەرەو شارستانی و بەرزییە و هەنگاوە پتەوەکانی هەرێمە نازدارەکەمانی پێوە دیارە و... لەگەڵ سوپاسمدا.

ئەحمەد تاقانە

***

دەزگاها ئاراس ددەمەکێ کورتدا شیا شوین تلێن خۆ ل رەوشەنبیرییا کوردی بکەت و ب دەهان پەرتووکێن هێژا چاپ بکەت یا ژی دوبارە وان کتێبان چاپ بکەت یێن کو خوەندڤانێن کورد لێ دگەریان و ب دەست نەدکەتن و ئەڤرۆکە هیچ رەوشەنبیرەکێ کورد نینە، پەرتووکێن ئاراس دکتێبخانەیا وی دا نەبن. ئەم وەکی دەزگەها سپیوێز کو دێ ب هەمان کار رابین بێ گومان دێ ژ شارەزاییا ئاراس فایدەکەین و هیڤیدارین د پاشەرۆژەکا نێزیک دا بشێین ژمارەیەکا پرۆژەیێن رەوشەنبیری ب هەڤرا ئەنجام بدەین.

موئەیەد تەیب – سەرنڤیسەرێ دەزگەها سپیرێز

***

ماوەیەکە تێنووی پێشانگە و کۆبوونەوەی هونەرمەند و ئەدیب و کۆڕپەروەران بووم، لێرەدا دەتوانم بڵێم تێنوەتیم لە (ئاراس) شکا هەست دەکەم «ئالوی هاڤیندکێ» ئیمڕۆ لەوبەری ئاراس وەستاوە و چاوەڕوانی هەڤالان و سەرکردە ماندوونەناسەکەیتی و بەتیلی چاوی سەیری ئێوە دەکا. خەتە خۆشە بەفەڕ و زادەکەی زادە، وێنە ڕەنگینەکان و سەرسامەکانی ئاریان سەرسام لەژێر سەرپەرشتی ئەندازیاری بیرۆکەی تیژ و وردی کاکە بەدران خۆشحاڵن ئەوانەی لە ئاراس پەڕینەوە کە ماندووبوونیان ئەم جۆرە ڕەنگدانەوە و

بەرهەمەی لێ کەوتەوە... دەستتان خۆش... بەرقەرار بن بەرەو بەرهەمی تر و پێشانگەی جیهانی بەپێز و نایاب.

عەبدولباست فەرهادی

***

لە ناخی سکۆڵەکانی دڵمەوە پیرۆزبایی لە هەردوو پێشانگەکان دەکەم. نەخەسەلە پێشانگەکەی کتێبەکانی دەزگای ئاراسی ئازیز کە لە ماوەیەکی زۆر کورت توانیویتی بەدەیان کتێبی دانسقە پێشکەش بەخوێندەوارە تامەزرۆکانی میللەتی خۆیان بکەن. ئەمەش شایانی گشت ئافەرین و سوپاسانە و تەماخوازم کە هەردەم لەسەر ئەو ڕێبازە پایەبەرزە بەردەوام بێت هیچ تەگەرەیەک لەم ڕووەوە بەری هەنگاوی پێشکەوتنیان نەگرێت. دووبارە نیازخوازم کە لەم ڕووەوە بەردەوام و سەرفرازبن.

عەزیزی مەلای ڕەش

***

کارێکی ئاسان نییە لە گەڕانێکی سەرپێیی وادا، ڕایەکی دروست دەربېڕی لەسەر ئەوەی کە دەزگای ئاراس بەسوپاسەوە پێشکەشی کردووە. من بیر لەوە دەکەمەوە تا چەند خوێندنەوەمان بۆ تابلۆی کارەکان دەبێتە مایەی گۆڕینی نەخۆشییە دەروونییەکانمان لەنێو خودی خۆماندا، لەنێو خێزانی خۆماندا، لەنێو کۆمەڵگە بەگشتی.

تابلۆکان ئەگەرچی ساکارن بەڵام مانای قووڵیان لە ئامێزدا هەڵگرتووە. بەڵام بەداخەوە دڵنیام تەنها ئەوەی نیشاندراوە بۆ چەند ساتێک لەسەر زاران باس دەکرێن. کێ بێ بتوانێ سواری سەر ملی هەوا و ئارەزووی خۆی بێت و دەروازەیەک بەسەر جیهانی منداڵاندا بکاتەوە، دەروازەیەک بەسەر جیهانی ویست و ئارەزوو و ئازادی خەڵکدا بکاتەوە.

تابلۆکان ساکارن بەڵام تێیان ناگەین چونکە پەیڕەویان ناکەین. سەبارەت بەکتێبەکانیش، گومانم لەوە نییە کە نابێتە ئەوەی سوود لە هەڵەکانی ڕابردوومان وەربگرین و بۆ ئێستە و دواڕۆژمان کەڵکی لێ وەربگرین. کتێبەکان بەسوودن بۆ خۆیان بەڵام بڕواناکەم سوودیان لێ وەربگرین.

لەو بڕوایەشدام شیعری (مۆنیکا) وەڵامێکی دروستی هەموو ئەو (وردە) پرسیارانەن لە خەیاڵی من و هی وەکو مندا دەخولێنەوە. لەو بڕوایەدام بەرپرسان پتر لە هەموو کەسێک بەشیعری مۆنیکا دەکەونە سەرپشت چونکە بەعەقڵی ئێمەومانان





پێکەنینیان دێ، کە بەم شێوەیە بیر دەکەینەوە و هەموو ئازادییەک بەوان نادەین. شیعرەکە تەنها پاسێک بۆ هاوڵاتی دەبەخشێ..!! هیوام سەرکەوتنی کاک بەدران و هاوڕێ و هاوکارانییەتی.

کەریم مودەڕیس

***

کولتووری کتێب لە فەرهەنگی ئێمەدا، هێشتا هەژارە و بەو دەوڵەمەندییە نییە کە مایەی ئۆخەی بێ، ڕەنگە کتێبخوێن کەم بن و ئاستی ئەو مەعریفە بەبڕشتە لەو پلەیەدا نەبێ و ئەویش نەداربێ، لەگەڵ ئەوەشدا کۆشش و هەنگاوەکان وردە وردە لە سڕینەوەی ئەو تارماییەی ڕابردوودان کە بەهەق ئەمە کارێکی پیرۆز و شایستە و کەم بایەخ نییە، لەبەرئەوەشە کەسان و شارەزا و پسپۆڕانی خۆی دەوێ، ئەمە جگە لە کۆمەکی و پشتگیری بەردەوام و هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوە و لێپێچینەوە، داخوا ڕۆژی ئەوە نەهاتووە ئەو سەرخانە گرینگەی بیر و هزر بەکەرەستە و بابەتی هاوچەرخانە لەوانەش کتێب بەهێزتر و جوانتر بکرێ! ئەی ئەو ژێرخانەی کە بەداخەوە پشتگوێ خراوە و پەراوێز کراوە «تا ڕادەیەک» چونکە ئەهلی کتێب و کولتووری کتێب هێشتا ئەو ناسناویەیان بەخۆ نەگرتووە کە ئەم کارنامەیە هیچی لە کارنامەکانی دیکەی حکوومەتایەتی کەمتر نییە، ئەم ڕێگایەش مژدەی پێیە و دڵخۆشکەرە کە لەم وێستگەیەدا هەناسەیەکی ئۆخەی وا هەڵدەکێشین و چاوەڕوانی بەبڕشتتر و چاکتر دەکەین.

بەهزاد حەوێزی

***

مایەی شانازی و سەرفرازییە کە دەزگای ئاراسی پایەدار بەو گوڕوتینەوە قۆڵ و بازوو هەڵبکات و ببێت بەخەمخۆری سەرەکی ڕۆشنبیری کوردی و ئاڵا و دروشمی پەڕینەوە بۆ سەرفرازی هەڵگرێت.

بەڕاستی ئەمە لایەنێکی زۆر دڵخۆشکەرە هیواداریین هەر سەرکەوتووبێت و بەپتەوتر و بەرەو پێشەوە بڕوات و ڕۆشنبیری و چاپەمەنی کوردی بگەیەنیتە ئەوپەڕی بەرزی تا ئەو ڕادەیەی لە ئاستی هیوا و ئاواتی هەر کوردێکی دڵسۆز بێت لەم قۆناغە ناسکەی ئێستاماندا.

دڵشادیشم کە ئەمجارە ئاوڕێکی دڵسۆزانەی لە هونەری نیگاری منداڵان داوەتەوە و دەست و پەنجەی ڕەنگینی ئاریان خان و کاک یوسفی خستوونەتە بەرچاوی بینەران،

هەروەها لایەنی خۆشنووسی هونەرمەندی لێهاتوو کاکە زادەی بەهرەداریشی پیشان داون. هەربژی دەزگا پایەدار و خۆشەویستەکەمان. هەر بەردەوام بن بۆ خزمەتی ڕاستەقینە.

پارێزەر: سۆران عیزەدین فەیزی

***

مەکسیم گۆرکی، دەبێژی:

«ئەگەر زەمین جەرگەی ئاسمان بێ، ئەوە هونەر جەرگەی زەمینە» ڕاستی گوتووە، چونکە نیشانەیەکی ئەو مەزنایەتی هونەرە، کە «جەرگەی زەمینە» ئەوە هونەرمەندی ناسراوی کورد، زۆر داهێنەرانە، لەگەڵ ترۆپکی ئەو هونەرە، کە «خۆشنووسییە» دەژی، ڕاستگۆیانە، بگرە ئاشقانە بەبالای ئەو شەنگەبێیە هەڵدەکشێ، لێرەوەش، بەرەو بالای چیای سەفین، کە لەگەڵ بارزانیی نەمر هاوسەنگەر بوو.. دیارە، هەژاری گەورە شاعیر، لەگەڵ یانەی داهێنانی زادەی هونەرمەند جارێکی دیکەش لەگەڵ کوردایەتی، چیا، بارزانی دەست لەملان دەبن، و هونەری خۆشنووسی، دەبێتە چەکی شارستانی ڕێگای کوردایەتیی هاوچەرخ.. ئەوەتە هێمن-ی مەزن دەڵێ «هونەر نەمرە، لای زادە، هونەر سەروەرە». دەستتان خۆش. سوپاس بۆ دەزگای ئاراس.

مومتاز حەیدەری

***

لە مێژە عەوداڵ و شەیدای بینینی ئەم جۆرە کتێبانەم کە لە هەر شوێنێکدا بێت ئەوا بە خۆشحاڵییەوە سەفەرم بۆ ئەوێ کردن و کە زانیم دەزگای ئاراس پێشانگەی کتێب دەکاتەوە یەکجار کەیفخۆش بووم چونکە لەم پێشانگەیە چاوم ڕوون بۆوە بەبینینی دەیان ناونیشانی کتێبی کوردی کە جێگا و شوێنی شیاویان لەنێو کتێبخانەی کوردیدا دەبێتەوە؛ چونکە زۆربەی زۆریان لە ئاستێکی باشن و خزمەت بە وشەی ڕەسەنی کوردی دەکەن بەڵام لەبەر شوێن تەسکی و قەرەباڵغی مرۆڤ ناتوانێ بە هەوەسی خۆی کتێب هەڵبژێری، بەهەرحاڵ دەستخۆشی لەم دەستپێشخەرییەی دەزگای ئاراس دەکەم و هیوادارم کە ساڵانە ئەم پێشانگەیە بکرێتەوە و دەزگاکانی تریش چاو لەم دەستپێشخەرییە بکەن و خۆزیا لەبەر ئەوەی ئێمە بێ بەشین یا بەواتایەکی ڕاستتر گەمارۆیێکی ڕۆشنبیریشمان لەسەرە بۆیە هەر چەندی کتێب بەنرخێکی گونجاو بخرێتە بەردەستی خوێنەران هێشتا کەمە و پێشنیاز دەکەم لە هەندەرانیش کتێب بهێنی و بایەخێکی باشیش بە وەرگێڕان بدەن چونکە لەم ڕێگەیەوە دەتوانین لە کاروانی





نەتەوەکان دوانەکەوین.

لەم پێشانگەیە چاوت ڕوون دەبێتەوە بەبینینی بەهرەمەندێک کە جێ پەنجەی دیار و لەبەر چاوانە و شوێنی تایبەتی خۆی کردۆتەوە لە بواری جیهانی جگەرگۆشەکانماندا (جیهانی منداڵان) کە بەشێوەیەکی یەکجار دڵفڕێن بەپەنجە ناسکەکانی توانیویەتی جیهانی بەرائەت و بێگەردیان بخاتە بەر دیدەمان و خونچە گوڵی ئەم بوارە ئاریان خان دەبێ بەهەمووان پشتگیری بکەین و هانی بدەین کە لەم بوارە پتر و فراوانتر بواری بۆ بڕەخسێنرێ چونکە بەهرەمەندە و لێزانە.

پارێزەر: تاریق جامباز

***

پیرۆزبایی گەرم لە دەزگای ئاراس دەکەم بۆ ئەم کارە مەزنەی لە سازدانی ئەم پێشانگەیە جوانەی وێنە و پێشانگەی کتێبە جۆراوجۆرەکانی هەرێمی کوردستان کە خزمەتێکی جوان و پیرۆزی ڕەوتی ڕۆشنبیریمانە، بەتایبەت لە ڕووی داشکانی نرخەکانەوە تاڕادەیەکی زۆر نرخەکان زۆر کەم بوون و کتێبەکانیش زۆربەی هەرە زۆری بەهاداربوون.

لە ڕاستیدا کردنەوەی ئەم جۆرە پێشانگەیانە پێویستە زیاتر بایەخی پێ بدرێت، ئەم کتێبانەی دەزگای ئاراس هەر هەمووی وەک سەرچاوەیەک سوودی تایبەتیان هەیە و پێویستن لە کتێبخانەکانماندا هەبن.

هەر بژین برایانی ئەم دەزگایە و دووبارە پیرۆزبایی.

عەبدوڕەحمان فەرهادی

***

سەردانی پێشانگەکانی دەزگای چاپەمەنی ئاراس و پێشانگەی خۆشنووسیی هونەرمەند محەممەد زادە و وێنە جوانەکانی ئاریان خانم کرد و دەستخۆشییان لێ دەکەم بۆ ئەو هونەر و داهێنانەیان و بەڕێزێکیشەوە سەیری بەرهەمە بەنرخەکانی دەزگای ئاراسم کرد و سەرسام بووم بە هەوڵ و کۆششەکەی بۆ بەچاپگەیاندنی کتێبی بەنرخی کوردی لەو ماوەیەی نێوان ٢٨/١١/١٩٩٨ تاکو ٢٨/١١/٢٠٠١ و ئەوەی پتر سەرنجی ڕاکێشام ئەو داشکاندنە زۆرەی نرخی کتێبەکان بوو ئەمەش وای کرد کە کتێبە باش و دەگمەنەکان زوو سەرف بن و گەلێک خوێندەوار لێی بێ بەش بن یەک لەوانە دوو بەرگەکەی دیوانی (پیرە مێرد)ی شاعیر بوو چونکە دوای داشکاندنی نرخەکەی زۆر هەرزان بوون تا من هاتم بۆ کڕینی بەداخەوە نەمابوون و هیوادارم دەزگای

خزمەتگوزاری ئاراس ئەم جۆرە کتێبە بەنرخانەی دووبارە لەچاپ بداتەوە و ڕێز و سوپاسم بۆ ئامادەکارانی ئەم پێشەنگا بەنرخە.

کەریم شارەزا

***

بەڕاستی ئەم پێشانگەیە، بەکتێب و تابلۆکانیشیەوە، مایەی دڵخۆشیم بوون.
پێم وا نییە کتێبخانەی کوردی لە هیچ دەور و زەمانێک بەقەد ڕۆژگاری ئەمڕۆمان بازاڕ گەرم و پڕ بەرەکەت بووبێ.
بێ گومان لەنێو هەموویاندا سەرکەوتن و دەرکەوتنی دەزگای ئاراسە. ئەم سەرکەوتن و دەرکەوتنەشی لەوەوە دێت کە هەمیشە هەوڵی داوە کتێبی زۆر دانسقە، کتێبی زۆر پڕ بایەخ هەڵبژێرێ بۆ چاپکردن یا لە چاپدانەوە.
دەستخۆش دەزگای ئاراس...
پیرۆزە کتێبخانەی کوردی...

سەعدوڵڵا پەرۆش

***

پێشکەوتنی هەر میللەت و کۆمەڵگەیەک بەندە بەڕادەی هۆشیاری و زۆری بڵاوکردنەوە و چاپکردنی کتێب، دیارە کردنەوەی پێشانگەی کتێب لە ڕۆژێکی وادا کە میللەت زۆر پێویستی بەکتێب هەیە مایەی خۆشییە و هیوادارم ساڵانە ئەم جۆرە پێشانگەیانە بکرێتەوە و تێنوویەتی خوێندەواری کورد بشکێنن.

سەڵاح عومەر

***

پەڕینەوە بەرەو سەرفرازی و داهێنان

دەزگای ئاراس، لەڕۆژی دامەزراندنییەوە خوێنەرانی فێری چاپکراوی ڕەنگینی داهێنەرانە کرد، کە پێشتر لە مێژووی چاپکردنی کتێبی کوردیدا ئاشنای ئەو جۆرە چاپە نەبیوو. بەواتایەکی دیکە (ئاراس)ی دەزگا و هەڵگری پەیامی ڕۆشنبیری نەتەوایەتی و ڕەسەنی کوردی، بەشۆڕشی چاپکردنی کوردی دانرا. لەم پێشانگە گشتییەدا، بەتەواوی کتێبە چاپکراوە نیشاندراوەکانی ئەو ڕاستییەی سەرەوە باشتر بۆ بینەر و خوێنەری ئەم سەردەمەمان ڕوون دەبێتەوە و باشتر بەرجەستە دەبێ. کارێکی دیکەی هەرە شارستانی و هەرە سەردەمانەی (ئاراس) پیشاندانی بەرگی کتێبە چاپکراوەکانە لە کەڤاڵێکی بچووک، کە هەر یەکەیان تابلۆ و میناتۆرێکی دیکەی هونەری تەشکیلی و تصمیمی





بەرگی کتێبە، ئەم هونەرە لە وڵاتانی ئەورووپی و هەندێ وڵاتی عەرەبی باڵادەست لە چاپکردن وەک لوبنان و میسر دەبینرێ. بەختەوەرین کە بۆ یەکەم جار و بەهۆی دەزگای (ئاراس)ی سەرفرازی و هەڵگری پەیامی پیرۆزی ڕۆشنبیری نەتەوایەتی و ڕەسەنی کوردی و لە هەولێری پایتەخت و بەهزر و توانای کارمەند و پسپۆڕانی کوردستانی ئەو ئەفراندنەی بواری چاپ و چاپەمەنی دێتە دی. بەرەو باڵاتر بوونی (ئاراس).. بەرەو داهێنان و بەخششی پیرۆزتری ئاراس.

محەمەد خدر مەولود

***

بێ گومان پێشانگەیێکی ئاوا چڕوپڕ و هەمەڕەنگ و بەسوود خۆشحاڵم دەکات نەخاسمە ئەگەر لایەنێکی گەورەی پێشانگەیەکە تایبەت بێ بەکتێب کە پەیوەندییێکی زۆری بەمنەوە هەیە... جگەلەوەش خودی کردنەوەی ئەم پێشانگەیە، دیاردەییێکی شارستانی و مەدەنییە، لەوەش خۆشتر، گشت بەشداربووانی پێشانگەیەکە دۆست و برادەری خۆشەویستن، هەر لە کاکە بەدرانەوە تاکو محەمەد زادە و ئاریان و کاکە یوسف. شتێکی تر.. داشکاندنی نرخی کتێبەکانە بەڕێژەی ٥٠ ٪ هاندەرێکە بۆ کڕین و خوێندنی کتێب.

عەبدوڕەحمان پاشا

***

پڕ بەدڵ بەناوی برایانی ڕاگەیاندنی مەکتەبی ڕێکخستنی پێشمەرگەوە پیرۆزبایی لە دەستگای (ئاراس) دەکەین سەبارەت بەم کارە مەزنەی ئەنجامی داوە لەم پێشەنگا قەشەنگەدا، جارێکی تر پیاو هەست دەکات کە ئەم دەستگایە لە پاڵ خزمەتەکانی پێشوو لە بواری گەشەسەندن بەڕۆشنبیری نەتەوەکەمانە بەم کارە خنجیلانەی ئەوەمان دیسانەوە بۆ دەسەلمێنێتەوە. پڕ بەدڵ پیرۆزبایی لەم کارە سەرکەوتووە دەکەین هیوادارین کاری گەورەتریشی بەدوادا بێت.

فریاد بارزانی و ئەحمەد سەلام

***

بەڕاستی و بێ موجامەلە ئەمڕۆ لەو پێشانگەیە هەستم بەخۆشحاڵییەکی یەکجار زۆر کرد و دەتوانم بڵێم بۆ یەکەمین جارە لە شاری هەولێردا پێشانگەی ئاوا دەوڵەمەند و کتێبی ئاوا سوودبەخش دەبینم.
ئەوەی زیاتریش بووە مایەی خۆشحاڵی ئەو پێشوازییە گەرمەی ئەدیب و ڕۆشنبیران

بوو لە کردنەوەی پێشانگەکەوە بۆ پێشبڕکێ کردنیان بۆ کڕینی کتێبی داشکاو. لە دڵەوە پیــرۆزبایی لە دەزگـای ئاراس دەکـەم و هیــوادارم ناو بەناو بەم جـۆرە پێـشـانگەیانە کتێبخانەی ڕۆشنبیران دەوڵەمەند بکات.

حەمە ساڵح فەرهادی

***

ڕەنگە هەندێ کەس لای سەیر بێت کە بەپێـشانگەی خـۆشنووسـیـیەکەی کاک زادە دەست پێ دەکـەم، من خـۆم حـەزم لە خـۆشنووسـیـیە... بیـرمـە لە پەنجـاکـان لە بەغـدا دەمـخـوێند، کـە بەشـەقـامی ڕەشـیـددا دەڕۆیشـتم، هەر سـەیری تابلۆکـانم دەکـرد، بەتایبـەتیش ئەوانەی کـە بە فـلـچـەی (مـشکین قلم)ی فـارس و بەخـەتی فـارسی نووسرابوون...

هاوتەمەنەکانم سەیری کچی جوان و سنگ و بەرۆکی قیت و قوتیان دەکرد و منیش خۆشنووسی، بۆیە ئێستاش هەر بەو دەردەوە گرفتارم و دەستخۆشی لە کاک زادە دەکەم کە نووسینەکانی بەڕاستی وێنەی ڕاستەقینەن.

دەستخۆشیش لە ئاریان خان دەکەم بۆ ئەو وێنە جوان و پڕ مانا بێ پێچ و پەنایانەی کە ماڵی فەقیرن و ماڵی پیاوی بێ ددانن و هەموو کەس تێیـان دەگات، یاخوا ئاریان بەختی باش بیت.

عەبدولکەریم شێخانی

***

دەستخۆشی لە هەموو ئەو زەوقە و کارامەیەی کە دەتوانی بوونی خۆی لەو شارەزایی و خیبرەیەدا کە هەیەتی بسەلمێنی و بتوانی شتێک پێشکەش بکات بەگەلەکەی.

بەڕاستی ئەوانە بەندەی ڕاستەقینەن بەمانای بەندەیەک کە ئاوەدانکردنەوە و داهێنان کاریانە.

حەمەڕەشید ماوەتی – یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان

***

لە دەستـپـێکدا پیرۆزبایی گەرم لەبەرپرسان و کارمەندانی دەزگـای ئاراس دەکەم لە یادی سێیەمینساڵڕۆژی دامەزراندنی دەزگاکەدا. زۆر بەکورتی دەڵێم، ئەگەر پێکەوە، ئێـوە و ئێـمـەی نووسـەران و ڕۆشنبـیـران هاوکـاری بکەین بۆ بەدیهـێنانی ئەو بەرنامـە کـارەی کـاک شـەوکـەت شـێخ یەزدین لە پێـشـەکی دەلیلی ئەم یاد و پێـشـەنگایەدا نووسیویەتی ئەوا دەکرێ بڵـێین شۆڕشێک لە جیهـانی چاپەمەنی و کلتووریی کوردی و





کوردستانیدا بەدی دەهێنین.

دەستخۆشیم بۆ ئێوە و هونەرمەندی گەورە کاکە زادە و کیژە هونەرمەند ئاریان خان.

ئازا حەسیب قەرەداغی

***

١– دەزگای ئاراس ئەمڕۆ ئاسۆیەکی بەرفراوانە بۆ گەشەکردنی هزر و بیری کوردی، لە ماوەیەکی کەمدا توانیویەتی ئەوەی ساڵەهای ساڵە لە بواری ڕۆشنبیریدا خەرمانەی داوە لەو ئاسـۆیەدا گـەشـەی پێ بکات... کـردنەوەی ئەم پێـشـانگەیە پێـشـڕەوی خـۆی دەسەلمێنێ...

٢– ئاریـان خـان... ئـاریان سـەرسـام ئەو پەڕەمـووچە هەڵکەوتووەیە کـە بەپەنجـە ڕەنگینەکـانی جیـهـانی پەپوولە و پەری و فریشـتـەکانی جیـهـانی ئەڤین و پاکـیزەیی و بەرائەتی منداڵانی بۆمـان بەرجـەسـتـە کـردووە، ئەم خـانمە هونەرمـەندە توانیـویەتی تایبـەتمەندییـەکـانی هونەری کـوردی بەپەڕەمـووچەکەی خـۆی بۆمـان دەرخـات و ببـێـتـە سەرقـافـڵەی هونەری ڕاسـتـەقینەی هونەری کـوردی، خۆشەویستی و ئەڤین، ڕاستی و حەقیقەت لەناو وێنەکانیدا هاتوونەتە دواندن و بەئاشکرا قسەی ڕاستەقینەی هونەری کوردی دەگێڕنەوە، جگە لەمەش ئەم خانمە دەستڕەنگینە تاکە کەسە دەتوانێ ڕوخساری کتێب و ناوەڕۆکی گۆڤارەکان وەک هونەر دەرخات و بەرجەستەی بکات.

٣– کاک محەمەد زادەی هونەرمەندیش خەریکە خۆشنووسان بخاتە سەر هێڵێکی ڕاستی کە تیایدا تایبەتمەندی نووسینی کوردی تیا ئاشکرا بکات.

حەمە کەریم هەورامی

***

دوو وشە بۆ پێشانگەی کتێبی دەزگای ئاراس

پیاو حەق بڵێ لەوەتەی دەزگای چاپ و پەخشی ئاراس بەئیش کەوتووە دەروازەیەکی ڕووناکی و ڕووناکـبیـری لە ڕۆڵەکـانی گـەلەکـەمـان کـراوەتەوە، خـەرمـانێکی بەپێـز و بەهاداری لە کتێبی هەمەچەشنە پێشکەش بەکاروانی ڕووناکبیری دوای ڕاپەڕینی گەلی کورد کردووە، بەوەی باشە کتێب و چاپەمەنییەکان هەمەجۆر و هەمە بابەتن، بەنرخێکی گونجاویش کە لەگەڵ دەرامەت و باری ئابووری خوێنەری کورد بگونجێت.

سـەبارەت بەم پێـشـانگەیەش، ئەم ڕەواج و پەرۆشـیـیـەی خـەڵـک بۆ دەسـتـخـسـتنی چاپەمەنییەکان خۆی لە خۆیدا شایەدی بۆ دەزگاکە و بۆ بەرپرسەکەشی دەدات.

برادەری هێژا

لەم ڕۆژگارە سارد و سڕەدا ماڵ و دڵی خوێندەوارانت بەم پێشانگەیە گوڵاوڕێژین کرد،

گەرم و گوڕت کردەوە. یەزدان دەست بەباڵتەوە بگرێت و...

عوسمان دەشتی

***

دەستخۆشی لە دەزگای ئاراس و کارمەندە بەڕێزەکانی دەکەم و ئەو فیستیڤاڵ و هەژانی وشە بەشتێکی پیرۆز دەزانم، ئەو کارە پیرۆزەش هەر لەو دەزگایە سەر بڵندە دەوەشێتەوە... بەهیوای هەنگاونانی باشتر بۆ خزمەتی وشەی کورد و سەرفرازی یەکجارەکیمان.

عەبدوڵلا خدر مەولوود

***

چەند پەیڤێکی پیرۆزبایی و هەڵسەنگاندن

دوای گەڕانم بەناو دونیای سیحرئامێزی منداڵان، سات ناساتە بەرەنگ و جوانی و بەرائەتی ئەو دونیا پاکە سەرمەست دەبووم، سات ناساتەش کە دەگەڕامەوە ناو دونیای واقیع وڕوکاس!!

تابلۆکانی خاتوو «ئاریان» بەرەنگە گەش و دڵکێشەکانیان، بەبابەتە تامەزرۆ و ناسکەکانیان سەرنجیان ڕاکێشام، هی «یوسف عبدالقادر» بەدونیای خەیاڵ ئامێز و پڕ گیانەوەری منداڵان!

خەتە جوان و نازدارەکەی «زادە»ی هونەرمەند هێندە پوخت و نازدار بوو هەر هێندەم پێ دەگوترێت بڵێم بەڕاستی لە جوانی جوانتر بوو!

ئازاد حەمە شەریف – نووسەر و وەرگێڕ

***

ئەگەر کوردستانی ئەمڕۆ دڵی بەمێژووی خۆی خۆشبێت کە نەک تەنها خەباتێکی دووروودرێژی لە پێناو ئازادی تاکەکەس و مرۆڤی کوردستان نابێ، مێژووی نوێ لە زۆر بوارەوە هەنگاو بەرەو دوارۆژێکی جوانتر و گەش دەنێت. دەزگای ئاراس بۆ چاپەمەنی و بزووتنەوەی کولتووری دیکە ئەوە دەسەلمێنێت کە ڕۆشنبیرانی کورد خەریکن بەرگی تەمبەڵی فڕێ دەدەن... مەبەستم لە تەمبەڵی ئەوەیە کە دەکرا زۆرترمان هەبێت. نەک ئەمڕۆ کە ئازادین بەڵکو زۆر زووتر.. هەروەک ئەرمەنییەکان، گەلی ئەرمەن زۆر لە ئێمە ماڵوێرانتر بوون بەڵام دام و دەزگای کولتووری و ڕۆشنبیری و هونەری ئەم گەلە زۆر لە کۆنەوە خزمەتی خۆیانی کردووە. ئەمڕۆ کاتی ئەوە هاتووە هەموو وەک دەزگای ئاراس کار بکەین، تەنها کارکردن و هەڵبژاردنی چاک کەیفییەت و جۆری کارەکان بەرەو باش





دەرگای ژیان دەکاتەوە. پیرۆزبایی لە هەموو هونەرمەندە خۆشەویستەکان دەکەم کە بەشدارییان لەم چالاکییەدا کردووە لەگەڵ ڕێزمدا.

مەهدی ئومێد

***

بەخۆشحاڵییەوە سەردانی پێشانگەی چاپەمەنیەکانی دەزگای ئاراسمان کرد.

ئەو دەزگایە دەستکەوتێکی گرینگە لە بواری ڕۆشنبیری کوردیدا و هەنگاوی باشی ناوە لەو بوارەدا بەتایبەتی خزمەتی وشەی کوردی، بەزیندووکردنەوەی زۆر لەو بابەتە ڕۆشنبیرییانەی جیهانی ڕۆشنبیری کوردی کە جێگەی ستایش و دەستخۆشییە.

ئەو ڕوخسارەی کە لە پێشانگەکەدا بینرا زیاتر ئاسۆی ئومێدی بەو دەزگایە خۆشکردین کە پەرۆشی و بەدەمەوەبوونی دڵسۆزانە بۆ ڕەوتی ڕۆشنبیری ئەمڕۆی کوردستان. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە و پێویستە ئاماژەی پێ بکەن هەژاری بواری ڕۆشنبیرییانە لە بواری فیکر و مەعریفەی سەردەمدا کە کتێبخانەی کوردی زەخیرەیەکی ئەوتۆی نییە، لەبەرئەوە هیواداریین دەزگای ئاراس پرۆژەیەکی وەرگێڕان لە خۆ بگرێت بۆ وەرگێڕانی ئەو بابەت و شاکار و داهێنانە مەعریفیانەی جیهانی ئەمڕۆ و ئاشناکردنی ڕۆشنبیرانی کورد بەو زادە. جارێکی دیکە دەستخۆشی لەو دەستکەوتە دەکەین، هیوای زیاترمان پێتانە بەهاوکاری هەموو لایەک.

نەورەس ڕەشید

***

بەڕێزان ئەوەی لەم هۆڵەدا دەست و پەنجەی دیارە
بەکەڤاڵ، خۆشنووسی، بەرگی کتێب...
خەرمان بەرەکەت...!

لە دواییدا حەز دەکەم لە ڕووتبوونەوەی تاشە بەردەکانی ڕۆخی دەریاوە چەترێ هەڵبکەم و لەبەر سێبەری بۆچوونێکی سەرپێیی بەم دنیایەی ناو ئەم هۆڵە بڵێم:

بەرائەت و حەماسەت و بێ گەردی سێ خەسڵەتی جوانی منداڵێتین...
هەر کەسێ، دەزگایەک یان هەر شوێنێ ئەم سێ خەسڵەتەی تێدابێ
هەڵەنووتەکان لێوەی نزیکن
جوانییەکان دێنێتەوە ناو بیلبیلەی چاو
ئیتر چ پێویست بەدووربین و تلسکۆب ناکات

دەستتان خۆش بیلبیلەی چاومتان بریسکانەوە

تەپ و تۆزی رۆژگاری رۆتین و ژەنگگرتووتان لەسەر زەینم تەکاند...

پیرۆز بێ...

ماجید نووری

***

ئەمە بەڵگەی ڕێکوپێکی کارەکانی دەزگای ئاراسە کە لەیەک کاتدا بتوانی نمایشگاییێکی گەورەی خەت و وێنە بەیەکەوە بسازێنی، بەتایبەت کە کاری وێنەکانی منداڵان زۆر زرووری و دەگمەن بوون، ئاوێتەییێکی جوانیان لەگەڵ خەتەکانی زادە پەیدا کردبوو، بەتایبەت خۆشنووس کاک زادە کە یادگاری رۆژنامەگەری کوردییە لە کوردستان شێوەی خەتەکەی هێجگار دەگمەن و گرینگ بوو، ئەمە جگە لە نمایشگای کتێب کە ئەمرۆ بۆ کوردستان هێجگار زرووری بوو. دەستخۆشی لە کارمەندانی دەزگای ئاراس دەکەم.

کەریم دەشتی

***

الى مؤسسة ئاراس والقائمين بهذا المعرض

سرني ما شاهدته من تنظيم رائع ونتاج يبهر العين اتمنى لـ(ئاريان) خصوصاً، التقدم والنجاح والموفقية مع تقديري.

جلال مرقس

***

زرت المعرض المقام في قاعة ميديا وجدت تنظيم المعرض عرض الصور والمخططات في غاية الروعة والتنظيم وكان هناك عدة صور في غاية الروعة اتمنى للفنان كاك محمد زاده السير على هذا المنوال والى معارض اخرى ناجحة وشكراً.

المحامي: همزة طه الاسعدي

***

پێشانگەی وێنە و کتێب و خۆشنووسی بەڕاستی میهرەجانێکی رۆشنبیری بوو نەک هەر پێشانگە. وێنە ڕەنگینەکانی منداڵان کە نیشانەی ئاسۆی رووونی دوارۆژ بوو، نووسراوە جوانە کوردییەکان کە هێڵی لاساییکردنەوەی بەزاندبوو شتی تازەی پێشاندایین. ئەو هەموو کتێب و نامیلکەیە بەم نرخە هەرزانە هەمووی دڵخۆشکەر بوون





بۆ رۆشنبیرانی هەولێر. دەستتان خۆش ئامادەکارانی ئەم پێشانگە ڕەنگینە و هەر بەردەوام بن.

مەحمود شێرزاد

***

زۆر جار وابووە لەپێش ڕاپەڕینی گەلی کوردستان کەسانی کورد لەسەر کتێبێک تووشی گەورەترین سزا و ئازار و ئەشکەنجە بووبن، بەڵام دوای ڕاپەڕین و لە سایەی ئەو کەشوهەوا ئازادە و دیموکراسییەی کە لە کوردستان بەرقەرارە، چەندین دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە لە کوردستان دامەزراون و بەدەیان کتێبی دانسقە و پڕ بەهایان چاپ کردووە.

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراسیش یەکێکە لەو دەزگایانە و ڕۆڵی سەرەکیشی لە بوارەکەدا هەیە، کە بەبۆنەی دووەمین ساڵەی کابینەی چوارەمی حکوومەتی هەرێم سەدان کتێبی دانسقەی خستە بەردەست خوێنەرانی، یەک ملیۆن جار دەستخۆشانە لەو دەزگایە دەکەم. نابێ ڕۆڵی برای بەڕێز (بەدران ئەحمەد حەبیب)یش وەکو بەڕێوەبەری دەزگاکە لەبیر بکەم، کە بە هەوڵی ئەو دەزگاکە گەیشتووەتە ئەو قۆناغە.

فاخیر هەمەوەندی – بێژەر لە گوڵان TV

***

لما كانت حضارة الشعوب والأمم تقاس بمدى اهتمامها بالعلم والمعرفة فإن اهتمام وتشجيع حكومة اقليم كردستان وخاصة الكابينة الرابعة يبعث الى الامل والتفاؤل بمستقبل مشرق ومتقدم لشعب اقليم كوردستان. وإن اقامة معرض الكتاب خطوة رائدة في هذا المضمار أرجو لدار آراس والقائمين عليه كل الموفقية والنجاح والى المزيد من الخطوات في المستقبل.

المحامي مصطفى ابراهيم- من سورية

***

پیرۆزباییەکی گەرم لە هونەرمەندی بەرز کاک محەمەد زادە دەکەین بەبۆنەی کردنەوەی ئەم پێشانگەیە هیواداریین هەمیشە سەرکەوتووبێ لە ئیشوکاری هونەری بۆ خزمەتی هونەری کوردی هەروەها پیرۆزبایی لە هونەرمەند ئاریان سەرسام دەکەین و هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازین بۆ خزمەتکردنی هونەری منداڵان.

چیمەن کاوێس – تەها زادە

***

برایانی دەزگـای ئاراس: پیـرۆزباییـیـەکی گـەرمـتـان لێ دەکـەم لە نـاخی دڵـمـەوە. بەڕاستی کارێکی زۆر ڕێکوپێکە، کوردایەتی بەڕاستی خۆی نیشان داوە لەم پێشانگە ڕێکوپێکەوە. جـارێکی تر زۆر پیـرۆز بێت بۆ پێـشـخـسـتنی ڕۆشنبـیـری کـوردی لە کوردستان. لەگەڵ ڕێزم...

شەهاب نوورەدین شەهاب – ئەندامی ئەنجوومەنیی شارەوانیی هەولێر

***

لە ناخی دڵەوە پیرۆزبایی لە ساڵیادی دامەزراندنی دەزگای ئاراس دەکەم، هیوادارم هەردەم لە خزمەتی وشەی کوردیدا بێت.

بەڕاستی دەزگای ئاراس جێگایەکی گرینگی گرتووە لەپاش ڕاپەڕینەوە، ئەمەش خۆی لە چاپکردنی کتێب دەبینێتەوە، پێش ڕاپەڕین ئەو هەموو دامودەزگـایانەی کـتێـبـیـان چاپ دەکرد، بەقـەد ئەو سێ سـاڵەی تەمـەنی دەزگـای ئاراس نـابێت لەو مـاوە کـەمـەدا توانیویەتی لە هەموو بوارەکانی (مێژوو، ئەدەب، زمانەوانی، ڕۆژنامەگەری، بیرەوەری، ڕۆشنبیری گشتی، وە بەتایبەتی بواری منداڵان) کە کتێبخانەی منداڵان زۆر هەژارە لەم لایەنەوە هەروەها شتێکی تریش کە کردنەوەی پێشانگەی کتێب شتێکی باوە لە هەموو دەزگـاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە لە جیـهـاندا بەتایبەتی چەندین کـتێب چاپ دەکـەن و بڵاوی ناکەنەوە تاکو پێشانگەیەک، دەزگای ئاراس جێگای خۆی گرتووە لەناو دەزگا چاپەمەنییەکانی تری کوردستان.

هیـوادارین لەسـەر ئەم پرۆگـرامـەی بەردەوام بێ و سـاڵانەش دەلیلێکی لەم جـۆرەی ئێستا چاپ بکات بۆ ئەوەی ساڵانە بەرهەمەکـانیـان ببێت بەتەواوکەری بیبلۆگرافیـای کـتـێب، پێشنیـاری ئەوەش دەکەم کـە هەندێک لایەنی زانسـتی کـتـێـبـخـانە هەیە لە دەزگاکەتان ڕەچاو بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا، تاکو ئێستا زۆر باشە – ناونیشانی کتێب هەوڵ بدرێت– ناونیشانی (موازي) لەگەڵدا بێت لە بەرگی دواوە، ئینجا عەرەبی بێت یان ئینگلیزی یان بە کـوردی ڕێنووسی لاتینی، وە هەروەها هەوڵ بدرێت نووسەرەکـان هان بدەن ئیندێکس بکەن بۆ کـتـێـبـەکـانیـان کـە بەم کـارە خزمـەتێکی زۆری ڕێبـازی لێکۆڵینەوەی زانستی دەکەن و سوودێکی زۆری هەیە بۆ خوێنەر و لێکۆڵەران.

– هەروەها هەوڵ بدرێت قەبارەی کتێبەکان یەکسان بێت جوانترە.

– وەرەچاوی (چاپی دووەم) بکرێت، ئەگەر کتێبەکە لەلای خۆشتان چاپکرابێت یان لە دەرەوە چاپکرابێت، هەر زیادەیەکی لەگەڵدا بێت (تەنیا چاپی دووەم بێت یان زیادە، یان پوختترکراو) هەر شتێکی تر بێت.





– بەم جۆرە دەزگاکـەتان زیاتر پێش دەکەوێت و زیاتر خزمەتی کـتێبـخـانەی کوردی دەکات.

شوان سلێمان یابە

***

دیارە میـللەتی کوردیش هەروەک هەمـوو میـللەتانی دونیا خـاوەن کەلتـوور و نەریت و خـاوەن مـێـژووە. جـێـگـای فـەخـر و شـانـازییـە ئەمـڕۆ لە سـایەی کـابینەی چوارەمی حکوومەتی هەرێمی کوردسـتـان وا بەئازادانە دەزگـای ئاراس تاکە دەزگـایە مـاوەی سێ ساڵە بەسەرنووسەر و هەمـوو کارمەندەکانییەوە شەو و ڕۆژ دەسـتی خۆیان لێ هەڵماڵیوە بۆ خزمەتی وشـەی نەژادی کوردی تاکو بگاتە دەستی هەمـوو خوێنەرانی کوردسـتـان لە هەر کوێیـەک بێ، ئومـێدەوارم دەزگاکەتان کە هێـمای ئاراسی بەخۆیەوە گرتووە چونکە ناوێکی زۆر پیرۆزە لە بزاڤی ڕزگاری کورد و کوردستان هەر بەردەوام بێت لە چاپکردنی کـتـاب چونکە مـرۆڤی کورد دەمـێکە تـامەزرۆی ئەم جۆرە کـتێـبانەیە وا بەئازادانە بگاتە دەستی و بتوانی تام و چێژی لێ وەربگرێت.

لە کۆتایی داوای تەمـەن درێژیتان بۆ دەکەم لە یەزدانی پاک تاکو بتوانن بەبەردەوامی خزمەتی جەماوەری کوردستان بکەن.

مامۆستا: ڕەشید عەزیز ئەحمەد

***

زۆر بەڕێز کـاک بەدران: بەڕاسـتی خزمـەتێـکی گـەورەتان بە گـەل و مـێـژووی کـورد گەیاندووە، کە لەم مـاوە کورتەدا توانیوتانە ئەم هەمـوو چاپەمـەنییە بەنرخانە بگەیێننە دەستی خوێنەری کورد. شاری هەولێر شانازیتان پێوە دەکات. سوپاس

ڕەوەند عەبدولقادر

بێژەر و ئامادەکاری هەواڵی E لە

تەلەفزیۆنی سەتەلایتی کوردستان

***

لە ناخی دەروونمەوە پیرۆزە ئەم پێشانگەیە خنجیـلانە، نەخێر بەڵکو ئەم پێشـانگەیە گەورەیە بەڕاستی زۆر جـوان و قـەشـەنگە وێنە جوانەکـانی ئاریان سـەرسـام سەرسـامان دەکات من هەمـوو کات لە گۆڤاری هەنگ تەماشـای وێنە جوانەکانی دەکەم کە هەموویان منداڵ ئـامـێـزانەن. منداڵان حـەز دەکـەن لاسـایی ئەم وێنە جـوانانە بـکەنەوە ئەم وێنـانە

بکرێ بخرێنە ناو ئەلف و بێی کوردی بۆ ئەوەی لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی بخوێنرێ.
سەری ساڵی ٢٠٠٢ پیرۆزبێت لە هەموو گەلی کورد لە هەر کوێیەک بن...

فازل عەزیز

بەڕێوەبەری قوتابخانەی گۆڕەشێر و، بنکەی نەهێشتنی نەخوێندەواری و،

تیپی هونەری ئاشنا

***

سێ بابەت لە یەک پێشانگە، بەڕاستی شتێکی تازە بابەت و جوانە... بگرە داهێنانە، پێشانگەی وێنەی ڕەنگین و هومێد بەخش.. خۆشنووسییە جوانەکان... ئەو هەموو کتێب و نامیلکە باشانە بەنرخێکی هەرزان. بەڕاستی نیشانەی ڕەچاوکردنی باری گوزەرانی ڕۆشنبیرانی کوردستانە. دەستتان خۆش کارمەندانی دەزگای ئاراس و ئاریان خان و کاک محەمەد زادە و کاک یوسف عەبدولقادر.. هیوادارم هەموو ساڵێک بەرەو پێشتر بڕۆن و شتی تازەمان پێشکەش بکەن لەگەڵ ڕێزم.

گوڵخاتر مەنسوور – قوتابی کۆلیژی پەروەردە

***

لە پێشێ پیرۆزباهی خوە و تەڤایا ڕەوشەنبیرێن کورد دکین کو بە ڕاستی ئەم خو سەربلند دبینین بەرامبەری ڤێ کەرنەڤالا مەزنا «ئاراسێ» گێڕای.. ئەڤ بەرهەمێن مەزنێن کتێبخانا کوردی دخەملینن، بەرەکی دییە دکەڤیتە سەر بناغێ ئەزموونا مەیا هەرێمێ.. هەر سەرکەفتی بن و بەردەوام بن، دڤێ ئاستێ هەژی یێ هوین لەسەر دچن..

سەگڤان یوسفی– نووسەر و ڕۆژنامەنڤیس

***

بەڕاستی ساتەوەختانێکی خۆش و پڕ لەزەت بوون ئەو چەند ساتەی لەسەردانی پێشانگەی هاوبەشی هونەرمەندان کاک محەمەد زادە و کاک یوسف عەبدولقادر و خاتوو ئاریان سەرسام بەسەرم بردن.

مرۆڤ ئەگەر خۆشی هونەرمەند نەبێ بەڵام کە لەگەڵ کارە هونەرییە ڕەسەنەکان ئاوێتە و تێکەڵاو دەبێ هەست بەحەسانەوەییێکی گیانی و ئارامی دەکات. باوەڕی بەتوانای هەمەلایەنی نەتەوەکەی و لێهاتوویی پتەوتر دەبێ و هیوای بەدوارۆژی پرشنگداری زیاتر دەبێ.

هیوادارم لە پێشانگەییێکی تازەتر کاری ئەم هونەرمەندە بەڕێزانە دیدە و دەروونم





ڕۆشنتر بکەنەوە لەگەڵ هیوای سەرکەوتنیان.

فائیزی مەلا بەکر

ئەندامی مەکتەبی تەنفیزیی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

***

زۆر خۆم بە بەختیار دەزانم دەستخۆشی لە دەستڕەنگینی مامۆستای خۆشەویست کاک محەمەد زادە بکەم هیوادارم هەر کات نموونەی مرۆڤی پاک و دڵسۆز و هونەرمەندی کورد بێ بۆ خزمەت و ڕاژەی نەتەوەی کورد لە نووسینەکانی کە هەڵواسراوە دیارە هەمووی شەقڵی کوردایەتی پێوە دیارە، هەر تابلۆیەکی کە نووسیتی شایانی ئەوەیە نەک لەسەر کاغەز یان کارتۆن بنووسرێ بەڵکو شایانی ئەوەیە لەسەر گلێنەی چاو بنووسرێ بەتایبەتی وتە بەنرخەکانی مستەفا بارزانی نەمر هیوادارم کاک محەمەد زادە هەر نموونەی مرۆڤی پێشەنگی کورد بێ لەگەڵ ڕێزم.

بەشیر حوسێن سەعدی – جێگری داواکاری گشتی

***

هەموو گەلێکی دونیا چەند کلتوورێکی هەیە پێی ناسراوە و شانازی پێوە دەکات ئێمەش وەک گەلێکی خێر لەخۆ نەدیو لەژین و بێ وڵاتی و بێزاری لە ژین. چەندین شێوازی هەڵسوکەوت و کەلتوور هەیە پێی دەنازین.

چەند هونەرمەند بەهونەرەکەیان ژیانیان لە پێناو بەخت کردووە ئەمڕۆش پێشانگەیەکی لەم شێوە زیندووکەرەوەی هەستی کوردایەتییە نیشاندانی ڕوخساری گەلی کوردە و نیشاندانی دەست و هێز و توانای ئافرەتە لە کۆمەڵگەی کوردەواری، بەتایبەتی دەستڕەنگینی خاتوو (ئاریان)، کە توانای خۆی لە خزمەت گەل و نیشتمان دەربڕیوە. ئەمە وەک ئافرەتان ساحەی سیاسی کوردستان کارەکانی نەکردووە، بەڵکو توانای خۆی نیشانداوە. هیوادارم کاریکاتێری ڕەخنەیی زیاتر لەلای پەرە بستێنێ. هەر بژین و هەر بەردەوام بن لە خزمەتکردن...

براتان: سەنگەر هادی – گۆران حەسەن

***

قافڵەی... خەمەکانم بەبەر سێبەری وشەکانی ئەم پێشانگە قەشەنگە خست وچانێکم دا و بەرەو ناخی مێژوو شۆڕبوومەوە و گەلەکەی خۆم باشتر ناسی لە کۆڕی ئەدیبانی دانیشتم و گوێم بۆ شیعر و چیرۆکەکانیان هەڵخست و لەگەڵ بیری نوێ ئاشنا بووم لەگەڵ حەقیقەتەکانی ئەودیو پیاسەیەکم بەنێو کۆڵانەکانی یاد کرد و کەمێک گریام بۆ هەڤالانم...

ئەم دەڤەرە بازنەیەکی داخراوە هەرچەند ئەکەم سەدا و دەنگم ناچێتەدەر... ئیدی کێ گوێ لە هاوارم دەگرێ... من حەز ئەکەم ئەم وتانەم لە هەگبەتانا بنێن و بەگوێی خەڵکانی دەرەوەی ئەم کەوشەنە داخراوەی بچرپێن.

سەلیم سماقوولی

***

بەبۆنەی دامەزراندنی ئەم قەشەنگییە خوێندنەوەیە کە دەزگای زێڕینی «ئاراس» نواندی بۆ شارەکەم زۆر و زیاد لە دڵ پیرۆزبایی خۆم و شادیەکەمانی ناخم پێشکەش بەم دڵسۆزییە مەردانەیەتان دەکەم بۆ ئەم هەوڵەتان.. خۆی لە خۆیدا شتی وا لەم جۆرە بۆ ئێمەی کورد و کەم ئەزموون بەشتێکی گرینگ دەبیندرێت ئەمەش کارێکی هێژدارە بۆ ئێمەی دڵسۆزی خوێندنەوە.. خوازیارم کاری وا زیاتر هەوڵی پێبدرێت بۆ ئێمە زیاد بکرێت و بەناسۆر و ئازاری کتێب فرۆشەکان بەحەزەکانمانەوە نەفەوتێن بۆ سبە و دووراییەکانی خۆمان و بەهیوای دڵسۆزی ئێوە بۆ براکانتان لەودیوی شتە پیرۆزەکانی ئەلف و بێ..

هێمن بەهرام – پەیمانگای مەڵبەندی

***

دەستخۆشی و پیرۆزبایی دەکەم لەو هونەرمەندانەی بەشدارییان کردووە لەو پێشانگەیە... میللەت هەمیشە سەرفرازە بەهونەرمەندانی شۆڕشگێڕ و نیشتمانپەروەر، ئاواتەخوازم هەمیشە سەرکەوتووبن.

قەرەنی ئەسوەد – ڕاوێژکار لە وەزارەتی پەروەردە

***

لە سەرەتای هاتنە ژوورەوە مرۆڤ هەست دەکات دەچێتە دنیایەکی تر هەست بەگۆڕان دەکات بۆیە من بەش بەحاڵی خۆم هەر دەتوانم بڵێم دەستخۆشیتان لێ بکەم بۆ ئەم پێشانگەیە بەڕاستی چوارچێوەکان وا لە مرۆڤ دەکەن هەست بەخۆشی بکات لەگەڵ ڕێزم بۆ هەموویان ئیتر هیوای سەرکەوتن.

عەبدولسەتار حوسێن– ل. ن. ئازادی

***

لە تەک کردنەوەی پێشانگەی دەزگای ئاراس– زنجیرەی چاپکردن کە دەتوانم بڵێم دەرگا والاکردنە بۆ جیهانی ڕۆشنبیری، پێخۆشحاڵ بووم کە پێشانگەی هونەری شێوەکاری خۆشنووسی هونەرمەند محەممەد زادە و هونەرمەند ئاریان عەبدولخالیق





سەرسامم بینی، هەردووک پەنجەی تەکنیکی باڵای هونەرکاری، خۆشنووسیی زادە ماوەیەکە کە جێ پەنجەی لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤار و کاری هونەری لەسەر بەرگی چەندین کتێب و نەخشەدانان دیارە و، وێڕای پێشکەوتنی شۆڕشی تەکنەلۆژیا و نووسینی کۆمپیوتەر، بەڵام هێشتا نووسینەکانی زادە سەرنج ڕاکێشن و شیاوی دەستخۆشی و ئافەرین لێکردنن، هیوای زیاتر سەرکەوتن و دەرکەوتن و بەردەوامی بۆ دەخوازم، هەروەها هونەرمەند ئاریان سەرسام کە زۆر لەمێژ نییە هاتۆتە ناو بواری ئەو هونەرەی کە زیاتر بایەخدانە بە منداڵان. مایەی پێشکەوتنی ئەو جۆرە هونەرەیە وەجێگەی خۆشحاڵییە. دووبارە خۆشحاڵی خۆم بەم بۆنەیەوە دەردەبڕم کە دەزگای ئاراس ئەم هەنگاوەی ناوە و داشکاندنی نرخی کتێبەکان بۆ ٥٠ ٪ خزمەتێکی گەورەی ڕۆشنبیرییە و وەدەستپێشخەرییەکی پیرۆز و بەجێیە. هیوای سەرکەوتن و بەردەوام بوون بۆ ئەم دەزگایە و خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەرەکەی دەخوازم.

کەمال غەمبار – نووسەر و ڕۆژنامەنووس

***

زۆر سوپاسی دەزگای ئاراس ئەکەین بۆ ئەو گرینگیدانە بەپەروەردە و فێرکردن و ڕۆشنبیری و چاپکردنی کتێبی نوێ و کۆن کە بەڕاستی هەنگاوەکی گرینگیان هاوێشتییە بۆ پێشخستنی ڕۆشەنبیری لە هەرێمی کوردستان ئومێدەوارین هەر بەردەوام بن لەم کارە پیرۆزەدا.

مستەفا حەسەن شەعبان

***

سڵاو و ڕێز و خۆشەویستی بۆ ئەو هونەرمەندەی خزمەتی کورد و کوردستان و بارزانی دەکات.

پرشنگ مەجید بەرزنجی – مامۆستای دواناوەندیی ژینی کچان

***

پێم خۆشە ناوناوە پێشانگەی وا بکرێتەوە چونکە خەیاڵ لای مرۆڤ شتێکی زۆر گرینگە بەتایبەتی ئەگەر بێت و ئەم خەیاڵە لای منداڵ و لای کەسانێک کە بتوانن برەو بەو خەیاڵە بدەن. هاندانێکی گەورەیە، هەروەها پێشانگەی بەرگی کتێبەکان تەکانێکی گەورەیە بە چاپەمەنی. بۆیەکا دەستخۆشی لە دەزگای ئاراس دەکەین.

ئەندازیار: بورهان ئیبراهیم یەعقوب

***

تەماشای پێشانگەی خۆشنووسی بەناوبانگ کاک زادە و خوشکی هونەرمەند ئاریان خانم کرد... بەڕاستی جێی شانازییە بۆ کاک زادە چونکە کاک زادە شتی وای کردووە هەردەم بەردەوام بووە لەم کارە وەهەروەها جێی پەنجەی دیارە لەمیانی ڕۆژنامەگەری و خۆشنووسیدا.

پیرۆزبایییش لە خوشکی هونەرمەند ئاریان سەرسام دەکەین بەڕازاندنەوەی پێشانگەکەی بەو وێنە نەخشین و جوانانانە کە ڕێبازێکی جوان دیارە لە وێنەی ڕۆژنامەگەری کوردیدا هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازین وەهەمیشە سەرکەوتووبن بۆ کاری هونەرییان.

وە هەروەها دەزگای ئاراسیش بەکاری خۆی هەڵساوە بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکی سەرشانی وەکو دەزگایەکی پیرۆز بۆ خزمەتی ڕۆشنبیری کوردی هیوادارم سەرکەوتووبن لە کارەکانیان.

صەمەد بەرزنجی

***

بۆ بەڕێز ئاریان خان: دەستخۆشیت لێ دەکەم، کە توانیوتە بەهۆی ڕەنگەوە جیهانی ڕازاوەی منداڵان بەم چەشنە لە تابلۆ جوانەکانتا بنەخشێنی. تۆ زۆر سەرکەوتووانە سەودات لەگەڵ ڕەنگ و جووڵە و ڕووبەردا کردووە. لەناو وێنەکاندا دار و گوڵ و باڵندە و سروشت تێکەڵی جیهانی منداڵان کراوە. بەڵام ئەوەی جێی تێبینییە ئەوەیە کە لە هەموو وێنەکاندا ڕوخساری منداڵت تەنانەت بەسەر ڕوخساری پیرەمێرد و ژنی پیر و هەروەها ماسییەکانیشدا زاڵ کردووە.

سروشت بەجوانی سەودای لەگەڵدا کراوە. ساتە ڕەنگینەکانی لەبن سێبەری دار و لەگەڵ خورەی ڕووباردا تێکەڵ کراوە.

بووەتە ئاوازێکی دڵڕفێن. جارێکی تر دەستخۆشیت لێ دەکەم و هیوادارم هەر سەرکەوتوو بیت.

م. نەجم ئەڵوەنی

***

هونەرمەندان ئاریان سەرسام و یوسف عەبدولقادر... بەدەست و پەنجە و فڵچەکەیان... جێگای تایبەتی خۆیان کردۆتەوە لە جیهانی منداڵاندا. ئەم کارە پیرۆزەش جێگای سوپاسگوزاری و دەستگوشینە هەر سەرکەوتوو و بەختەوەربن...

ڕەؤوف ڕەباتی

***





کارێکی جوان... بەرهەمێکی بەنرخ... ناو و یادێکی پیرۆز (ئاراس).

مرۆڤ خۆشحاڵ دەبێت کاتێک بەکردەوە هەست دەکەیت میللەت و وڵاتەکەت بەرەو قۆناغێکی تازەتر و پێشکەوتووتر هەنگاوی ناوە، ئەم کار و چالاکیانە و لەوەش زیاتر بەپیرەوەهاتنی جەماوەر و ڕۆشنبیران بۆ کاری هونەری بەڵگەی جێگیری (استقرار) و بەئاسوودەیی بیرکردنەوەن کەوا ئەمرۆ لە سایەی ئازادی حکوومەتدا بەرجەستە بوون.

تێکەڵکردنی هونەر و ڕۆشنبیری مێژووی پڕ شانازی کورد و زیندووڕاگرتنی ناوی ئاراس و بەرز ڕاگرتنی یادی قارەمانانی ئاراس بێ گومان واتایەکی تری تایبەتی دەبەخشێت و نیشانەی وەفاداری هونەرمەند و ڕۆشنبیرانە بەرامبەر ئەوانەی بۆ ئەمرۆ ماندوو بوون. بەرز و پیرۆز بێت یادی پەڕینەوە بەرەو سەرفرازی... و دەستخۆشانە لە هونەرمەندە دەست ڕەنگینەکان بەتایبەتی خاتوو ئاریان... پێشکەوتن و سەرکەوتن بۆ دەزگای ئاراس.

دلشاد شەهاب ئەرگوشی – بەرپرسی ل. ن. زانکۆی پ.د.ک

***

بەڕاستی مرۆڤ ناتوانێ سەرسام نەبێ بەدیدەنی ئەم پێشانگەیە قەشەنگە چ لە ئاستی تابلۆیەکانی جواننووسی چ لە تابلۆیە پاک و بێ گەردەکانی منداڵان، من وەکو کوردێک هەست بەشانازی دەکەم کە ڕۆڵەکانی گەلەکەمان بەو جۆرە تواناییانەوە بێنە مەیدانی ڕۆشنبیری و پێشکەوتن.

کتێبەکانیش جۆرێکی زۆر باش و ژمارەییەکی دیارن.

سڵاو بۆ هەموو بەشداربووان و دەستخۆشی لە هەر کەسێک دەکەم کە لەپشت ئەم کارەدا بوون.

عومەر فەرهادی
پەیامنێری ڕادیۆی دەنگی ئەمریکا
بەشی کوردی لە هەولێر

***

ئەگەر تەماشاکردنی هەر پێشانگەیێک سەر پێ بێ ئەوا ئێمە خۆمان لەمە دوور دەخەینەوە دەڵێن زانایان و عارفان و زمانەوانان جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە مانا بەجۆرێک فراوانە کە شێوە ناتوانێ بیگرێتە باوەش، بەڵام وا دیارە ئەم بیردۆزە لای ئاریان خان دەروازەیەکی تر دەگرێتە خۆی کە شێوە لای داهێنەر دەتوانێ بێتە بەرجەستە و لە ئامێزی خۆی بگرێ، واتا مانا و شێوە هاوبەشن. ئەم توانستە هێمای ژێر و

فراوانی ڕۆشنبیری هونەرمەند ئاریان خان دەردەخا.

پ.ی. د. نەوزاد خۆشناو

***

سەردانی پێشانگەی دەزگای ئاراسمان کرد بەبۆنەی تەمەنی سێ ساڵییەوە، چاوم بەپێشانگەکە خشاندن کە هەموو بەرهەمەکانی لە خۆشنووسی و تابلۆی جۆراوجۆری هونەری و بەرگی کتێبەکان. بەڕاستی جێگای ڕێز و تەقدیرن کە لەم تەمەنە کەمە ئەم هەموو بەرهەمانە و ئەم هەموو نووسەر و خەڵکی بەتوانا لەناو ئەو دەزگایە کۆبووینەوە و توانیویانە خزمەتێکی مەزن بە ئەدەب و هونەر و چاپەمەنی کوردی و عەرەبی و هەموو جۆر بکەن...

چاپکردنی ئەم هەموو کتێبە بەنرخانە بەڕاستی خزمەتێکی زۆری بزاڤی کوردی کردووە.

بەم بۆنەیە سوپاسی بێ پایانمان بۆ خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر و گشت کارمەندانی دەزگای ئاراس، هیواداریین بەردەوام بن لە پێشکەشکردنی ئەم هەموو خزمەتە بەئەدەب و هونەر و چاپەمەنی.

وشیار ڕۆژبەیانی

***

بەڕاستی پێشانگەیەکی مۆدێرنیزم و تازەیە چونکە لەگەڵ ئەو ناوەی لێی نراوە (پەرپینەوە)، پەرپینەوەی لە زۆر بوارەکانی لێ بەدی دەکەم و تازەکاریی پێوە دیارە، میللەتەکەمان و منداڵە بێ نەوا و دەستکورتەکان هونەری خۆیان لەم پێشانگەیەدا دۆزیەوە. بەتایبەتی ئاریان سەرسام داهێنانی تازەی پێوە دیارە. هەروەها کتێب و بلاوکراوەکان، خۆشنووسی ئیتر بەشێوەیەکی گشتی پەرپینەوەی لێ بەدی دەکرێ، لە تێکشکاندنی باو و تەقلید و زۆر حاڵەتی کۆنی وەستاو، ئەم هەژاندنە بۆ ئاسۆیەکی تری ڕووناک و شارستانییەت و ژیاری جێگای دەستخۆشییە، پیرۆزبایی لە دەزگای ئاراس دەکەم بۆ ئەو هەنگاوانەی.

موحسین ئاوارە

***

بەناوی خۆم نەسرین ئەندامی م.ر.خ.ج. لق٢ بەناوی بەڕێز مام جەبار کارەبا ئەندام لە هەمان مەکتەب دەستخۆشی خۆمان لە بەڕێز خوشکە ئاریان دەکەین بۆ سەرکەوتنی لەم پێشانگەیە و خۆشەویستی بەرێزیان بەرامبەر بە منداڵانی کورد هیوای تەمەن





درێژی بۆ دەخوازم و ببێتە ئافرەتێکی ناوداری کورد هەروەکو ئافرەتانی تری کوردی حەپسەخان و خانزادی میری سۆران. ئیتر سوپاسی هەموو ئەوانە دەکەم کە بەشدار بوونە لەم پێشانگەیە.

نەسرین کەمال – ئەندامی م.ر.خ.ج. لق٢

***

هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین و دەستخۆشیتان لێ دەکەین بۆ ئەم پێشانگە جوان و ڕێکە و جموجۆڵە بەرچاوە. بێگومان کردنەوە و ڕێکخستنی پێشانگە لە هەلومەرجی ئەمڕۆی کوردستان چەندی بلێی پێویستە نەخوازە کە چەندین ساڵە لەو جۆرە چالاکییانە بێبەشین.

چ پێشانگەی کتێب و چ پێشانگەی نیگار و خەتخۆشی هەر هەموویان مایەی سەرنج و پێزانینە. بەتایبەتی پەرەمووچی (زادە)ی هونەرمەند وەک دەڵێن گیانی وەبەر نووسین و سەرناوی کتێب و تابلۆکانی کردووە.

هەروەها سادەیی و واقیعی پێشانگەی خاتوو ئاریان بەڕاستی کارێکی شایان بوو، لەگەڵ دەستخۆشی بۆ دەزگای ئاراس دووبارە بەهیوای کار و چالاکی گەورەتر و خزمەتی زیاتر بەرۆشنبیری گەلەکەمان...

ئازاد عوبێد ساڵح

***

بەڕاستی ئەوەی لەم پێشانگەیەدا بەرچاو دەکەوێ بەکوتوپڕی مرۆڤ دەخاتە نێو جیهانێکی پڕ لە شادی و کامەرانی. جیهانێکی چۆن... جیهانێکی ئەفسووناوی مەگەر ئەم چەشنە جیهانە تەنها گەر لە کتێبە ئاینییەکاندا باسی لێوە کرابێ! بەڕاستی خۆشنووسەکان و تابلۆ جۆراوجۆرەکان دەتخەنە نێو دەریایەکی قووڵی بێ بن. بەڕاستی جێگای سەرسووڕمانە تابلۆیە قەشەنگەکانی خاتوو ئاریان سەرسام. من گومانم لەوەدا نییە هونەرمەندی بەهرەدار و پایەبەرز دوارۆژێکی پرشنگدار چاوەڕوانیەتی ئەوەی بەباشی دەزانم پێم خۆشە یەک تاقە تێبینی لە هەندێ تابلۆدا دووبارە بووەتەوە بیدرکێنم ئەویش ئەوەیە: قەبارەی سەری منداڵەکان تۆزێ لەگەڵ جەستەیاندا ئینسیجامیان نییە واتە قەبارەی سەریان بەشێوەیەکی لە ڕادەبەدەر گەورەترە لە جەستەیان هیوادارم هونەرمەندی ڕێزدار هەمیشە بەردەوام بێ لە کارە هونەرییەکانی.

مامۆستا محەمەد قادر سەفار

***

جێگای خۆشحاڵییە کە دەزگای ئاراس لە سێ ساڵەی تەمەنیدا و لەم کات و ساتەدا بتوانی بەم شێوە گرینگ و بەنرخە ڕۆڵی خۆی لە دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردیدا

ببینی. کە بێگومان هەموو ئەمانەش بۆ هەوڵی کۆششی خاوەنی ئیمتیاز بەڕێز کاک شەوکەت شێخ یەزدین و هەروەها پشتیوانی جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کاک نێچیرڤان بارزانی دەگەڕێتەوە.

هوشیار ئەحمەد ڕۆژبەیانی

***

پیرۆزباییەکی زێدە گەرم لە دەزگای ئاراس و ئەو هونەرمەندە دەستڕەنگینانە دەکەم کە بەتابلۆ جوان و دانسقەکانیان پێشانگەیان جوانتر و ڕازاوەتر و... بەتایبەتیش تابلۆ نایابەکانی پیرە هونەرمەندی شاری هەولێر کاک محەمەد زادەی برا و ئازیزمان هەروەها دەستخۆشی لە خاتوو ئاریانی هونەرمەندیش کە بەتابلۆکانی دنیا پڕ لە بەرائەتەکانی منداڵی بۆمان جوانتر و بەرائەتتر نیشان داوین. لەگەڵ هیوای سەرکەوتنی هەمیشەییم بۆ برایانی دەزگای ئاراس و هونەرمەندەکان .

میدیا کامەران جەلال          کامەران جەلال

***

نهنئكم بهذا المعرض الناجح بمعنى الكلمة الذي يعبر بصدق روح الاندفاع والاخلاص والتفاني... نتمنى ان تتكرر مثل هذه المعارض الراقية وان تكون أقلامكم ولوحاتكم شموعاً تنير درب الكورد في سبيل نيل اهدافه انشا ءالله... فأقول في النهاية (لكي لااطيل) مزيداً من التقدم انشا ء الله...

المهندس: سامان سعيد ئاكرەیی

***

بەناوی جگەرگۆشەکانم: بەهرە و بەرزی، شازاد و بەگزاد، کە زۆر معجبی وێنە ڕەنگینەکانی (ئاریان) خانن دەستخۆشی لێ دەکەم و زۆر سوپاسی دەکەم کە بەو وێنە جوانانەی دڵی منداڵەکانم و هەموو منداڵانی کوردستان خۆش دەکات، هیوادارم بەردەوام بێ و ببێتە مامۆستا و ڕێ نیشاندەری منداڵانی کوردستان و بێ بەشیان نەکات لەو وێنە و تابلۆ جوانانەی کە بەداخەوە منداڵانی کوردستان لە زۆر شت بێ بەشن و چاوەڕێی دەستی بەهرەمەند و هەڵکەوتووی وەک (ئاریان) خانە کە بۆشایی ژیانیان پڕ بکەنەوە...

د. فەیسەڵ عارەب بلّباس

***

دوای سەیرکردنم بۆ پێشانگەی هونەرمەند کاک (محەمەد زادە) دەمەوێ ئەم چەند وشەیە دەرببڕم هیڤیدارم مایەی ڕەزامەندی هونەرمەندی خۆشنووس کاک (محەمەد زادە) بێت.





لە سەرەتاوە دەستخۆشی لە هونەرمەند دەکەم بەڕاستی کارە هونەرییەکانی مایەی دڵخۆشیم بوو لەهەمان کاتدا دەستڕەنگینی و خۆشنووسی کاک (محەمەد) هەر لەو ساتەی دەستی بەکاری هونەری کردووە، مایەی شانازی و سەرفرازی بووە بۆ نەتەوەکەمان، هەروەها لە پێشانگەکەدا ئەوەم باش بۆ ڕوون بۆوە کە هونەرمەند شارەزاییەکی زۆر باشی لە هەموو جۆرە خەتەکان هەیە و بەجوانکارییەکی بێ وێنە ئاوێتەی یەکتری کردوون، لە دوماهیدا هیوای هەمیشە سەرکەوتن بۆ هونەرمەند کاک (محەمەد) دەخوازم، بەئومێدی ئەوەین کە هەنگاوی تری بەدواوە بێت.

هەنگاو قەرەچووغی

***

She has finger can be used withen child’s mind.
I hope be agood guide for our society.

Nahida
28.12.2001

پەنجەکانی خۆی بە خەیاڵی منداڵێک بەکار دێنێ. ئومێدەوارم ببێتە ڕێنیشاندەرێک بۆ کۆمەڵگەکەمان.

ناهیدە

***

Aras Perîneweye, berew Serfrazî...

Dr. Ferhad

***

سەرقاڵیی ئیش ماوەی سێ ساڵە لە کتێب و خوێندنەوەی دوورخستینەوە، ئەو ماوەیە جارجارە لە ڕۆژنامەکان بەرچاومان دەکەوت کە فلان کتێب لەلایەن دەزگای ئاراسەوە چاپ کراوە، لە زۆر کەناڵی ڕاگەیاندنیشەوە ناوە ناوە چالاکییەکی ئەم دەزگایەمان دەبیست، بەڵام کە هاتینە ئەم پێشانگەیە و ئەو هەموو کتێبانەمان بینی، بەڕاستی موفاجەئە بوو، قەت لەو بڕوایەدا نەبووم لەو تەمەنە کورتەیدا ئاراس ئەوەندە کتێبی بەو ڕێکوپێکییە چاپکردبێ، زۆر پێی خۆشحاڵ بووم، لە دڵی خۆمدا گوتم: سوپاس بۆ خوا، دیارە هێشتا وڵات بەخێرە. لەگەڵ هیوای سەرکەوتن و بەردەوامی بۆ ئاراس و خەباتکاران.

سامی ئەرگۆشی

***

پێشانگەی ئاراس لە هەولێر – دەنگی ئەمریکا

دوێنێ دەزگای چاپەمەنی و بڵاوکردنەوەی ئاراس لە شاری هەولێر لە کوردستانی عیراق، پێشانگەیەکی کتێبی تازە و کاری هونەری جۆراوجۆری دانا، کە ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی شار بەهەموو جۆرەکانییەوە سەردانی پێشانگەکەیان کرد...

پەیامنێرمان عومەر فەرهادیش لەوێ بوو سەردانی پێشانگەکەی کردبوو ئەم ڕاپۆرتەی بۆ ناردبووین.

– پێش نیوەڕۆی چوار شەممە ٢٦ کانوونی یەکەم دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس پێشانگەیەکی تایبەتی کردەوە لە هەولێر کە ئەم چالاکییانەی بەخۆوە گرتبوو:

١- پێشانگەی کتێب بۆ چاپکراوەکانی دەزگەکانی و چاپکراوەکانی تری هەرێم، بە هاوبەشی لەگەڵ کتێبخانەی برایەتی لە هەولێر.

٢- پێشانگەی شێوەکاری هونەرمەند ئاریان عەبدولخالیق سەرسام.

٣- پێشانگەی خۆشنووسی هونەرمەند محەممەد زادە.

٤- پێشانگەی هاوبەشی وێنەی منداڵان لەلایەن هونەرمەندان، یوسف عەبدولقادر و ئاریان سەرسام.

لەگەڵ کردنەوەی پێشانگەکە ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆشنبیران و لە شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەوان و هونەرمەندان ئامادەی ئاهەنگەکە ببوون، هەر لەو میانەوە هەندێکیان بەم جۆرە قسەیان کرد:

جەمشید حەیدەری- مامۆستای زانکۆ

– ئەم پێشانگەیەی کە ئەمڕۆ کراوەتەوە یەکێکە لەو شتە سەیر و سەمەرانەی کە دەمێکە کورد شتی ئاوای بەخۆ نەبینیوە بەتایبەت پێشانگەی کتێبەکان کە بەڕاستی پیشاندانی ئەو هەموو کتێبەیە کە دەزگاکانی چاپەمەنی کوردی لە هەولێر چاپیان کردووە شتێکی زۆر نایابە و بە هەرزان فرۆشیش دەیدەنە خەڵکی.

– بێگومان کردنەوەی پێشانگەی کتێب کارێکی شارستانی و لە خزمەت پێشخستنی ئەدەب و زمان و...... کوردیدایە.

لە لێدوانێکی تایبەتیش بە ئێمە ڕۆشنبیر و سیاسەتوان ڕێزدار فەلەکەدین کاکەیی کە پێشانگەکە لەلایەن ئەو کرایەوە، گوتی:

ئەو دەزگایە نە حکوومییە نە حزبییە هەرچەندە ئێستا پێویستی هەیە کە پشتگیری بکرێ بەوەی زیاتر و باشتر لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێ، بەلای منەوە هاندانی کەرتی تایبەتی بۆ هەر بوارێکی ڕۆشنبیری زۆر گرینگە، پێش ماوەیەکیش من هەمیشە وتوومە نەک تەنها لە





چاپەمەنی بەڵکو لە ڕۆژنامەگەری لە سینەما لە چالاکییەکانی ڕۆشنبیری زۆر پێویستە بایەخ بدەین بە کەرتی تایبەتی و هاندانی هەر چالاکییەکی ئەهلی بۆ ڕۆژنامەگەری.

نیگارکێش: ئاریان سەرسام

– ئەم پێشانگەیە تەبعەن خۆم بە بەختەوەر دەزانم کەوا بەشداری تێدا دەکەم، بە ٣٥ تابلۆم بەشداریم کردووە هەروەها دەزگای ئاراسیش لە ئەرشیفی خۆی سێ چوار تابلۆمی پێشان داوە بە سوپاسەوە، بێگومان ئەو پێشانگەیە بەبۆنەی سێیەمین ساڵوەگەڕی دامەزراندنی دەزگای ئاراسە، بەم بۆنەیە زۆر زۆر پیرۆزباییان لێ دەکەم هەروەها سوپاسیان دەکەم بەو ئیهتیمامەی بە هونەرمەندان دەدەن بۆ بەرز کردنەوەی ڕۆشنبیری لە ئاستی هەرێمی کوردستان هەر سەرکەوتووبن.

محەممەد زادە

– من محەممەد زادە کە لەم پێشانگەیە بەشدارم، پێشانگەیەکەش کە دەزگای ئاراس کردیەوە بە سێ بەش، بەشی خەت و بەشی وێنەی منداڵان و لەگەڵ بەرچاوخستنی ئەو کتێبانەی کە دەزگای ئاراس چاپی کردووە، هەروەها کتێبەکانی چاپی سلێمانی و دەزگایەکانی تریش، وە لەو خەتانەی کە لە تابلۆیەکانم نووسیوە، زیاتر قوتابخانەکانی کۆنی تێدایە دەریش چوو کە سەرنجی خەڵکەکەی ڕاکێشایە لە ڕووی هونەرییەوە، ژمارەی تابلۆیەکانیش ١٦ تابلۆیە.

شایانی باسە ئەم پێشانگەیە ماوەی یەک هەفتە بەردەوام دەبێ وە زیاتر لە ٣٠٠ ناونیشانی کتێبی جۆراوجۆری بوارەکانی ئەدەب و مێژوو و زانستەکان و فەرهەنگی زمان و کشتوکاڵ و... هتد. بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی تێدا نمایش کراوە و لەو پێشانگەیەدا ئەم هەموو جۆرە کتێبانەیە بۆ فرۆشتنیش بەنرخێکی داشکاو بەڕێژەی ٥٠ ٪ واتە کورد گوتەنی بەنیوە قیمەت دەفرۆشرێن.

عومەر فەرهادی- دەنگی ئەمەریکا

هەولێر

***

بۆ دەزگای ئاراسی ڕووناکبیری، بەڕاستی هەرچەند جارەی کە بەناو هۆڵی پێشانگە دەسووڕامەوە بەڕاستی هەر لە جوانووسی و وێنەکانی مامۆستا محەممەد زادە و ئاریان سەرسام بەڕاستی هۆڵەکەیان ڕازاندبۆوە کە شتە بەنرخەکانی مامۆستا محەممەد زادە دەبینم بەشتێکی نوێخواز دەبینم لە هونەری خۆشنووسی و نەخشەسازی و وە وێنەکان

ئاوێتەی منداڵانی کوردستانن بەڕاستی دەستخۆشیتان لێ دەکەم هیوای سەرکەوتن بۆ گشت کارمەندانی ئەم دەزگایە دەخوازم هیوادارم بۆ شتی نوێتر و دەزگاکەش پەرەی پێ بدرێ بۆ شتی گەورەتر و نەک هەر چاپەمەنی بەڵکو وەک کۆمپانیایەکی نوێخوازی وەک سکرین لەسەر شتە پێویستەکان و پەڕاوگە و گەمەی منداڵان و شتی تر هیواداریـن گەورەتر بێ و پەرەی پێ بدرێ.

سەرپەرشتیاری هونەری: ئەمجەد خەتات

لە بەڕێوەبەرایەتیی چالاکیی قوتابخانەکان

***

ئەم پێشانگەیەی دەزگای ئاراس بایەخێکی گرینگی مەعریفی و ستاتیکی تێدایە.. مەغزای کارە هونەرییەکانی (ئاریان و یوسف) دەلیلە بۆ دیوە جوانەکەی دنیای منداڵان، کە چەندە بێگەرد و بێ ڕتووشە کە ڕاپێچت دەکات بۆ دوورکەوتنەوە لە موعانات...

پێشانگەی کتێب خۆی لە خۆیدا هەنگاوێکی شایستە و جێگای دەستخۆشی کردنە، بەهیوام دەزگای ئاراس لە خزمەتی زیاتر و هەوڵی بەردەوامدا قسووری نەکات بۆ زیاتر ڕۆشنایی دان بە فیکر و ڕۆشنبیری کوردی.

محەممەد هاشم

***

لە پاڵ پێشانگە بەرز و بەنرخەکەی چاپەمەنییەکانی ئاراس و گەنجینەی کتێبخانەی برایەتی، پێشانگەیەکی زۆر پوخت و ڕێکوپێکمان بینی.

محەممەد زادە بە تەلیسمی خەتی خۆش، ئاریان سەرسام بەنیگاری پڕ لە ئەفسوون و جوانیی؛ یوسف عەبدولقادر بەجێ دەست و پەنجەی ڕەنگینی. ئەم پێشانگە چەند لایەنە کەرنەڤاڵێکی زۆر زۆر دڵگیرە مرۆڤ هەست و ڕۆحی بەرزەفڕ و شکۆمەندی نەتەوەیەکی تێدا بەرجەستە دەبێت.

تاریق کارێزی

***

سەردەمانی پێش جەنگ، بەر لە گەمارۆ، نەوەیەک پێی وابوو
ماڵی بێ کتێبخانە.. باخچەیەکە بێ گوڵ
دەماخێک بێ حیکایەتەکانی ڕستە، پەنجەرەیەکە دزراو لە تریفەی مانگ
بەڵام جەنگ هات گەمارۆی ماناکانی دا.. ماڵەکانی خستە مەراقی نان و مردن





ئیدی شتە جوانەکانی تۆران، بەها گەورەکانی دزی، ماناکانی نغرۆ کرد..
هەموو شتێک نان و نان و نان.. نان بێ کتێب، نان بێ جوانی، نان بێ مەسەلە.
ئەمڕۆ لە فەزای ئەم پێشانگەیەدا
مژدەیەک وەک ڕەنگی تابلۆکان، وەک وشەی کتێبەکان.. جوان جوان وەک خۆشنووسی دادەبارێت..
مژدەی هاتنەوەی ڕۆژانێک ونمان کرد
مانایەک دۆڕاندمان
ئەم پێشانگەیە خوێنی سارد و جەستەیەکی سڕ گڕ دەداتەوە
ئەم پێشانگەیە دەڵێت:
دەبێت وشە و تێفکرین بگەڕێتەوە سەر سفرەی ژیان
دەبێت کتێب بێتەوە سەر ڕەفەکانی تێفکرین
دەبێ جوانی، دەبێ زانست، خۆشەویستی و فکر ئاشت ببێتەوە
ئەم پێشانگەیە پێی وتم:
ژیان و بژێوی ئاسانترە.. گەدە پشێوییەکانی کەمترە و
کاتی ئەوەیە برسێتی دەماخ تێر بێت
دەکرێت لەنێو ئەم فەزایەدا (نازم حیکمەت)انە بڵێین
هەموو شتێ بەشی ئینسانی گەورە دەکات
نان، شەکر، هەناسە
تەنها کتێب بەشی ئینسانی گەورە ناکات.
دواجار سوپاس و دەستخۆشی بۆ ئەو ماندوونەناسانەی لە پشت هەر کارێکی وا گەورە و بەبڕشتەوەن.

ڕزگار ئەمین

***

بەسەرکردنەوەی ئەم چالاکییە ڕۆشنبیرییە هونەرییە بۆ دەزگای ئاراس بەهەق دڵخۆشی کردم، شادمان بووم کە خەمخۆری کوردی باشمان هەیە و خەریکە شتە پیرۆزەکانی مێژوومان لەو چەند ساڵانەی کە ئەم دەزگا ماندوونەناسە هاتۆتە مەیدان ببووژێتەوە... جا هەر خشتێک بۆ تۆکمەکردنی ئەم تەلارە کوردییەمان خۆی لە خۆیدا دڵسۆزی و ئەمەکداری نیشان دەدات. هەروەها کارەکانی ئاریان و مامۆستا زادە و کاکە یوسف جێگای شانازین و ستایشیان پێویستە.

شێوەکار: عەزیز پیرداود

***

سەردانی پێشانگەم کرد، بەڵام ئەوەی دیتم لەو پێشانگەیە بیرم لۆی نەدەچوو... زۆر بەئاساندی هاتمە ژۆرێ بۆ دیتنی.. نازانم دەرچوونم کوو دەبی لە نووسینەکانی کاک محەمەد زادە دەستم پێ کرد نازانم چی بڵێم و بەچی پێنووسێک بنووسم کە چەند جوان و ڕێکوپێک بوو.. زۆر سەرنجڕاکێش بوو هەموو تابلۆیەکان لەبەر ئەوە ناتانم بڵێم کام نووسین جوانترە... هەر یەکە لەویتریان جوانتر... لەوەش جوانتر دەستنیشان کردنی ئەو قسە خۆشانە و ئەو پارچە هۆنراوانەی کە بەم جوانییە ڕازایتەوە، بەهەرچی حاڵێک گەیشتمە تابلۆیەکانی خاتوو ئاریان و پیرۆزباییەکی زۆر زۆری لێ دەکەم کە چەند ماندی بووە بەم کارە هونەرییانەی کە دایڕیشتووتەوە سەر ئەو تابلۆیانە، پیرۆزبایی دەکەم لە هەموو ئەوانەی کە ماندی بوونە لۆ پێکهێنانی ئەو پێشانگەیە جوانە... بەڕاستی هەر چەندە بڵێم و باس کەم کەمە.

یەحیا خدر مەرجان

***

دەستخۆشی لەم هونەرمەندە بەڕێزانە دەکەم کە بەم تابلۆ ڕەنگینانە هۆڵی میدیایان ڕازاندبووەوە لەلایەن خۆشنووسی و نیگارکێشی بەڕاستی پێشانگەکە زۆر ڕێکوپێک بوو و سەرنجی جەماوەری بۆ خۆی ڕادەکێشا داوای سەرکەوتن بۆ هەمووان دەخوازم. مامۆستا محەمەد زادە لە تابلۆ ڕەنگینەکان و خوشکە ئاریانی هونەرمەند و کاک یوسفی هونەرمەند. ئیتر هەر پێشکەوتووبن بۆ خزمەتی هونەری کوردی.

کەریم دیار

***

بەڕاستی نازانم چۆن هەستی خۆم دەربڕم چونکە هەر چەند باسی لێهاتوویی و سەرکەوتنی ئەم پێشانگەیە بکەم هەر ناتوانم وەکو پێویست مافی پێ بدەم. دەتوانم بڵێم بەسەرەتایەکی دادەنێم بۆ پێشکەوتنی ئاستی ڕۆشنبیری و هونەری شێوەکاری لە بواری مندالاَن کە تاوەکو ئێستا بەم شێوە سەرکەوتووە گرینگی بەلایەنی منداڵ نەدراوە کە منداڵ پیرۆزترین پەیامە بۆ دواڕۆژی گەلەکەمان بەتایبەتی بەرهەمەکانی بەڕێز خوشکە ئاریان سەرسام بەڕای من دەتوانم بەگەورەترین هەنگاو بینرخێنم چونکە بەڕاستی هەتاوەکو ئێستا پێشکەوتنی وا لە کوردستان زۆر کەم بووە.

دەستخۆشی لە هەموو بەڕێزانی ئەم پێشانگەیە سەرکەوتووە دەکەم بەتایبەتی دەزگای ئاراس.

هونەرمەند و قوتابی کۆلیژی ماف: سەیفەدین عەبدوڵڵا





بەڕاستی ئەو هەڵمەتەی دەزگای ئاراس کردوویەتی لە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنیەوە تا بەئەمڕۆ دەگات لە هەموو ڕوویەکەوە جێگای ڕێز و تەقدیرە و جێگای دەستخۆشانەیە، بەهەقیقەت بەڕای من دەبێ تێکڕای میللەتی کورد پیرۆزبایی و دەستخۆشانەیان لێ بکات. بەڕاشکاوی دەڵێم ئەم دەزگایە توانی لەو ماوەیە کورتەدا کەلێنێکی یەکجار گەورە لە ڕووی فەرهەنگ و کەلتوور و ئەدەبی کوردی پڕ بکاتەوە کە چەندین ساڵ بوو ئەم بۆشاییە هەستی پێ دەکرا. بۆیە داواکارم لە پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان کەوا بەهەموو توانایەکیان پشتگیری ئەم دەزگایە بکەن بۆ زیاتر پێشخستن و هاندانیان لەم کارە پیرۆزە.

جەلال پەرێشان

***

دەزگای ئاراس لەگەڵ ئەوەی تەمەنی کورتە بەڵام باڵای زۆر بەرز و گەشە، کردنەوەی ئەم پێشانگەیە، کتێب فرۆشتن و خۆشنووسی و نیگارەکان، کارێکی فرە دڵخۆشکەرە و هەوا و کەشێکی جوان و هەماهەنگی و دەستلەملانێی یەکتری کردوون، بەهرەی بەرز و توانای سەرکەوتوو لەنێو بەرهەمەکاندا ڕەنگ دەدەنەوە، بۆیە دەستخۆشی لە بەرپرس و کارمەندانی ئەم دەزگایە دەکەم.. هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بن بۆ خزمەتکردن.

فارس سەعدی

***

سەرەتا پیرۆزبایی گەرم و دەستخۆشی بۆ دەزگای ئاراس. بەڕاستی لە ماوەیەکی کورت توانیتان چەندین هەنگاوی باش و سەرکەوتوو بهاوێژن بۆ ناساندن و نوێکردنەوەی لایەنە جیاجیاکانی ڕۆشنبیری و هونەری. خۆزگەمە و خۆزگە لە دەزگاکەتاندا بیری ئەوەتان دەکردەوە یاخود بنکەیەکتان دادەنا بۆ کۆکردنەوە و پاراستنی ئاواز و حەیران و لاوک و سیاچەمانە و هەو و مەقام و گۆرانییە ڕەسەنەکانی کوردی لە هەموو ناوچەکانی کوردستان ئەم کارەش بەهۆی تۆمارکردن و سەردانی ناوچە دوور و نزیکەکان بکرێ دواتریش بە نۆتەی مۆسیقا نۆتە بکرێن وەک ئەرشیفێک بۆ نەوەکانی داهاتوو.

هونەرمەند: ئازاد محەمەد

بەڕێوەبەرایەتی هونەری مۆسیقا - هەولێر

***

ئاراس ناوێکی پڕ بەخشش و پرۆژەیەکی بەخشندە لە سەرەتای دامەزراندنی دەزگای (ئاراس)ەوە هەردەم جورعەیەکی ڕۆشنبیری بووە بۆ سەرجەم خوێندەواران فلتەرێکی گرینگ بووە بۆ سەرجەم بلاوکراوەکانی هەردەم پاڵپشت و یاریدەدەری ڕۆشنبیران و نووسەران بووە چاپکراوەکانی، ڕۆشنبیران بەتاسەوە چاوەڕوانی دەکەن. ئەمجارەیان ئاراس جورعەیەکی زۆر گەورەی لێدام ئەمە تەنها پێشانگەیەک نەبوو بەڵکو فیستیڤاڵێکی گەورەی هونەری و ئەدەبی بوو لە هەمان کاتدا سەرسام بووم بەخوشکە هونەرمەندێکی وەک ئاریان کە هێندە قاڵ بووە لە ئیشی منداڵاندا کە دەکرێت چاوەڕوانی ئایندەیەکی ڕوونی لێ بکرێت. لە کۆتاییدا دەستخۆشی لە هەموو کارمەندان و بەڕێوەبەرایەتی دەزگای ئاراس دەکەم سوپاس بۆ ئەو دام و دەزگایانەی کە پاڵپشتی لە پرۆژەی سەرکەوتوو و گرینگ دەکەن. ئایندەش هەر بۆ (ئاراس)ە.

یونس حەمە کاکە

***

دەزگای ئاراس... ئاڵایەکی ڕۆشنبیری هەنووکەیی و دوارۆژە گەر لەسەر ئەم ڕێچکە پیرۆزەدا بمێنێتەوە!!!. لەسەر ئاستی کوردستاندایە... چونکە خزمەتگوزارییە ڕۆشنبیرییەکەی بەو تەمەنە کورتەشیەوە دیار و بەرچاوە...

نمایشە هونەرییەکەشی وەکو لایەنێکی «هزری و ستاتیکی» لە کوردستاندا و پشتگیری کردنی لەلایەن (دەزگای ئاراس)... ئەوە هەنگاوێکی پیرۆز و خەرمانی ڕۆشنبیر پتر زیاد دەکا...

دەستخۆشیتان لێ دەکەم هەر لە کاک (بەدران) و کاک زادەی داهێنەر و خوشکی هونەرمەندم ئاریان، دڵخۆش بووم بەم بزاڤە ڕۆشنبیرییەی دەزگای ئاراس... بۆ بەرەو پتر...

دارا محەمەد عەلی

***

زۆر ڕاستتان گوتووە کە «دەزگای ئاراس هەڵگری پەیامی پیرۆزی ڕۆشنبیریی و نەتەوایەتی ڕەسەنی کوردەوارییە». لەم تەمەنە فەریکەدا توانیوتان ڕەنج و خزمەتێکی یەکجار جوان و دیار بەبزاڤی ڕۆشنبیری و ڕەوتی هەڵکشاوی هەستی بونیادنانەوەی کەسایەتی ئینسانی کورد پێشکەش بکەن...

مایەی گوشادی و سەرفرازییە بۆ هەموو خوێندەوار و منەوەرێکی کورد کە دیدەی بەو هەموو کتێبە ناوازەیە و ئاراستە ڕاست و دروستە هەڵدەهێنێت کە لە سای دڵسۆزی و خەمخۆری جەنابی کاک نێچیرڤان بارزانی و مامۆستا شەوکەت شێخ یەزدین و خاوەن





فیکر و قەڵەمی بەبڕشت و داهێنەر کاکە بەدران ئەحمەد و گشت ئەو ئازیز و ماندوونەناسانەی شەو و ڕۆژیان پێکەوە گرێدا ئەمڕۆ لە کوردستانی ئازاد و سەرفرازدا دێتە بەرهەم... مرۆڤ هەرچەند وشەی جوان و بەرهەمی پیاهەڵدانی کوردانەی دڵسۆزانە کۆ بکاتەوە و وەک چەپکە گوڵی سوپاس و ستایش و پێزانین بەو ئەرکە جوانەتان لە بەرۆکتانی بدات هێشتا هەر هەست دەکات وشەکانی خاکەڕایی و هەژارن لە ئاستی ئەو کارە مەزنەتان... هەردەم سەرفراز و سەرکەوتووبن و ئەم دەزگایە هەر لە پێشکەوتندا بێت. سوپاسی گەرمم بۆ یەکە یەکەتان.

براتان: ئەرسەلان دەروێش

***

یەک پێشانگە بۆ سێ بابەت...

بەڕاستی بیرۆکەیەکی تازەو داهێنەرانەیە... یەک لە یەکیان جوانتر بوو –وێنەی ڕوون بێ– نووسینی ڕازاوەی کوردی... کتێبی چاک و بەنرخ و بایەخدار بە نرخێکی هەرزان... پێشانگە نییە بە واتای تەقلیدی، بەڵکو بەخششێکە بۆ ڕۆشنبیران و خوێندەوارانی شاری هەولێر بەتایبەتی و کوردستان بەگشتی هەر پایەدار و پێشکەوتووتر بێ دەزگای ئاراس... سلاو لە هەموو کارمەندانی و هەربژین.

| | |
|---|---|
| شوان عەبدوڕەحمان قادر | کاروان عەبدوڕەحمان قادر |
| قوتابی پەیمانگای تەکنیکی | قوتابی کۆلێژی زانست |

***

پیرۆزبایی ساڵیادی دەستبەکاربوونی کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هیوادارم هەر سەرکەوتووبن لەو وێنە جوانانە بەڕاستی لە وێنەکانت زیاتر وێنەکەی پەرلەمان زۆر سەرنجی ڕاکێشام هیوای بەردەوامیت بۆ دەخوازم.

جوان فەرهاد گەلاڵی – پۆلی شەشەمی سەرەتایی

نووسەری لاپەڕەی نەوەکانی دوارۆژ لە گۆڤاری پەلکەزێڕینە

***

من وەکو قوتابییەک کە سەردانی ئەم پێشانگەیەتانم کرد بەڕاستی زۆر خۆشحاڵ بووم بەبینینی ئەم شتە جوان و ناسکانە بەڕاستی هەمووی جێی خۆی کردووتەوە لە دڵی هەموو لایەک. هیوادارم هەردەم ئەوها لە خزمەتی وشەی کوردی و کەلتووری کوردی بن.

ئەمیر صدیق حەمەد – قوتابی زانکۆ

***

احساس حضور درکنار ملتی که آزادی را پس از قرنها استبداد تجربه می کند، احساس فرخنده و زیبایی است و هنگامی که آزادی با فرهنگ و کاری هنری درمی آمیزه، ارزش و اعتباری هزاران هزار برابر می باید، چرا که هنر سازندهء روح انسان است.

حضور در نمایشگاه شا و نفس کشیدن در جمع شا عزیزان موجب افتخار و شادی من است وامیدوارم هر سال صدها نمایشگاه. صدها نمایش فیلم و تئاتر و صدها کنسرت این سرزمین سرشار از فرهنگ و هنر بر گزارشود.

پیروزباشید

علیرضا سعادت نیا

کارگردان ایرانی

***

من وەکو کادرێکی لقی ٢ کە هاتمە ئەم پێشانگەیە دیتم بەراستی دەستێکی ڕەنگین هەیە و هیوای تەمەن درێژی بۆ دەخوازم. هەروەها بەنسبەت پێشانگەی کتێب دەرفەتێکی باشە و خوێنەران سوودی لێ وەردەگرن. بەبۆنەی ساڵوەگەڕی دامەزراندنی ئەم دەزگایە ماندوونەناسە پیرۆزباییتان لێ دەکەم، هیوای تەمەن درێژی و بەردەوامیتان بۆ دەخوازم.

زەردەشت دلاوەر محەمەد عەلی

***

بەراستی بینینی ئەم وێنە جوانانە سەرنجی ڕاکێشام و لە دنیای خۆمدا بردمیان بۆ دنیایەکی پڕ لە خۆشی و جوانی سروشت. خۆشحاڵم بەکردنەوەی ئەم پێشانگەیە، چونکە هونەر و وێنە یەکێکە لە سیماکانی شارستانییەت، هیوادارم کە پێشانگەی وا هەر بەردەوام بێت، بۆ خزمەتکردنی میللەتی کورد.

هەتاو کەریم خدر

قوتابی خوێندنی باڵا – کۆلێژی ئاداب – بەشی کۆمەڵناسی

***

دەستپێکی وشەکانم پیرۆزبایی و دەستخۆشی دەکەم لە دەزگای بڵاوکردنەوە و چاپی ئاراس و سەرجەم کارمەندانی و خوشکی شێوەکارم (ئاریان) خان. ئەوەی ئەم دەزگایە لە سەرەتای دامەزراندنییەوە پێی هەڵساوە دەتوانم بڵێم دەروازەیەک بووە بۆ پێشکەوتنی هەموو بوارەکانی ژیان چونکە زۆربی کتێب دەبێتە هۆی ڕۆشنبیرکردنی تاکی کورد. تەنها ڕەخنەیەکم هەیە ئەویش وەرگێڕانی ئەو بەرهەمە شێوەکارییانەیە کە





تا ئێستا کەمترین کتێبی شێوەکاریمان هەیە.

بچووکتان معین ڕەحمان – قوتابی پەیمانگای هونەرەجوانەکان

***

کردنەوەی ئەم پێشانگەیە نیشانەی پێشکەوتن و پێگەیشتنی ڕۆشنبیری کوردییە بۆیە دەستخۆشیتان لێ دەکەم و ئومێد دەخوازم هەمیشە بەردەوام ساڵانە ئەم جۆرە پێشانگەیانە بکرێنەوە نەک هەر دەزگای ئاراس بەڵکو هەموو دەزگاکانی چاپکردن لە هەولێر و سلێمانی و پارچەکانی دیکەی کوردستان ئەمەش خۆی لە خۆیدا شۆڕشێکی ڕۆشنبیری لە ناو خوێندەوارانی کوردستان دروست دەکا.

عبداللە حسن    صباح سعید رەحیم    شریف عوسمان

فەرمانبەر لە کتێبخانەی گشتی هەولێر    ب.کتێبخانەی گشتی ناوەندی    لە کتێبخانەی گشتی هەولێر

***

پێش ڕاپەڕین کورد هیچ بەرنامەیەکی نەبوو بەهۆیەوە خزمەتی کولتوور و زمان و کەلەپووری خۆی پێ بکات. بۆیە ئەرز و مەیدانی ئەوێ ڕۆژێ مەیدانی خۆی نەبوو ئەسپی تێدا تاوبدا، تا بەپێی پێویستی و بەرژەوەندیی خۆی بنووسێ و بڵاوبکاتەوە.

لە دوای ڕاپەڕینیش لە پاڵ ئابڵوقەکانی دی، دووچاری گەمارۆی ڕۆشنبیریش هات، بەمە زۆر لە دنیای دەرەوە و تەنانەت لە دەوروبەری خۆشی دابڕا. ئەوە چەند ساڵێکە ئەو گەمارۆیە بەهۆی شۆڕشی گەیاندن بەتایبەتی ئەنتەرنێت شکاوە و خوێندەوار بەئاسانی دەتوانێ بگاتە سەرچاوەکانی مەعریفەت. بۆیە دەبێ لە کوردستان داوودەزگای ڕۆشنبیری ئەوتۆ هەبن، لەو کێبەرکێیەدا بەکاروانی ڕووناکبیری دنیا ڕابگات و لە ئاستی ئەو لێپرسینەوەیەدا بێ.

دەزگای ئاراس یەکێک لەو دەزگایانە بوو توانی چالاکانە و لە ماوەیەکی کورتی تەمەنی خۆیدا بۆ ئەو ئەرک و بەرپرسیارێتییە چووە مەیدان و قۆڵی خزمەتکردنی لێ هەڵماڵی، تا ئێستاش توانیوبەتی بەدەیان کتێبی گرنگ لە چاپ بدات و زۆر کتێبی تریش کە لە بازاڕدا نەماون بۆ وەچەی نوێ لە چاپ بداتەوە کە ئەمەش بۆ خۆی لە دنیای چاپەمەنیدا داوونەرێتێکی جوان و پڕ بایەخە. بەمەش کتێبخانەی کوردی ئاوەدان و دەوڵەمەندتر کرد، حەسرەتی دڵی چەندین نووسەری ڕەواندەوە کە پێش مردنیان بەچاپکردنی بەرهەمەکانیان شاگەشکە بوون، ئەوە بێجگە لە بایەخی ئەو دەزگایە بەڕەونەق و دەرهێنانی هونەریی جوان و ڕازاوە کە لەو بوارەشدا خۆی لە قەرەی چاپەمەنییە پێشکەوتووەکان دەدا.

دەستخۆشانە لە هەڵسووڕێنەرانی ئەم دەزگا چەلەنگ و ماندوونەناسە دەکەم، هیوادارم لە پرۆژەکانی ئایندەی خۆیدا بەرنامەڕێژی زیاتر و بەرچاوڕوونی پتر سەرجەم نووسەرە چالاکەکان بەلای خۆیدا ڕابکێشێ، ئەوساکە چاپەمەنییەکان سەرجەم کایە ڕۆشنبیرییەکانی کورد بگرێتەوە و هیچ بوارێکی لێ فەرامۆش و پشتگوێ نەخات، چونکە کورد لە هەموو بوارێکدا پێویستە کتێبی هەبێ و بەزمانی زگماکی خۆی بیخوێنێتەوە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەوانەی لە پێشتر و گرنگترن.

ئازاد عەبدولواحید

سەرنووسەری گۆڤاری ڕامان

***

ئەگەرچی لە کاتی کردنەوەی پیشانگەی (کتێب)ی دەسگای چاپ و بڵاوکردنەوەی (ئاراس)دا، بۆم نەڕەخساوە ئامادەبم و لە دەرەوەی وڵات بووم؛ بەڵام بەپێی ئەوەی ژمارەی (٥) کتێبم لەم دەسگا دڵسۆزەدا ئامادەی چاپ و بڵاوکردنەوە دەبێ و خۆمیش لە نزیکەوە شوێن پێی چۆنێتی تایپکردن و هەڵەگیریی و وردەکارییەکانیان هەڵدەم، بۆیە هەر لە نزیکیشەوە دەزانم کە کارمەندان و لەسەروشیانەوە بەرپرسی دەسگاکە: برای هێژامان کاکە بەدران ئەحمەد، چەند بەدڵسۆزیی و پەرۆش و بەتەنگەوە هاتن و ماندووبوونێکی کەم وێنە و هۆشیارانەوە، کتێب و بەرهەمەکانی دەسگاکەیان ئامادەی چاپ و بڵاوکردنەوە دەکەن و چەندیش بەخەمی ئەوەوەن، دەرهێنانی هونەریی کتێبەکانیان، ڕوویەکی هونەریی و هاوچەرخانە و شارستانییانەیان هەبێ.

لە دڵەوە دەستخۆشیی و پیرۆزبایی و هیوای سەرکەوتن و پێشکەوتن و کاری جوان و جوانتریان بۆ دەخوازم.

محەمەد حەمە باقی

***





دوای ئەو تەمەنە دوورودرێژە لە کاری ڕۆژنامەگەریمدا، هیچ بیر و خەیاڵم بۆ ئەوە نەدەچوو ڕۆژێ لە ڕۆژان هاوبەشی لە پێشانگەیەکی خۆشنووسی بکەم، بەتایبەتی لەم شێوەیەدا، بەڵام دڵسۆزی و خۆشەویستی کاک بەدران بۆ هونەری خۆشنووسیی لەگەڵ هاندانێکی بێ پایان بۆ من، ناچار بووم ملکەچی داواکارییەکەی ببم و، لە ئەنجامدا منیش تۆزی تەمبەڵیی زیاتر لە چارێکە سەدەیەک لەسەر خۆم لادا و بەهەناسەیێکی گەرمەوە هاتمە گۆڕەپانی مان و نەمان.

ئیتر هەر ئەوە بوو (دەزگای ئاراس) بڕیاری دا ڕۆژی ٢٠٠١/١١/٢٨ یەکەم پێشانگەی خۆی بکاتەوە کە لە (٣) بەش پێکدێت (کتێبەکان، شێوەکاری، خۆشنووسی) هەرچەندە ئەم هەواڵە دڵی تەنگ کردم، زۆریش پێی سەخڵەت بووم، بەڵام هەندەی پێ نەچوو ئەم ڕۆژە هەڵوەشاوە بۆ ڕۆژێکی نادیار! لە ڕاستیدا ئەم دواخستنەی دەزگای ئاراس لە کردنەوەی ئەم پێشانگەیەدا هەندێک دڵمی خۆش کرد و گوتم ئەمە خوایە بەڵکو بەجارێک هەر واز لە کردنەوەی پێشانگە دەهێنن!!.. نەخێر دەنگۆی کردنەوەی پێشانگە سەری هەڵدایەوە و بڕیارێکی ڕەسمیشی پێ دەرچوو کە ڕۆژی ٢٠٠١/١٢/٢٦ بوو بە بەڕۆژێکی ڕاستەقینە بۆ کردنەوەی پێشانگە بەناونیشانی (ئاراس... پەڕینەوەیە بەرەو سەرفرازی)، منیش ئەمجارە دەستێکم کەوتە پێش و دەستەکەی دیکەشم کەوتە پاش.

من ترسم لەوەی نەبوو کە هیچم لەباردا نییە، یاخود هیچم پێ نییە بۆ ئەم پێشانگەیە، چونکە ئەوەی من دەیکەم لە کاری ڕۆژنامەگەریدا، خۆی لە خۆیدا پێشانگەیەکی گەڕۆکە بێ ئەوەی خەڵک هەستی پێ بکا لەبەرئەوەی کارەکانم لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێبەکان چاپ و بڵاو دەکرێنەوە بێ ئەوەی ناوی لێ بنێن پێشانگە... بەڵکو من ترسی ئەوەم لێ نیشتبوو کە ئەمە یەکەم جارمە و یەکەم تاقیکردنەوەشمە هاوبەشی پێشانگە بکەم، بەڵام ئەوەی دەزگای ئاراس پێی هەڵستا پێشانگە نەبوو، بەڵکو خۆ پیشاندانێکی نموونەیی بوو هەر لە ڕۆژی نیوە حەشرێک دەچوو، کە باوەڕ ناکەم هیچ پێشانگەیەک ئەمەی بەخۆوە بینیبێت...

ئەم پێشانگەیە دڵی بەوەی خۆش کردم کە هەموو تابلۆکان بەکوردی بوون، دەتوانین بڵێین (کورداندنی خۆشنووسی)! بەگۆتەی میوانەکانی پێشانگەکە ئەمە یەکەم پێشانگەی خۆشنووسییە بە کوردی دەبیندرێ، هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی دەستخۆشی لە کارەکانم بکەن و هانی ئەوەشم بدەن کە بەردەوام بم لەسەر ئەم ڕێچکەیە.

خوا یار بێ لە پێشانگەی داهاتوو، زیاتر هەوڵ دەدەین کۆمپیوتەر لە خزمەتی خۆشنووسیدا بێت، چونکە لە ئەنجامی ئەم پێشانگەیەدا بیر و بۆچوونم بۆ زۆر شتی تر چووە کە لە ئایندەیەکی نزیکدا بەیەک دەگەینەوە...

لە کۆتاییشدا ئەوە دەمێنێ، دەستخۆشی لە یەکە یەکەی کارمەندانی دەزگای ئاراس بکەم، ئەگەر ئەوان نەبوانە ئەم پێشانگەیە هەرگیز ئەم سەرکەوتنەی بەخۆیەوە نەدەدیت و لە سەرووی هەموویانەوە کاک بەدران.

خۆشنووس: محەمەد عوسمان عەزیز زادە

***

پێشەکی پیرۆزباییەکی گەرم ئاراستەی دەزگای (ئاراس) دەکەم لە ساڵوەگەڕی سێیەمینی دامەزراندنیدا وە دەستخۆشیتان لێ دەکەم بۆ ئەم گرینگی پێدانە دڵسۆزانە و بێ وێنەیە کە بەچینی هونەرمەندان و ڕەوشەنبیران دەدات. بێ گومان ئەمە خۆی لەخۆیدا خەباتێکی نەمرە بۆ بەرەوپێش چوون و زیندووکردنەوەی ئاستی ڕەوشەنبیری میللەتی چەوساوەی کورد، هەروەها لەناخی دڵمەوە سوپاسی بەڕێزتان دەکەم لە یارمەتیدانتان بۆ کردنەوەی ئەم پێشانگەیە وەتوانیتان ببن بە (ئەڵقەی گەیاندن) لەنێوان خەڵک و من و من و خەڵکەوە. بەڕاستی ئەمە هانی دام کەوا زیاتر هەوڵ بدەم و تێ بکۆشم وە هەرچی لە توانام دایە بیخەمە گەڕ بۆ بەرەوپێش بردنی هونەرەکەم نەک لەسەر ئاستی کوردستان بەڵکو لەسەر ئاستی جیهانیش بۆ خزمەتکردنی هونەری ڕەسەنی کوردی بەگشتی و هونەری منداڵان بەتایبەتی و بۆ زیاتر ناساندنی ئەم میللەتە ستەمدیدە بەوڵاتانی جیهان تا سەری کوردی پێ بەرز بکەینەوە... هەروەها بەگرینگی دەزانم پڕ بەدڵەوە سوپاسی ئەم بەڕێزانە بکەم کەوا بەم گەرم و گوڕییەوە بەم کەش و هەوا سارد و باراناوییە پێشوازییان لەم پێشانگەیە کرد خۆیان و منداڵە چاو گەشەکانیان، بەڕاستی ئەمە وای لە من کرد شەرمەزاری دڵسۆزییان ببم و نەتوانم هیچ تەعبیرێک بدۆزمەوە کە پڕ بەپێستی هەستم بێت بەرامبەریان...، بەڵام دەتوانم بڵێم ئەمە خۆی لە خۆیدا فاکتەرێکی گرینگە بۆ دروستبوونی هەنگاوێکی پڕ لە واتا ڕاست و بەرز و جوانەکانی ژیان بۆ خزمەتکردن و بەرەو پێش بردنی ڕێڕەوی هونەری ڕەسەنی کوردی بەرەو ئاستێکی بەرز کەوا بتوانێ شان بەشانی هونەری وڵاتانی جیهان بوەستێت.

نیگارکێش: ئاریان عەبدولخالیق سەرسام

***





بێگومان ئەگەر پاڵپشتی دڵسۆزان نەبوایە، پرۆژەی پەپوولە بۆ منداڵانی کورد کە بریتییە لە کۆمەڵێک کتێب و چیرۆک هەرگیز بەو شێوەیە ئامادە نەدەبوو. بۆیە لێرەدا زۆر سوپاس و ڕێزی تایبەتیم ئاراستەی برای بەڕێزم کاک شەوکەت شێخ یەزدین دەکەم کە بەڕێزیان نەک هەر پشتگیری ماددی کردم بەڵکو زۆر پاڵپشتم بوو و هانی دام کە پەلە بکەم لە ئامادەکردنی بەرهەمەکان.

هەروەها بەرپرسی دەزگای ئاراس، کاک بەدران ئەحمەد حەبیب کە هەرگیز درێغی نەکردووە بەڵکو هەر بەرهەمێک کە ئامادە بووە دەستبەجێ و بەپەلە چاپی کردوون و داوای بەرهەمی تازەیان کردووە. بۆ ئەم بەڵگەیەش دەزگای ئاراس هەڵسا بە پێشانگایەکی تایبەت بەکتێبەکان و وێنە دەستکردەکان کە بێ ئامادەبوونی خۆم تابلۆکانی منیان لەم پێشانگایە پێشکەش کردبوو.

زۆر سوپاسیان دەکەم بۆ ئەو پێشانگایە و هەروەها زۆر سوپاسی گشت بەڕێزان دەکەم ئەوانەی دەوری ئێمەیان ستایش کردووە، بێ گومان هاندانی ئەو بەڕێزانە و دەستخۆشیان بۆ ئێمە زۆرە کە بتوانین بەردەوام بین لەسەر پرۆژەکە و زۆر بەرهەمی تر کە خزمەت بە منداڵانی کورد بکات.

یوسف عەبدولقادر

***

پیرۆزبایی و دەستخۆشانە لە دەزگای ئاراس و هەموو کارمەندانی دەکەم بەتایبەتی بەڕێز بەدران ئەحمەد حەبیب کە هاندەرێک بوو بۆ کردنەوەی ئەم پێشانگەیە و سوپاسێکی بێ پایان بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران کە لە ٥٠ ٪ لە نرخی کتێبەکانی داشکاند و قەرەبووی داشکاندنەکەی دایەوە وەک یارمەتییەک بۆ خوێنەران و قوتابیان کە ئەمەش بەڵگەیەکە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر بایەخ بەچینی خوێنەران و ڕۆشنبیران دەدات. ئەم دەزگایە تاکو ئێستا نزیکەی (١٢٠) کتێبی جۆراوجۆری بەسوودی پێشکەش کردووە کە هەموو خوێنەرانی لە شارەکانی کوردستان لەخۆدا کۆبکاتەوە بەتایبەتی خوێنەرانی کوردستانی ئێران کە زۆر داوای چاپکراوەکانی دەزگای ئاراس دەکەن و بەدوایدا دەگەڕێن. جارێکی تر دەستخۆشانە لە هەموو کارمەندانی دەزگای ئاراس دەکەم و هیوادارم هەموو ساڵ پێشانگەی نوێ بکرێتەوە.

هندرێن عەبدولقادر- کتێبخانەی برایەتی

***

## پەیڤێک لە داوێنی ئەم نامیلکەیەدا

**بەدران ئەحمەد حەبیب**

دەزگای ئاراس لە مێژووی ١٩٩٨/١١/٢٨ بەڕێنوێنی و سەرپەرشتیی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراوە. ئامانجی سەرەکیی دەزگاکە برێتی بووە لە بڵاوکردنەوەی بیر و رۆشنبیریی کوردایەتی و زیندووکردنەوەی کەلەپووری رەسەنی کوردەواری و خزمەتکردن بەزمان و نووسینەوەی مێژووی کۆن و نوێی کوردستان و گەلی کورد. ئەمەش بەشێکە لە بەرنامەی کابینەی چوارەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بەڕێز سەرۆکی حکوومەت لە بوارگەلی رۆشنبیری و هونەریدا.

لە ماوەی سێ ساڵ و نیوی رابردوودا دەزگاکەمان چەندان بەرهەمی شاکاری بڵاوکردووەتەوە. چەندان دەستنووسی کۆنی لە فەوتان رزگارکردووە و پێشکێشی کتێبخانەی کوردیی کردووە. ئەمانە وێڕای چەندان چالاکیی هونەری و رۆشنبیری و یادکردنەوە و پێشبڕکێی ئەدەبی. هەموو ئەمانەش تەکانێکی تریان داوە بە بزاڤی رۆشنبیری و هونەری و ئەدەبی و زانستی لە کوردستاندا.

دەزگای ئاراس توانیویەتی وەک دەزگایەکی رەسەن و خاوەن پەیامێکی بەرپرسیارانە خۆی بەخەڵک بناسێنێ. نووسەر و رۆشنبیرانی کوردستان لە دەرەوە و ناوەوە رووی تێ دەکەن بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان. ئێستە زیاتر لە ٣٠٠ دەستنووس لە دەزگاکەمان نۆرەیان گرتووە بۆ چاپ.

خوێنەرانیش بەگەرمی پێشوازییان لە بەرهەمەکانی دەزگای ئاراس کردووە و دەتوانین بڵێین کەوا فرۆشی بەرهەمەکانی ئێمە لە پێشەوەی هەموو دەزگایەکی کوردی بووە. زۆر بەرهەمی دەزگاکەمان زیاتر لە شەش هەزار دانەی لێ فرۆشراوەتەوە. بۆ نموونە: بۆ *کوردستانی* هەژار موکریانی، *بارزانی لە مەهابادەوە بۆ ئاراس* لە وەرگێڕانی شەوکەت شێخ یەزدین. هەروەها فەرهەنگی *کوردستانی* گیو موکریانی و *شارەزووری* د. شەفیق قەزاز و چەندان بەرهەمی شاکاری وەک *دیوانی پیرەمێرد*. وێڕای چاپکردنی دوازدە بەرهەمی کۆن و تازەی مێژوونووس و وەرگێڕی ناسراو جەرجیس فەتحوڵڵا و هتد...

لە بەشەکانی تری کوردستانیش خوێنەرانی کورد بەپیری چاپکراوەکانی دەزگاکەمانەوە دێن و رۆژانە نامە و پەیامی سوپاس و دەستخۆشانەمان بۆ دێت. هەر لە پێناوی خزمەتکردنی کوردی هەندەران دەزگاکەمان زۆربەی بەرهەمەکانی خۆی خستووەتە سەر تۆڕی ئینتەرنێت. ئەمەش یەکەمجارە کە دەزگایەکی چاپ و





بڵاوکردنەوەی کتێبی کوردی دەستپێشخەرییەکی وا ئەنجام بدات. لەبەرئەوەی دەزگاکەمان دەزگایەکی خزمەتگوزاریی رۆشنبیرییە و هیچ بنەوێیەکی بازرگانیمان رەچاونەکردووە، بەرهەمەکانمان بەنرخێکی هەرزان و بەدانەی زۆر دەگەینین بەخوێنەرانی کورد. جگە لەمە چەندان کەسایەتی و کتێبخانەی دەرەوە و بنکە و نوێنەرایەتییەکانی پارتی و حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە دەرەوە بەرهەمەکانی دەزگاکەمانیان بەپۆستە بۆ دەچێت.

ئاراس هەوڵی داوە بایەخێکی تەواو بەلایەنی زمان بدات و لە بەرهەمەکانی خۆیدا سەلامەتیی زمانی کوردی بپارێزێ. زمان بۆ کورد بنچینەی نەتەوایەتییە. هەرچەندە کە لە دوای راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ەوە لێشاوێکی چاپەمەنی و راگەیاندن لە کوردستان دەستی پێ کردووە کە ئەمە بووەتە هۆی پەرەسەندنی زمانی کوردی بەڵام وەک سەرنج دەدرێ زۆر دیاردەی نالەباریش بەگەڵ ئەم پەرەسەندنە کەوتووە. ئێمە لە چاپکراوەکانی خۆماندا ویستوومانە بەگوێرەی دەسەڵات بەسەر ئەم پرسەدا زاڵ ببین. هەروەها گیروگرفتی رێنووس کە یەکێکە لە گیروگرفتەکانی نووسینی کوردی، بەپێی توانا و پێراگەیشتنی خۆمان هەوڵمان داوە رێنووسێکی یەکگرتوو بەکاربهێنین. لێرەدا زۆرجار سووربوونی هەندێک لەنووسەران لەسەر رێنووسێکی جیاواز بووە بەتەگەرە لە رێگەی کارکردنمان.

هەروەها دەزگاکەمان بایەخی داوە بەرۆشنبیریی منداڵان. لەم بارەیەوە هەتا ئەمڕۆ دوازدە بەرهەمی منداڵانمان بڵاوکردووەتەوە. ئەم بەرهەمە رەنگینانەی منداڵان بوون بەمایەی بەپیرەوەهاتن و شاگەشکەبوونی منداڵانی کوردستان کە ئەمە بەختەوەریی ئێمەی لەکارکردن زۆر زیادکرد و هانی داین پڕۆژەیەکی تایبەت بۆ منداڵانی کوردستان دەست پێ بکەین. لە داهاتوودا رەنگ و رووی پڕۆژەکەمان زیاتر دەکەوێتەڕوو.

بۆ ئەوەی رادەی سەرکەوتنمان لە کارەکانمان بکەوێتە روو و، هەڵە و کەموکورتییەکانیشمان زیاتر ببینین، لە ساڵوەگەڕی دووەمی راگەیاندنی کابینەی چوارەم و لە بەرەودواهاتنی ساڵی ٢٠٠١دا پیشانگەیەکی فرەوانمان بۆ ماوەی پێنج رۆژ لە ٢٠٠١/١٢/٢٦ بەدواوە کردەوە. پێشانگەکە جگە لە خستنەڕووی ١١٢ ناونیشانی بەرهەمەکانی دەزگاکەمان، ئەم لایەنانەشی گرتبووە خۆ:

١- بەرچاوخستنی نێزیکەی ١٥٠ ناونیشانی کتێبی دەزگاکانی تری چاپ و بڵاوکردنەوە لە هەولێر و دهۆک و سلێمانی (ئەمە بەهاوکاریی کتێبخانەی برایەتی لە هەولێر).

٢- پێشانگەیەکی هونەری خۆشنووسی بۆ هونەرمەندی ناسراو محەمەد زادە کە یەکەمین جاربوو ئەم هونەرە بۆ نووسین و پیشاندانی وتە و ئاخاوتنەکانی بارزانیی نەمر و شیعری کوردی بەکاربێت. ئەمەش یەکەمین پێشانگەی هونەرمەند زادە بوو.

٣- پێشانگەیەکی هونەری شێوەکاری بۆ هونەرمەند ئاریان عەبدولخالق سەرسام کە یەکەمین پیشانگەی ئەم هونەرمەندە بوو.

٤- پێشانگەیەک بۆ وێنەی منداڵان لەلایەن هەردوو هونەرمەند یوسف عەبدولقادر و ئاریان سەرسام.

لە ماوەی پێنج ڕۆژی پێشانگەکەدا بە هەزاران کەس لە سیاسەتوانان و نووسەران و ڕۆشنبیران و کەسایەتی و قوتابی و لاوان روویان تێ کرد. بەئاخاوتنی زۆر لە بەڕێزان پیشانگەکە لە خۆپێشاندانێکی ڕۆشنبیری دەچوو. لە پێشانگەکەدا زیاتر لە ٣٠ هەزار دانە کتێب فرۆشرانەوە کە کۆی گشتیی نرخەکانیان گەیشتە ٥٦٠ هەزار دینار. بەڕێز وەزیری کاروباری ئەنجوومەنی وەزیران ڕێژەی لە سەدا بەنجای وەک داشکاندن بۆ فرۆشتنی کتێبەکان راگەیاند. بەم جۆرە نیوەی پاتی دیاریکراوی سەرەوە لەلایەن سەرۆکایەتیی حکوومەتەوە وەک هاوکاری بۆ خوێنەران پێشکێش کرا.

ئەوەی کە مایەی خۆشحاڵی بوو، ئەوەبوو لە ڕۆژی دووەمەوە بەهەزاران منداڵ و ئافرەت روویان لە پێشانگەکە کرد. هەندێک مامۆستای سەرەتایی و ناوەندی ژمارەیەکی زۆر لە قوتابییەکانیان لەگەڵ خۆیاندا هێنابوو. ئەمە یەکەمین جاربوو لە هەولێر بزووتنەوە و ئاهەنگیکی ڕۆشنبیری و هونەریی وا رووبدات.

ئەم روو تێ کردنە گەرمەی جەماوەر لە ئەدەب و ڕۆشنبیری و هونەر بوو بەمایەی کامەرانییەکی زۆر بۆ کارمەندانی دەزگای ئاراس. زۆربەی ئەو تێبینی و ئاخاوتنانەی لێرە لەم نامیلکەیەدا بڵاوکراونەتەوە برێتین لە یاداشتەکانی ڕۆژانی پێشانگەکە.

دوا بەدوای ئەمەش دەزگاکەمان پیشانگەیەکی تری لە بەهاری ٢٠٠٢ لە شاری دهۆکدا کردەوە. ئەمەش وەک پێشانگەکەی هەولێر دەنگدانەوە و بەپیرەوەهاتنێکی گەورەی لەناو جەماوەری خوێندەوارانی شاری دهۆکدا هەبوو. وێڕای ئەمانە، ئاراس لە ساڵی ٢٠٠١ و ٢٠٠٢ لە چەندان پیشانگەی تر لە هەولێر و سلێمانیدا بەشداریی کردووە.

خزمەتکردن بە وڵات و میللەت بەختەوەرییەکی گەورە بەمرۆڤ دەبەخشێ و، واتایەکی گەورە دەدا بەژیان. ئەمانە وا دەکەن هەست بەماندووبوون نەکەیت، یان هەندێک جار هەستی سەرکەوتن و دەسخۆشانەی دڵسۆزێک ماندووبوونەکانت پێ





لەبیر دەبەنەوە.

وەنەبێ لە دەزگای ئاراسدا کارکردنمان لە ساڵانی رابردوودا بێ گیروگرفت و سەرئێشەبووبێ. زۆرجار گیروگرفتی چاپخانە نارەحەتی کردووین. یان تەنگ پێ هەڵچنینی نووسەران و، پاڵەپەستۆیان بۆ ئەوەی بەرهەمەکانیان زوو بڵاوببێتەوە و، نۆرە بڕییان بۆ بکرێت بوونەتە مایەی نیگەرانیمان. هەندێک جاریش بەداخەوە کەسانێک بەهۆی چاوهەڵنەهاتن ویستوویانە بەرد بخەنە سەر ڕێگەی ئەم کاروانە و بیوەستێنن. بەڵام خۆشبەختانە پشتیوانییەکانمان بەهێزتربوونە لە پیلانەکان و تا ئێستە بەردەوامین لەم خزمەتە. سووربوونیشمان هۆیەکی تری بەردەوام بوونە.

جاربەجارێک هەندێک لە دڵسۆز و دڵپاکانی کەناڵەکانی راگەیاندن بەرهەمەکانی ئاراس دەخەنەڕوو، ئەگینا بەشێوەیەکی گشتی لە راگەیاندن گەمارۆ خراوەتە سەر کار و چالاکییەکانی ئاراس. ئەمەش کارێکی نالەباری کردووەتە سەر گەیاندنی یەکێک لە لایەنە گەشەکانی بزووتنەوەی ڕۆشنبیریی کوردی لە سایەی ئەزموونی خۆبەڕێوەبردنی گەلی کوردستان بەتایبەتی لە سایەی کابینەی چوارەمدا.

ئەوەی کە زیاتر دڵخۆشمان دەکات لەم دەزگایەدا، ڕێنوێنی و چاودێریی بەردەوامی سەرۆک مسعود بارزانی‌یە. نامەکانی سەرەتای ئەم نامیلکەیە بەشێکن لە پشتیوانیی بەڕێزیان بۆ ئێمە. هەروەها سەرپەرشتیی تەواوی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و هاوکاریکردنی بەردەوامی بۆ سەرکەوتنی دەزگاکە و دابینکردنی پێداویستییەکانی کارکردن بوونەتە دەستەبەری بەردەوام بوون و بەرەوپێش چوون. سوپاسی بێ رادەیان دەکەین و هیواداریین کە ڕۆشنبیری و هونەر و کولتووری کوردی لە ژێر سایەی ئەواندا هەر گەش و گەشاوە بێت.

نابێ پشتیوانیی بەردەوامی بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین وەزیری کاروباری ئەنجوومەنی وەزیران و خاوەن ئیمتیازی دەزگاکە لەبیر بکەین، سوپاسیان دەکەین و هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین.

ئیتر خەونە دێرینەکەی کوردە کە هاتووەتە دی و لەسەر ئاخی وڵاتی خۆیدا بەردی بناخەی پاشەڕۆژێکی رووناک دادەمەزرێنێ، بایەخ بەزیندووکردنەوەی کەلەپوور و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و خوێندەواری دەدات.

***

## چاپکراوەکانی دەزگای ئاراس

(١) هەڵکەوتی دیریکی لە کوردستاندا. دانانی: حوسێن حوزنی موکریانی.
(٢) سەروا. دانانی: د. عەزیز گەردی.
(٣) ژنی کورد بەستەم دەورە دراوە. دانانی: د. کوردستان موکریانی.
(٤) الحرب الكردية وإنشقاق ١٩٦٤.تأليف: ديڤيد ادامسن وجرجيس فتح الله.
(٥) رحلة الى رجال شجعان في كردستان. تأليف: دانا ادامز شمدت. ترجمة وتعليق: جرجيس فتح الله.
(٦) جمهورية مهاباد ـ جمهورية ١٩٤٦ الكردية. تأليف: وليم ايغلتن الابن. ترجمة وتعليق: جرجيس فتح الله.
(٧) كردستان أو الموت. تأليف: رينيه موربيس. ترجمة وتعليق: جرجيس فتح الله.
(٨) كرد وترك وعرب. تأليف: سي.جي. ادموندز. ترجمة وتعليق: جرجيس فتح الله.
(٩) طريق في كردستان. تأليف: أي.ام. هاملتن. ترجمة وتعليق: جرجيس فتح الله.
(١٠) ئەدەبی رووسی و کێشەی پاستیرناک. دانانی: د. مارف خەزنەدار.
(١١) لە پێناوی راستی و کورد و خانیدا. دانانی: محەمەدی مەلا کەریم.
(١٢) کۆچی سوور. رۆمانی: حەمە کەریم عارف.
(١٣) مساهمة علماء كردستان في الثقافة الاسلامية. تأليف: محمد زكي حسين.
(١٤) لە کوردستانی عێراقەوە هەتا ئەوبەری چۆمی ئاراس. نووسینی: مورتەزا زەربەخت. وەرگێڕانی لە فارسییەوە: شەوکەت شێخ یەزدین.
(١٥) فەرهەنگی کوردستان. دانانی: گیوی موکریانی.
(١٦) خاک و کێشەی مان. رۆمان: عەزیزی مەلای رەش.
(١٧) امارة بهدينان الكردية. تأليف: صديق الدملوجي. تقديم: د. عبدالفتاح علي بوتاني.
(١٨) المجتمع البشري لماذا يشبه مستشفى المجانين...؟. تأليف: مسعود محمد.
(١٩) جوایەز. بەرهەمی نۆ شاعیری هەولێری.
(٢٠) نەخشەی رۆنانی رێژەی کار لە زمانی کوردیدا. ئەندازیار د. شێرکۆ بابان.
(٢١) زریزەی زێڕین. دانانی: محەمەد سالح ئیبراهیمی.
(٢٢) شێخ رەزای تاڵەبانی شاعیری گەورەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. دانانی: ئەحمەد تاقانە.
(٢٣) خۆبیوون و شۆڕشی ئاگری. دانانی: رۆهات ئالاکۆم. وەرگێڕانی: شوکور مستەفا.





(٢٤) عەبدورەزاق بەدرخان. دانانی: جەلیلێ جەلیل. گۆڕینی بۆ کوردی باشوور: شوکور مستەفا.
(٢٥) القومية الكردية و د. عبدالله جودت في مطلع القرن العشرين. تأليف: مالميسانژ. ترجمة: شكور مصطفي.
(٢٦) کۆمەڵناسیی گەلی کورد. دانانی: مارتن ڤان برووین سن. وەرگێڕانی: شوکور مستەفا.
(٢٧) هەڵبژاردنەکانی کوردستان. دانانی: بەدران ئەحمەد.
(٢٨) تنوع الكرد في العراق ـ مدخل الي السياسة. تاليف: سامي شورش.
(٢٩) هەڵەبجە ـ کارەساتی کیمیابارانی ساڵی ١٩٨٨. دانانی: هەورامان عەلی توفیق.
(٣٠) گاڵتە بەچەک. رۆمان ـ نووسینی: جێمس ئۆڵدرج. وەرگێڕانی: د. عەزیز گەردی.
(٣١) لە مۆرکە تایبەتییەکانی رێزمانی کوردی. دانانی: د. شێرکۆ بابان.
(٣٢) بەرەو رێزمانی کوردی، بەرەو زمانی نووسین. دانانی: د. شێرکۆ بابان.
(٣٣) نادرنامەی ئەڵماس خانی کەڵهوڕ. ئامادەکردنی: شوکور مستەفا.
(٣٤) نظام الأناضول الشرقية. تاليف: اسماعيل بيشكچي. ترجمة: شكور مصطفى.
(٣٥) سینتاکسی رستەی کوردی. د. کوردستان موکریانی.
(٣٦) فەرهەنگی شارەزوور. کوردی– ئینگلیزی. دانانی: د. شەفیق قەزاز.
(٣٧) الصراعات الدولية. تأليف: محمد احسان رمضان.
(٣٨) مەلا مەحموودی بایەزیدی یەکەمین چیرۆکنووس و پەخشاننووسی کورد. دانانی: د. فەرهاد پیربال.
(٣٩) گێتی زیندەوەر. دانانی: عەلائەدین سەجادی.
(٤٠) مێژووی پەخشانی کوردی. دانانی: عەلائەدین سەجادی.
(٤١) دیوانی شێخ رەزای تاڵەبانی. ئامادەکردنی: شوکور مستەفا.
(٤٢) كردستان ودوامة الحرب. تأليف: محمد احسان رمضان.
(٤٣) رۆمانی رێگا. دانانی: محەمەد مەولوود مەم.
(٤٤) مقالات حول القضية الكردية. تأليف: فوزي الأتروشي.
(٤٥) حياتي الكردية أو صرخة الشعب الكردي. مذكرات: نورالدين زازا.
(٤٦) بۆ کوردستان. دیوان: هەژار موکریانی.

(٤٧) جنوب كردستان في الدراسات الانثروپولوجية. ترجمة: جرجس فتح الله.
(٤٨) مهد البشرية او الحياة في شرق كردستان. تأليف: دبليو. أي . ويگرام وادگار. تي. أي. ويگرام. ترجمة: جرجيس فتح الله.
(٤٩) مبحثان على هامش ثورة الشيخ عبيدالله النهري. تأليف: جرجس فتح الله.
(٥٠) أيامي في ثورة كردستان. مذكرات: يونان هرمز.
(٥١) لقاء الكرد واللان في بلاد الباب وشروان. تأليف: جمال رشيد.
(٥٢) ئاوەدانكردنەوەی كوردستان لە ساڵێكدا- چالاكییەكانی كابینەی چوارەمی حكوومەتی هەرێمی كوردستان لە ساڵی ٢٠٠٠دا و پلانەكانی بۆ داهاتوو.
(٥٣) گۆڤاری رووناكی. ئامادەكردن و پێشەكی: د. كوردستان موكریانی.
(٥٤) مێژووی ئەدەبی كوردی. بەرگی یەكەم. دانانی: د. مارف خەزنەدار.
(٥٥) شازادە چكۆلە. ڕۆمانی مێرمندالآن. نووسینی: سەنت ئێگزوپێری. وەرگێڕانی: ئاسۆ عەبدوڵڵا حەسەن زادە.
(٥٦) حەمكێ توڤی. دانانی: د. مەسعود كتانی.
(٥٧) حەیران. دانانی: غەفوور مەخمووری
(٥٨) گەشتێک بە كۆماری مەهاباددا. بیرەوەری: رەئیس بەكر عەبدولكەریم حەوێزی.
(٥٩) نظام الأناضول الشرقية.الجزء الثاني. تاليف: اسماعيل بيشيكچي. ترجمة: شكور مصطفى.
(٦٠) فەرهاد و شیرین. شانۆنامە: نازم حیكمەت. و. لە توركییەوە: ئەحمەد تاقانە.
(٦١) تۆفیق فیكرەت و شاعیرە نوێخوازەكانی كورد. دانانی: ئەحمەد تاقانە.
(٦٢) گەڕیان ل بابێ بەرزە. رۆمان: ئەنوەر محەمەد تاهیر.
(٦٣) بەرصیصێ عابید. فەقیێ تەیران. بلاوكردنەوەی: عەبدولڕەقیب یوسف.
(٦٤) احداث عاصرتها. ذكريات محسن دزه يي.
(٦٥) پەروین و دوو سمۆرەی بەدفەڕ. چیرۆک بۆ مندالآن. یوسف عەبدولقادر.
(٦٦) كۆمەڵە مشكێک. چیرۆک بۆ مندالآن. یوسف عەبدولقادر.
(٦٧) رجال و وقائع. جرجيس فتح الله.
(٦٨) الابستاه - كتاب ڤنديداد الزرادشتية. نقله من الفرنسية:الدكتور دواد الچلبي. تقديم جرجيس فتح الله.
(٦٩) بەشێک لە دیوانی مەجزووب: كۆكردنەوە و لێكدانەوەی حەكیم مەلا ساڵح.
(٧٠) گەلاوێژی كوردستان (كەلیلە و دیمنە بەكوردی). وەرگێڕانی لە فارسییەوە: حاجی مەلا كەریمی زەنگەنە. پێشەكی: د. محەمەد نووری عارف.





(٧١) مێژووی شانۆ لە ئەدەبیاتی كوردیدا لە كۆنەوە تا ساڵی ١٩٥٧ ، دانانی: د. فەرهاد پیرباڵ.
(٧٢) درامای كوردی لەناو درامای جیهاندا. دانانی: حەمە كەریم هەورامی.
(٧٣) شێخ رەزای تاڵەبانی. ژیانی، پەروەردەی، بیروباوەڕی و شیعری. دانانی: د. مكرم تاڵەبانی.
(٧٤) مەحوی لە نێوان زاهیریيەت و باطینییەت و سەرچاوەكانی عیشق و وێنەی مەعشوقدا. دانانی: ئەحمەدی مەلا.
(٧٥) مەولەوی: ژیان و بەرهەمی. محەمەدی مەلا كەریم.
(٧٦) رحلة الى كردستان في بلاد مابين النهرين. ترجمة: د. يوسف حبي.
(٧٧) گۆرانیبێژە نەمرەكان. دانانی: باكوری.
(٧٨) رەشید نەجیب: ژیانی و بەرهەمی. ئومێد ئاشنا.
(٧٩) رۆژژمێری رۆمی. دانانی: ئەحمەد تاقانە.
(٨٠) الدولة الدوستكية في كردستان الوسطى. ج٢ . عبدالرقيب يوسف.
(٨١) مأساة بارزان المظلومة. بقلم: معروف چياووك. تقديم: سامي شورش.
(٨٢) كردستان والكورد. الحركة القومية والزعامة السياسية. إدريس بارزاني... نموذجاً. سامي شورش.
(٨٣) بارزانی: لە مەهابادەوە بۆ ئاراس. وەرگێڕانی شەوكەت شێخ یەزدین.
(٨٤) الكاتب الكردي قدري جان (١٩١١-١٩٧٢) قصص ومقالات، شعر وترجمة. جمع واعداد: دلاور زنگي. ترجمة: هورامي يزدي، دلاور زنگي.
(٨٥) ئەشكی باوان: بەرهەمی بلاونەكراوەی كامەران موكری.
(٨٦) پیرەمێرد و پێداچوونەوەیەكی نوێی ژیان و بەرهەمەكانی. بەرگی یەكەم. ئومێد ئاشنا.
(٨٧) پیرەمێرد و پێداچوونەوەیەكی نوێی ژیان و بەرهەمەكانی. بەرگی دووەم. ئومێد ئاشنا.
(٨٨) مەحوی. بەشێک لە بابەتەكانی فیستیڤاڵی مەحوی. هەولێر ٢٨- ٣٠ ئاب ٢٠٠١ ژمارەیەک لێكۆڵەوە و نووسەران.
(٨٩) نێرییەكی قۆچ درێژ. چیرۆک بۆ مندالآن. نووسینی: حاجی مەمۆ.
(٩٠) كەڵەشێر و ڕێوییە پیرەكە. چیرۆک بۆ مندالآن. وەرگێڕانی: عەزیز هەریری.

(٩١) گرنگترین قەڵەم. چیرۆک بۆ منداڵان. وەرگێڕانی: بەدران ئەحمەد حەبیب.
(٩٢) میر ئیڤان و گورگە بۆر. چیرۆک بۆ منداڵان. وەرگێڕانی: بەدران ئەحمەد حەبیب.
(٩٣) چیرۆکی ئەستێرەکان. چیرۆک بۆ منداڵان. وەرگێڕانی: ناز فەلەکەدین کاکەیی.
(٩٤) کلیلداران. شانۆگەری. نووسینی: میلان کوندێرا. وەرگێڕانی: ئازا حەسیب قەرەداخی.
(٩٥) كرونولوجية اربيل. مشيحا زخا. ترجمة وتعليق: عزيز عبدالأحد نباتي.
(٩٦) لە ستایشی ئەدەبدا. کۆمەڵێک وتار. وەرگێڕانی: شێرزاد حەسەن.
(٩٧) وەرزێک لە دۆژ و دروشانەوە. شیعر: ئارتۆر رامبۆ. وەرگێڕانی: ئەحمەدی مەلا.
(٩٨) گوڵی خراپە. شیعر: بۆ دلێر. وەرگێڕانی: ئەحمەدی مەلا.
(٩٩) جوایەز ٢: بەرهەمی کۆمەڵێک شاعیر. بەسەرپەرشتی: ع.ع. یوسف.
(١٠٠) فەرهەنگی باڵندە. دانانی: ئەحمەد بەحری.
(١٠١) وەبیرم دێنۆ. دانانی: عەقیلە ڕواندزی.
(١٠٢) بەردی هەتاو. شیعر: ئۆکتاڤیۆ پاث. وەرگێڕانی: ئەحمەدی مەلا.
(١٠٣) بارانی سلێمانی. بەرهەمە بلاونەکراوەکانی شاعیر محەمەد سالح دیلان. ئامادەکردنی: ئومێد ئاشنا.
(١٠٤) المسألة الكوردية في العلاقات التركية الإيرانية. تأليف: روبرت أولسن. ترجمة وتعليق: محمد إحسان رمضان.
(١٠٥) ئەفسانەکانی خۆرهەڵات. یۆری گراسنی. وەرگێڕانی: غەریب پشدەری.
(١٠٦) الرواية الكردية. تأليف: عبدالرحمان پاشا.
(١٠٧) پینۆکیۆ. چیرۆک بۆ منداڵان. یووسف عەبدولقادر.
(١٠٨) جوانێکی نوستوو. چیرۆک بۆ منداڵان. یووسف عەبدولقادر.
(١٠٩) دیوانی شێخ شەمسەدینێ قوتبێ ئەخلاتی.
(١١٠) دیوانی شێخ مەمدوحێ ئەخلاتی‌یێ بریفکانی.
(١١١) مذكرات بنڤنوتو چلليني. ترجمة وتعليق: جرجيس فتح الله.
(١١٢) المجتمع الكردي في المنظور الإستشراقي. تأليف: د. بدرخان سندي.
(١١٣) مارەکەیان بکوشتایە. رۆمان: یەشار کەمال. وەرگێڕانی: ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل.
(١١٤) سەردەمی بێ تاوانی. شانۆنامە. دکتۆر قوتبەدین سادقی. وەرگێڕانی لە فارسییەوە نەجیبە ئەحمەد.
(١١٥) كركوك في العصور القديمة. الدكتور جمال رشيد أحمد
(١١٦) نامەکانی مەم. محەمەد مەولوود مەم.
(١١٧) نووسین و پەخشان و وەرگێڕاوەکانی گۆران. ئومێد ئاشنا- کۆی کردووەتەوە و ڕێکی خستووە و پێشەکیی بۆ نووسیوە.
(١١٨) ماڵئاوایی لە چەک. رۆمان. ئێرنست هێمنگوای. عەبدولخالق ئەحمەد عەزیز لە ئینگلیزییەوە کردوویەتی بەکوردی.
(١١٩) سانتیاگۆ دی کۆمپۆستێلا Santiago De Compostela -ڕۆمان. فەرهاد پیرباڵ.
(١٢٠) مەلی ئاوات. سێ شانۆنامە. وەرگێڕانی: محەمەد فەریق حەسەن.
(١٢١) فەرهەنگی خەم. سەرجەمی شیعرەکانی. حەسیب قەرەداخی-بەرگی یەکەم.
(١٢٢) فەرهەنگی خەم. سەرجەمی شیعرەکانی حەسیب قەرەداخی-بەرگی دووەم.
(١٢٣) ساڵنامەی کوردستان-دەزگای ساڵنامەی کوردی. پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین.
(١٢٤) الجبل والسهل قصص قصيرة. محي الدين زەنگەنە.
(١٢٥) كوردستان العراق-آراء ومواجهات إعلامية بقلم: فوزي الأتروشي.
(١٢٦) مستەفا بارزانی لە هەندێک بەڵگەنامە و دۆکیومێنتی سۆڤیەتیدا ١٩٤٥-١٩٥٨ تۆمارێکی زێڕین لە مێژووی گەلی کورد. د. ئەفراسیاو هەورامی.
(١٢٧) تحولات. ناصر يوسف.
(١٢٨) کوردستان لە ساڵی ٢٠٠١دا. چالاکییەکانی کابینەی چوارەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠١دا. ئامادەکردنی: بەدران ئەحمەد حەبیب + هەڵمەت حەمید.
(١٢٩) کوردستان: دیوانا شێخ مەمدووحێ بریفکانی. ئامادەکردنی: زاهد بریفکانی.
(١٣٠) زبانێ کوردی: دیوانا شێخ نوورەدینێ بریفکانی. ئامادەکردنی: زاهد بریفکانی.
(١٣١) دیدارێ یار: دیوانا شێخ شەمسەدینێ قوتبێ ئەخلاتییێ بریفکانی. ئامادەکردنی: زاهد بریفکانی.
(١٣٢) وفادة الى المنطقة المحررة. يونان هرمز.
(١٣٣) نناشد صلاح الدين... أم نحاسب أنفسنا؟ إستجواب قائد بعد ثمانمائة سنة. حوار مع الأستاذ الدكتور مُحسن محَّمد حُسَين. أجراه: بدران أحمد حبيب
(١٣٤) يقظة الكرد. جرجيس فتح الله.

(١٣٥) گەڕان بەدوای نەمرییدا. مەولود ئیبراهیم حەسەن.
(١٣٦) حملە الأنفال فی کردستان العراق. تدمیر قریە کوریمی. ترجمە د. رزگار
(١٣٧) شیعری ئینگلیزی. بەرگی یەکەم: شیعری سەدەی بیستەمی بریتانیا. هەڵبژاردن و وەرگێڕان: ئومێد وەرزەندە، بەختیار سەجادی.
(١٣٨) دیاردەگەرایی تاراوگە. ڕێبوار سیوەیلی.